
# هەڵوێست و دەستکەوتەکان

وتارو دیمانەو وتەکانی سەرۆك مسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠٠٦دا ناوەرۆکی بەرگی دووەمی کتێبی(هەڵوێست و دەستکەوتەکان)ە لە ئامادەکردنی سیروان عوسمان، هەروەك نووسەر ئاماژەی پێ دەکات، ساڵی ٢٠٠٦ بۆ عێراقی نوێ بە وەرچەرخانێکی گرنگ و کاریگەر لە رەوتی ژیان و گوزەرانی ئازادی عێراقییەکان بەرەو بنیاتنانی دوارۆژێکی گەش و لەبار دادەنرێت، بۆ ئێمەی کوردیش دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری سەدام، قۆناغێکی بنیادنەرو لەبارتری بۆ رەخساندنی ماف و داخوازییەکان هێنایە ئاراوە.

لە بەشێکی دیکەی پێشەکیی ئەم کتێبەدا نووسەر دەڵێت: لە بەرانبەر ئەوەدا بیرمەندی سیاسیی کورد سەرۆك مسعود بارزانی بە حیکمەت و بوێری و راشکاوییەوە خەبات و هەڵوێستی داکۆکی لە مافەکانی کوردستانی درێژەپێدا، کارتێکردنی ئەم خەبات و هەڵوێستانە، قۆناغ لەدوای قۆناغ دەستکەوتی زیاتری بەدوای خۆیدا دەهێناو پێگەی کوردی لە ناوەندەکانی ناوخۆو دەرەکیدا بەهێزتر کرد. هەر لە درێژەی نووسینەکەدا (سیروان عوسمان) ئاماژە بەوە دەکات کە پرۆژەی دەستوور کە عێراقییەکان لەمیانی پرۆسەیەکی گشتیی راپرسیدا لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ پەسندیان کرد، بەشێکی گرنگ لەناو ماف و ئامانجەکانی گەلی کوردستان شەرعییەتی چەسپاندیان پێبڕا. لەدرێژەی ئەم پێشەکییەدا باس لەوە دەکات کە لە وێستگەیەکی دیکەی گرنگ و کاریگەردا لە ٢٠٠٥/١٢/١٥ پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل بۆ پەرلەمانی عێراق ئەنجامدرا. لە دوا وتەکانیدا دەنووسێت: پێش من مستەفا سەلیم پشدەری بەرگی یەکەمی(هەڵوێستەکان ... دەستکەوتەکان) بەو ناونیشانە چاپکردبوو، بۆیە بەپێویستم زانی بەرگی دووەم بە هەمان ناوونیشان ( وتارو دیمانەو وتەکانی سەرۆك مسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠٠٦دا) بە چاپ بگەیەنم.

دەستخۆشی لە نووسەر سیروان عوسمان دەکەین.. ئومێدەوارین کە بەم بەرهەمە بەپێزەی کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کردبێت.. هیوای سەرکەوتن و داهێنانی بەردەوامی بۆ دەخوازین.


هەڵوێست و
دەسکەوتەکان
وتار و دیمانە و وتەکانی سەرۆک بارزانی
لە (ساڵی ٢٠٠٦) دا
بەرگی دووەم
ئامادەکردنی:
سیروان عوسمان




دکتۆر ئەحمەد سەفار:



## سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا دەرگایەکی دیکەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کردەوە

کۆری زۆلی:




## هەندێ بەرەوپێشچوونی ئیجابی لە ناوچەکەدا بەدی دەکرێت

د.نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید



## بۆچی بە کابینەی نۆیەم دەوترێت کابینەی چاوەڕوانکراو؟

د.عەرەفات کەرەم ستونی



## ئیسلامی سیاسی لە جەزائیر

جیم سپێرلینگ:



## ترەمپ باوەڕێکی هەڵەی هەیە، کە پێی وایە لە بواری بازرگانیی نێودەوڵەتیدا دەبێت براوە و دۆڕاو هەبێت


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی



بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com



چاپخانا خانی - دهۆك

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com

رۆبەرت لۆرەنس:


## سیاسەتەکانی ترەمپ هەڕەشەن لەسەر سیستمی بازرگانیی جیهانی



## بارودۆخی ئافرەتان و منداڵانی کەرکووک لە مەترسیدایە



## پرۆگرامێک بۆ دابەزاندنی فیلم لە ئینتەرنێت




## خواردنی زیاتر لە دوو هێلکە رۆژانە زیانبەخشە



سانا ساڵح :

## لە چاو ساڵانی پێشوو گەنج و پیر بە شێوەیەکی باش روویان لەم وەرزشە کردووە



دیانا حەداد :

## لە ئێستادا دەنگی خۆش و دەگمەن کە دیار و بەرچاو بن زۆر نین







### حوکمڕانیی باش لە قۆناخی پۆست لیبڕاڵیزمدا

# بەهێزکردنی کەرتی تایبەت لە چوارچێوەی سیاسەتی ئابووریی نیشتمانیدا

کێشەی سەرەکیی نێوان چەمکی ناسیۆنالیزم و لیبڕاڵ دیموکراتی، کێشەی پێناسەکردنی هەردوو چەمکی (هاووڵاتی و تاك)ـە، لەگەڵ ئەوەی لە بنەڕەتیشدا سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی بە دەنگی هاووڵاتیان دادەمەزرێت و لە سیاسەتی حوکمڕانییشدا نوێنەرایەتی خواست و داواکاریی هاووڵاتیان دەکات، نەك تاك، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی لیبڕاڵ دیموکراتیی رۆژئاوا (یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا) بەنیازی ئەوە بوون کە ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی لە سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی بکەنەوە و وەك ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی پێناسەی سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی بکەنەوە، بۆیە تاکگەرایی (Individualism) کرایە بنەما و هەندێك چەمکی هاووڵاتیبوون (citizenship) کاڵ کرایەوە.

عەبدولکەریم سرووش بیرمەندی ئێرانی و جیهانی، سەبارەت بەو زمانەی سیستمی دیموکراتی لە حوکمڕانیدا قسەی پێدەکات، دەڵێت: « لەلایەن زانکۆی هارڤاردەوە بانگهێشت کرام بۆ ئەوەی چەند وانەیەك سەبارەت بە نزیکیی دیموکراتی و ئیسلام بڵێمەوە، بەڵام من پێمگوتن هەرگیز ناتوانرێت لێکنزیکبوونەوە لە نێوان دیموکراتی و ئیسلام دروست بکرێت، لەبەر ئەوەی بە زمانی دیموکراتی ماف (Right)ـە و بە زمانی ئایینیش (هەر ئاینێك بێت) پابەندبوون (Obligation)ـە..» ئەم قسەیەی سرووش ئەوەمان پێ دەڵێت، تاك (ئەوجا ئەو کەسە هاووڵاتی بێت، یان هاووڵاتی نەبێت) لە سیستمی دیموکراتیی رۆژئاوادا هەموو مافێکی وەك (مرۆڤ) هەیە، تەنیا مافی هاووڵاتیبوون نەبێت، بۆیە هەر تاکێك (هاونیشتمانی بێت، یا بیانی) هەتا رەگەزنامەی ئەو وڵاتەی نەبێت، مافی بەشداری لە هەڵبژاردندا نابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە مافی ئەوەی نابێت بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی دەوڵەتدا بکات، هەر بۆیەشە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا حزبە سیاسییەکان بەرنامەی خۆیان بۆ هاووڵاتیان دادەڕێژن، نەك تاك. لەمەش زیاتر ئێستا هەوڵێکی چڕ لەئارادایە بۆ ئەوەی مافی خۆپاڵاوتن لەو هاووڵاتیانەش بسەننەوە کە بە رەگەز هاووڵاتیی رەسەنی ئەو وڵاتە نین، هەتا ئەگەر ئەو هاووڵاتییە نەوەی دووەم و سێیەمی نیشتەجێی ئەو وڵاتەش بێت، بەڵام دایك و باوکی نەتەوەی ئەو وڵاتە نەبووبێت.

جیاوازیی نێوان هەردوو چەمکی (هاووڵاتی و تاك) ئەوەیە، تاك مافی هەیە، بەڵام لە بەرامبەردا ئەرکی پاراستنی وڵاتی ناکەوێتە سەرشان و هەتا نەبێت بە هاووڵاتی ناتوانێت ببێتە سەرباز و بچێتە ناو سوپاوە، بەڵام هاووڵاتی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتمانی، یان نەتەوەییدا، پاراستنی نیشتمانەکەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت، هەتا ئەگەر دەوڵەت هەموو مافەکانیشی بۆ دابین نەکردبێت، ئامادەیە ملکەچی یاسای زۆرەملێی سەربازی بێت، کە وەك پرانسیپ بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی دانراوە، بەڵام تاك، هەتا ئەگەر هەموو مافەکانی مرۆڤیشی بۆ دەستەبەر کرابێت، ئەوا ناچار نییە ئەو ئەرکە قورسە بخاتە سەرشانی خۆی و پاراستنی دەوڵەتە نەتەوەییەکەی لا مەبەست نییە، هەر بۆیەشە وەك لەم چەند ساڵەی دواییش لە وڵاتی خۆشمان بینیومانە، بەپلەی یەکەم پاراستنی کوردستان لەسەر شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە و خەڵکانێکی زۆریش کە وەك تاك لە کوردستان بوون، لەوانەیە لەکاتی شەڕی دژی داعش و گەمارۆکانی بەغدا بۆ سەر کوردستان ئەم وڵاتەیان بەجێهێشتبێت.

ئەوجا لەبەر ئەوەی هاووڵاتی ئەرکی پاراستنی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت و ئامادەیە لە پێناوی مانەوەی شکۆی ئەو دەوڵەتە قوربانی بە گیانی خۆی بدات و حکومەت و حوکمڕانییش هەر بەدەنگی ئەو دادەمەزرێت و دەبێت نوێنەرایەتی راستەقینەی هاووڵاتیانی بکات، ئەوا ئەم ئاراستەیە فەرزی دەکات کە دەبێت سیاسەتی حوکمڕانی (کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت)، سیاسەتێکی لۆکاڵی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت و وەڵامدەرەوەی خواست و داواکاریی هاووڵاتیانی خۆی بێت.

گەورەترین کێشە کە ئێستا بەرگە گلۆباڵییەکەی لیبڕاڵیزم تووشی دیموکراتییەتی لیبڕاڵی کردووە، ئەوەیە کە بەها بەرزەکانی کەرتی تایبەتی لەسەر بنەمای ئابووریی نیشتمانی گۆڕیوە بۆ کەرتی تایبەت لەسەر بنەمای ئابووریی گلۆباڵی، ئەم وەرچەرخانە

جیاوازیی نێوان هەردوو چەمکی (هاووڵاتی و تاک) ئەوەیە، تاک مافی هەیە، بەڵام لە بەرامبەردا ئەرکی پاراستنی وڵاتی ناکەوێتە سەرشان و هەتا نەبێت بە هاووڵاتی ناتوانێت ببێتە سەرباز و بچێتە ناو سوپاوە، بەڵام هاووڵاتی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتمانی، یان نەتەوەییدا، پاراستنی نیشتمانەکەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت، هەتا ئەگەر دەوڵەت هەموو مافەکانیشی بۆ دابین نەکردبێت

وەک لەم چەند ساڵەی دوایی لە وڵاتی خۆمان بینیومانە، بەپلەی یەکەم پاراستنی کوردستان لەسەر شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە و خەڵکانێکی زۆریش کە وەک تاک لە کوردستان بوون، لەوانەیە لەکاتی شەڕی دژی داعش و گەمارۆکانی بەغدا بۆ سەر کوردستان ئەم وڵاتەیان بەجێهێشتبێت

گەورەترین کێشە کە ئێستا بەرگە گلۆباڵییەکەی لیبڕاڵیزم تووشی دیموکراتییەتی لیبڕاڵی کردووە، ئەوەیە کە بەها بەرزەکانی کەرتی تایبەتی لەسەر بنەمای ئابووریی نیشتمانی گۆڕیوە بۆ کەرتی تایبەت لەسەر بنەمای ئابووریی گلۆباڵی

نەك هەر بۆتە هۆكاری ئەوەی كە سیستمی لیبراڵ دیموكراتی بەرگە نیشتمانی و نەتەوەیەكەی لێ بكرێتەوە، بەڵكو تەواوی ئەو بنەمایانەی گۆڕیوە كە كەرتی تایبەت دەكاتە بنەمای دەوڵەتی خۆشگوزەرانی (Wel-fare State) بۆ هاووڵاتیانی، فەلسەفەی دەوڵەتی خۆشگوزەران كە لە بنەڕەتدا بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەییە و لەسەر پێشنیاری (ئۆتۆن فون بسمارك) باوكی نەتەوەیی ئەڵمان هاتۆتە دامەزراندن، لەپێناوی ئەوە بووە كە هاووڵاتی هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی بكات و دووربكەوێتەوە لەو چەمكە گلۆباڵیەی كە ئەو كات فیكری كۆمۆنیستی بانگەشەی بۆ دەكرد و ئامانجی بوو لەژێر دروشمی (كریكارانی جیهان یەك بگرن) پێناسەی هاووڵاتیبوونی لە كرێكاران دەكردەوە و دەیكردنە تاكێك بەناوی (پرۆلیتاریا)، ئێستاش سیستمی لیبراڵی لە بەرگە گلۆباڵییەكەیدا تووشی هەمان نەخۆشیی كۆمۆنیستی جیهانی سەدەكانی رابردووە و ئاكامیشی وەك ئێستا سەرەتاكانی دەركەوتووە، هەر وەك یەكێتی سۆڤیەتی پێشان دەبێت و، سەرەنجام هەر دەبێت (حوكمڕانیی باش) بگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتمانی و نەتەوەیی.

لەم چوارچێوەیەدا حكومەت و حوكمڕانی لە هەرێمی كوردستانیشدا كە ئێستا بە دیفاكتۆ وەك دەوڵەتێكی بێدەنگ پێناسە دەكرێت، كەوتۆتە ژێر كاریگەرییە نەرێنییەكانی ئاراستە گلۆباڵییەكەی (ئابووریی بازاڕ)، ئەمەش بۆتە هۆكاری ئەوەی كە نەتوانین ژێرخانێكی پتەو بۆ (ئابووریی بازاڕ) لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ خۆمان بونیادبنێین، هەر بۆیە وێڕای ئەوەی وەك حكومەت لەسەر ئاستی سیاسەتی ئابووری پەیڕەوی ئابووریی بازاڕ دەكەین و بوارێكی فراوان دراوەتە كەرتی تایبەت، بەڵام ئەم كەرتە تایبەتە نەیتوانیوە ئەركی سەرشانی حكومەت سووك بكات، بەڵكو لە زۆر حاڵەتدا كەرتی تایبەت ئەركی سەرشانی حكومەتی قورستر كردووە، لەم حاڵەتەشدا دەبێت حكومەتی هەرێمی كوردستانیش وەك تەواوی حكومەتەكانی وڵاتانی جیهان هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ئاستێك بۆ كاریگەرییە نەرێنییەكانی ئاراستەی گلۆباڵی (ئابووڕیی بازاڕ) دابنێت و رێگە نەدات ئەو ئاراستە نەرێنییانە ژێرخانی ئابووریی نیشتمانی بپووكێنێتەوە.

## • سیاسەتێكی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ بەهێزكردنی كەرتی تایبەت

ئۆلریش بیك بیرمەندی ئەڵمانی لە كتێبی (كۆمەڵگەی مەترسیدار - Risk society)، جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە: (مرۆڤایەتی چۆن بە رێگەی كرانەوەی سنوورەكان سوودێكی زۆر باش لە دیاردەی گلۆبالیزم دەبینێت، بە هەمان ئاستیش رووبەڕووی مەترسییەكانیش دەبێتەوە و ناتوانێت سنوورەكانی بە رووودا دابخات)، هەمان بیرمەند لە كتێبی (دەسەڵات و دژە دەسەڵات)، ئاماژە بە لافیتەیەكی خۆپیشاندەرانی دژە گلۆبالیزم دەكات كە لەسەری نووسراوە: «فەرمانڕەواكانمان هەڵدەبژێرین، بەڵام ناتوانن فەرمانڕەواییمان بكەن.» بێگومان ئەم دوو نموونەیە گونجاون بۆ ئەوەی بیكەینە دەروازە و شرۆڤەی كاریگەرییە نەرێنییەكانی ئاراستەی گلۆباڵی ئابووریی بازاڕ لە سایەی شۆڕشی پیشەسازی چوارەمدا بكەین.

ئۆلریش بیك كتێبی (كۆمەڵگەی مەترسیداری) لە ساڵی ١٩٩٢ نووسیوە و كتێبی (دەسەڵات و دژە دەسەڵات)ی لەساڵی ٢٠٠٥ نووسیوە و، پێشبینیكردنی بۆ مەترسییەكانی كاریگەرییە نەرێنییەكانی دیاردەی گلۆبالیزم هاوكاتە لەگەڵ پێشبینییەكانی سامۆئیل هنتنگتن بۆ (پێكدادانی شارستانیەتەكان)، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی پێشبینییەكانی هەردووكیان دوو ئاراستەی جیاوازن بۆ چەند دەرهاویشتەیەكی جیاوازی كاریگەرییە نەرێنییەكانی دیاردەی گلۆبالیزم، هەروەها جارێكی دیكە لە ساڵی ٢٠٠٤ و دوای كارەساتی ١١ی سێپتەمبەر، هنتنگتن كتێبی (ئێمە كێین؟)ی بڵاوكردەوە و لەو كتێبەدا بە توندی هۆشداری دەداتە گەلی ئەمریكا، بەوەی كە ئەگەر بەو شێوەی ئێستا بیربكەنەوە، ناتوانن حوكمڕانیی خۆیان بكەن و ئەمریكاشیان لەدەست دەچێت، بۆیە پێش ١٥ساڵ داوا دەكات، جارێكی دی ئاڵای ئەمریكا هەموو ئەمریكییەكان پێكەوە كۆبكاتەوە. دیارە ئەوەی ترەمپ لە ساڵی ٢٠١٦ كردی بە دروشم و

فەلسەفەی دەوڵەتی خۆشگوزەران كە لە بنەڕەتدا بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەییە و لەسەر پێشنیاری (ئۆتۆن فون بسمارك) باوكی نەتەوەیی ئەڵمان هاتۆتە دامەزراندن، لە پێناوی ئەوە بووە كە هاووڵاتی هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی بكات و دووربكەوێتەوە لەو چەمكە گلۆباڵیەی كە ئەو كات فیكری كۆمۆنیستی بانگەشەی بۆ دەكرد

حكومەت و حوكمڕانی لە هەرێمی كوردستانیشدا كە ئێستا بە دیفاكتۆ وەك دەوڵەتێكی بێدەنگ پێناسە دەكرێت، كەوتۆتە ژێر كاریگەرییە نەرێنییەكانی ئاراستە گلۆباڵییەكەی (ئابووریی بازاڕ)، ئەمەش بۆتە هۆكاری ئەوەی كە نەتوانین ژێرخانێكی پتەو بۆ (ئابووریی بازاڕ) لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ خۆمان بونیادبنێین

وێڕای ئەوەی وەك حكومەت لەسەر ئاستی سیاسەتی ئابووری پەیڕەوی ئابووریی بازاڕ دەكەین و بوارێكی فراوان دراوەتە كەرتی تایبەت، بەڵام ئەم كەرتە تایبەتە نەیتوانیوە ئەركی سەرشانی حكومەت سووك بكات، بەڵكو لە زۆر حاڵەتدا كەرتی تایبەت ئەركی سەرشانی حكومەتی قورستر كردووە

**دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەک تەواوی حکومەتەکانی وڵاتانی جیهان هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ئاستێک بۆ کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئاراستەی گلۆباڵی (ئابووریی بازاڕ) دابنێت و ڕێگە نەدات ئەو ئاراستە نەرێنییانە ژێرخانی ئابووریی نیشتمانی بپووکێنێتەوە**

**ئەو ئومێدەی خەڵکی کوردستان بە کابینەی داهاتوو لەسەر بناخەیەک سەرچاوەی گرتووە کە ئەو ئیرادەیەی کوردستانی لە قەیران و نەهامەتییەکان پاراست، دەشتوانێت بەڵێنەکانی داهاتووی جێبەجێ بکات**

**دوو ئەولەوییەتی گرنگی کارەکانی کابینەی داهاتوو بچووککردنەوەی قەوارەی حکومەت و زیادکردنی سەرچاوەی داهات و کەمکردنەوەی بودجەی بەکاربەرە لەگەڵ بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و کردنی کەرتی تایبەت بە سەرچاوەی دۆزینەوەی هەلی کار**

هەڵبژاردنەکانی پێ بردەوە، ١٢ ساڵ پێش ئەوە هنتنگتن هەڵوەستەی لەسەر کردبوو، هەر لەسەر ئەم دیاردەیە ئۆلریش بیکیش لە ساڵی ٢٠٠٥ کتێبی (دەسەڵات و دژە دەسەڵات)ی بڵاوکردەوە، جیاوازیی بۆچوونەکانی بیك لەگەڵ هنتنگتن ئەوەیە، هنتنگتن لە ٢٠٠٤ تەنیا هۆشداری بە گەلی ئەمریکا دا، وەك کاردانەوەیەك بۆ دووبارەنەبوونەوەی کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر، بەڵام بیك لەو کتێبەدا هۆشداری داوەتە هەموو گەلانی جیهان، بەوەی دیاردەی گلۆبالیزم مانای چەمکی حوکمڕانیی بێ مانا کردووە.

هەڵوەستەکردنمان لەسەر ئەو ئاراستەیە بۆ ئەوە بوو، بڵێین: کاریگەرییە نەرێنییەکانی گلۆبالیزم سەرجەم حوکمڕانییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی تێکڕای دەوڵەتانی جیهانی دوچاری حاڵەتی ئیفلیجبوون کردووە، لەم حاڵەتەشدا دەوڵەتمەداری زیرەك و نیشتمانپەروەر، ئەو دەوڵەتمەدارە دەبێت کە ددان بە حاڵەتی ئیفلیجبوونی حوکمڕانیدا بنێت و هەوڵەکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی بە میکانیزمی گونجاو ئەو ئیفلیجبوونە ڕاست بکاتەوە. جێگەی ئاماژەپێکردنە بەشێکی بەرچاو لە دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا، ددانیان بە حاڵەتی ئیفلیجبوونی حوکمڕانیدا ناوەو میتۆد و شێوازی جیاوازیان گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو ئیفلیجبوونە بکەن، بەشێکی زۆریشیان خۆیان پابەندکردووە بە بەرگریکردن لە گلۆبالیزم و بە هەموو شێوەیەك گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی نیشتمانی و نەتەوەیی ڕەتدەکەنەوە، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئیفلیجبوونی حوکمڕانیی لیبڕاڵیزمی گلۆباڵی دەرهاویشتەی خراپ و خراپتر لەسەر کۆمەڵگەکانیان بەجێدەهێڵێت و کار گەیشتۆتە ئەوەی ئەو حزبانەی بەرگری لە گلۆبالیزم دەکەن بەرەو داکشان دەڕۆن و ئەوانەشی بەرگری لە ناسیۆنالیزم دەکەن، بەرەو هەڵکشان دەڕۆن.

لەم بازنەیەدا ئەگەر لەسەر حوکمڕانیی کوردستان قسە بکەین، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەك تەواوی حکومەتە دیموکراتییەکانی جیهان، تا ڕاددەیەکی زۆر هەوڵیداوە پێڕەوی ئەو بنەمایانە بکات کە حوکمڕانیی گلۆباڵی کردبوونی بە پێوەر بۆ حوکمڕانیی باش، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بە بڕینی بودجە و دابەزینی نرخی نەوت و شەڕی دژی داعشەوە، بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هات، ئەمە وایکرد حکومەتی کوردستان زووتر لە حکومەتەکانی دیکەی جیهان بیر لەوە بکاتەوە ئاراستەی سیاسەتی ئابووری و دارایی حکومەت لەژێر کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئاراستەی ئابووریی گلۆباڵی دەربهێنێت و بە شێوازێکی دیکە و لەسەر بنەمایەکی نیشتمانی و نەتەوەیی پلانێکی ستراتیژی بۆ دارشتنەوەی سیاسەتی دارایی و ئابووری دابڕێژێتەوە، ئەم پلانە کە لە ساڵی ٢٠١٦ بە کردەیی خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆ ماوەی چوار ساڵە و ئومێد دەکرێت لە سەرەتای ساڵی داهاتوو کوردستان خاوەنی سیاسەتێکی ئابووری و دارایی نیشتمانی و نەتەوەیی بێت.

سەرەتا ئومێدبەخشەکانی ئەم پلانە ستراتیژییە بۆ سیاسەتی ئابووری و دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی دەرکەوتوون و حکومەت توانی لە چوارچێوەی ئەم پلانەدا، قەیرانە سەختەکانی ئابووری و دارایی تێپەڕێنێت، واشیکرد کە هەرێمی کوردستان بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو حاڵەتی ئیفلیجبوونەی حوکمڕانی کە کوردستانیشی گرتەوە، لەماوەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، زۆر بوێرانە ئەو حاڵەتی ئیفلیجبوونە ددانی پێدا نرا و توانرا لەگەڵ ئەو ئیفلیجبوونە مامەڵە بکرێت و تا ڕاددەیەکی باشیش ئیفلیجبوونەکە بەرەو چاکبوونەوە بەرێت، هەر لەسەر بنەمای ئەم ڕاستکردنەوەیەش پارتی دیموکراتی کوردستان بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆی بۆ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی دارشتووە، بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانیش جێگەی سەربەرزییە کە جێگەی متمانەی خەڵکی کوردستان بووە و خەڵك دەنگیان بەو بەرنامەیە داوە و ئومێدێکی زۆریان لەسەر هەڵچنیوە.

کەواتە گەشبینیی خەڵکی کوردستان بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەشبینییە بەو ئەقڵ و لێهاتوویی ئەو دەوڵەتمەدارانەی کە توانییان لە بارودۆخێکی زۆر هەستیار و ترسناکدا لەسەر ئاستی شەڕی دژی

داعش و شەڕی دژی گەندەڵی و راستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی، هەرێمی کوردستان لە لێواری هەڵدێر رزگار بکەن و بیگێڕنەوە حاڵەتی شێوەی ئاسایی خۆی، لە ئێستاشدا کە هەر ئەم دەوڵەتمەدارانە وەك یەك تیم لەژێر چەتری چاودێریی سەرۆك بارزانی پرۆسەی قۆناخی داهاتووی حوکمڕانیی کوردستانیان لە ئەستۆ گرتووە، ئەوەش هێندەی دیکە ئومێد و گەشبینی لای خەڵکی کوردستان دروست کردووە، ئەم ئومێد و گەشبینییە بە ئاستێکە کە زۆر جار دڵسوزانی پارتی دەکەونە حاڵەتێکی ئەوتۆوە کە بڵێن: حکوومەتی داهاتووش گۆچانێکی سیحری پێ نییە کە بتوانێت هەموو کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام ئەو ئومێدەی خەڵکی کوردستان بە کابینەی داهاتوو لەسەر بناخەیەك سەرچاوەی گرتووە کە ئەو ئیرادەیەی کوردستانی لە قەیران و نەهامەتییەکان پاراست، دەشتوانێت ب لێنەکانی داهاتووی جێبەجێ بکات.

بە هەر حاڵ پڕئومێدی و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان لە کابینەی داهاتوو فاکتەرێکی دیکەی ئەرێنییە بۆ گورجوگۆڵیی حکومەت لە جێبەجێکردنی بەرنامەی خۆیدا، بەڵام ئەوەی لە هەموویان گرنگترە، ئەوەیە بەرنامەی داهاتووی حکومەت هەرێمی کوردستان بە چ ئاراستەیەك دەبات.

ئەوەندەی بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیمان لەگەڵ کەسانی تایبەت لە بواری حوکمڕانیی کوردستان کردبێت، هەموویان لە دوو خاڵدا دوو ئەولەوییەتی گرنگی کارەکانی کابینەی داهاتوویان ئاماژە پێ کردووە:

١. بچووککردنەوەی قەوارەی حکومەت و زیادکردنی سەرچاوەی داهات و کەمکردنەوەی بودجەی بەکاربەر.

٢. بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و کردنی کەرتی تایبەت بە سەرچاوەی دۆزینەوەی هەلی کار.

بێگومان ئەم دوو خاڵە گرنگە کە دوو ئەولەویەتی گرنگی کارنامەی حکومەتی داهاتووی کوردستان دەبن، هەردووکیان پەیوەستن بە بەهێزکردنی کەرتی تایبەت، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کەرتی تایبەت چۆن بەهێز دەکرێت؟

لەوانەیە وەڵامێکی سادە و خێرا بۆ ئەم پرسیارە گرنگە ئەوە بێت، گرنگە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بوێرانە مامەڵە لەسەر ئەو کاریگەرییە نەرێنییانە بکات کە ئاراستەی ئابووریی گلۆباڵی دەکات، کە بەشێکیان هەتا ئێستاش کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی (ئابووریی بازاڕ)ی کەرتی تایبەت هەیە، هەروەها گرنگە بۆ نەهێشتنی ئەو کاریگەرییە نەرێنییانە حکومەت هەم لە رووی ئیمکانیەتی دارایی و هەم لە رووی مرۆییەوە پشتگیری بونیادنانی ژێرخانێکی پتەو بۆ کەرتی تایبەت لە کوردستان بکات، هەر بۆ نموونە :

١. ئەگەر ئامانجمان ئەوە بێت، کەرتی کشتوکاڵ بە رێگەی سیاسەتی کەرتی تایبەت بکرێتە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات و دۆزینەوەی هەلی کار لە کوردستاندا، ئەوا ئەم ئەرکە بە سیاسەتی ئێستای (ئابووریی بازاڕ) لەکوردستان شکست دەهێنێت، لەبەر ئەوەی سیاسەتی (ئابووریی بازاڕ)ی ئێستای کوردستان فاکتەرێك نییە بۆ سەرخستی ئەرکی لەو جۆرە، بەڵکو فاکتەرێکی نەرێنییە بۆ شکست پێهێنانی، ئەوجا بۆ ئەوەی حکومەت لەم ئەرکەی سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەبێت پلانێکی ستراتیژی هەبێت بۆ سیاسەتی بەبازاڕکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و رێگە نەدرێت لە وەرزی بەرهەمهێناندا، بازاڕ ئیرادەی ئەو خەڵکانە تێکبشکێنێت کە لە کەرتی کشتوکاڵ کاری وەبەرهێنان دەکەن، راشکاوانەتر دەبێت سیاسەتی بەبازاڕکردن راستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە ئاراستە بکرێت.

٢. لەبواری گواستنەوەی خزمەتگوزارییەکان بۆ کەرتی تایبەت، بەتایبەتی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك (ئاو و کارەبا و تەندروستی و پاککردنەوەی شارەکان و...هتد)، دەبێت حکومەت پلانێکی هەبێت بەوەی ئەم گواستنەوەیە دەبێتە وەبەرهێنان لەسەرچاوەی توانای مرۆیی لە کوردستاندا و نابێت ئامانجەکە تەنیا لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بچووك بکرێتەوە، بەڵکو وێرای دابینکردنی باشی خزمەتگوزارییەکان، بەڵام دەبێت دەرهاویشتەی زۆر ئەرێنی بۆ کۆمەڵگە بەدوای خۆیدا

**گرنگە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بوێرانە مامەڵە لەسەر ئەو کاریگەرییە نەرێنییانە بکات کە ئاراستەی ئابووریی گلۆباڵی دەکات، کە بەشێکیان هەتا ئێستاش کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی (ئابووریی بازاڕ)ی کەرتی تایبەت هەیە**

**ئەگەر ئامانجمان ئەوە بێت، کەرتی کشتوکاڵ بە رێگەی سیاسەتی کەرتی تایبەت بکرێتە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات و دۆزینەوەی هەلی کار لە کوردستاندا، ئەوا ئەم ئەرکە بە سیاسەتی ئێستای (ئابووریی بازاڕ) لەکوردستان شکست دەهێنێت**

**دەبێت پلانێکی ستراتیژی هەبێت بۆ سیاسەتی بەبازاڕکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و رێگە نەدرێت لە وەرزی بەرهەمهێناندا، بازاڕ ئیرادەی ئەو خەڵکانە تێکبشکێنێت کە لە کەرتی کشتوکاڵ کاری وەبەرهێنان دەکەن، راشکاوانەتر دەبێت سیاسەتی بەبازاڕکردن راستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە ئاراستە بکرێت**



**گرنگە حکومەتی داهاتووی کوردستان کاری جددی بۆ ئەوە بکات، کوالیتیی خزمەتگوزارییەکان بە ئاستێک بەرز بکاتەوە کە شایستەی خەڵکی کوردستان بێت، کرێی خزمەتگوزارییەکان و باجدانیش بە ئاستێک کەم بکاتەوە کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان دروست نەکات**

بهێنێت.

٣. لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا کە ئەم بوارە بڕبڕەی پشتی هەر حوکمڕانییەکی باش و سەرکەوتووە، ئەوەی هەتا ئێستا تێبینی دەکرێت، وەبەرهێنان لەبواری پەروەردە و خوێندنی باڵا بە پێی قسەی پسپۆڕانی ئەو بوارە، بێجگە لە بزنسێکی ئاست نزم نەبۆتە بزنسیك کە ببێتە سەرچاوەی هێزی نەرم بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە کوردستاندا، هەروەها نەتوانراوە زانست و مەعریفە و کۆمەڵگە بە رایەڵەیەك پێکەوە گرێ بدرێنەوە، بۆیە زۆر گرنگە سیاسەتی وەبەرهێنان لەم بوارە گرنگەدا سەرلەنوێ چاوی پێدا بخشێندرێتەوە و، ئەم دوو بوارە بکرێت بە دەروازەیەك بۆ سەرکەوتنی حوکمڕانیی باش لە کوردستاندا، ئەمەش بەوە دەکرێت کە قوتابخانە و زانکۆکانی کوردستان بەتایبەتی (زانکۆ و قوتابخانەکانی کەرتی تایبەت) ئاستیان بەرەو ستاندەری جیهانی بەرز بکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە وەك میشیل فۆکۆ دەڵێت: حوکمڕانیی مۆدێرن بریتییە لە متوربەکردنی مەعریفە و ئەقڵانییەت لەگەڵ دامەزراوەکاندا) بە واتایەکی دیکە ئەگەر مەعریفە و ئەقڵانییەت لەگەڵ دامەزراوەکان متوربە نەکرێن، ئەوا دامەزراوەکان چەند بەهێزیش بن، هیچیان پێ ناکرێت.

٤. گرنگە پشتگیری بزنسمان و



وەبەرهێنەرەکانی کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی چینێکی بزنسمان و وەبەرهێنەرانی نیشتمانی لە کوردستاندا دروست بێت، ئەم چینە سەلماندوویانە لە رۆژە سەختەکاندا وڵات و نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێت و تەنانەت ئامادەن بە سەرمایەی خۆیان و بەناوی قەرز کاری بەردەوام لە پرۆژەکان بکەن و نەهێڵین رەوڕەوەی پەرەپێدان لە کوردستان رابوەستێت، هەروەها گرنگە زیاتر هان بدرێن بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت لە کوردستاندا بە مانای وشە کەرتێکی نیشتمانی بێت بۆ پێشخستنی وڵاتەکە.

ئەو چەند لایەنەی بە خێرایی ئاماژەمان پێکردن، نموونەیەکن بۆ کۆی سێکتەرەکانی حکومەتی کوردستان بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت بە ئەکتیڤی رۆڵی خۆی تیا بگێڕێت، بەڵام ئەوەی دەبێتە تەواوکاری هەموو پرۆسەکە و بۆ ئەوەی حوکمڕانیی کوردستان پێی بگوترێت: «حوکمڕانیی باش و دەوڵەتی خۆشگوزەران»، گرنگە حکومەتی داهاتووی کوردستان کاری جددی بۆ ئەوە بکات، کوالیتیی خزمەتگوزارییەکان بە ئاستێك بەرز بکاتەوە کە شایستەی خەڵکی کوردستان بێت، کرێی خزمەتگوزارییەکان و باجدانیش بە ئاستێك کەم بکاتەوە کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان دروست نەکات.

**گرنگە پشتگیری بزنسمان و وەبەرهێنەرەکانی کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی چینێکی بزنسمان و وەبەرهێنەرانی نیشتمانی لە کوردستاندا دروست بێت، ئەم چینە سەلماندوویانە لە رۆژە سەختەکاندا وڵات و نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێت و تەنانەت ئامادەن بە سەرمایەی خۆیان و بەناوی قەرز کاری بەردەوام لە پرۆژەکان بکەن**



د.نەجمەدین کەریم
پارێزگاری کەرکووک بۆ گوڵان:

# بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان، لیستی سەربەخۆی کەرکووکمان دەبێت و بەشداریی هەڵبژاردن دەکەین

# پرسی ماددەی ١٤٠ و ناوچە کێشەلەسەرەکان ئەولەوییەتی کاری کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت

**ناوچە دابڕێنراوەکان بەگشتی و کەرکووک بە تایبەتی لە بارودۆخێکی خراپدان، پێشتر ئەم ناوچانە کە لەلایەن هێزی پێشمەرگە و بە هاوبەشی بەڕێوەدەبران، تا رادەیەکی زۆر لە ئارامی و سەقامگیریدا بوون، بەڵام لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بارودۆخەکە بۆ عەسکەرتارییەکی تەواو گۆڕا، ئەو دۆخەش رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر دەبێت. خەڵکی ئەو ناوچانە چاوەڕێی ئەوەن لەگەڵ دەستپێکی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بە دانوستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەست پێ بکات و هەوڵ بدرێت لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن و ئارامی و سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و پرسی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی کوردستان ئەم دیدارەمان لەگەڵ د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری شەرعیی کەرکووک ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**بێگومان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی دیار و کاریگەریان لەسەر چارەنووسی ناوچە کێشە لەسەرەکان دەبێت**

*** وەك پارێزگاری شەرعیی کەرکووک (هەتا ئێستاش)، چۆن سەیری کێشەی دانانی پارێزگاری کەرکووک دەکەیت؟ ئایا ئەو وەرچەرخانە دراماتیکە تراژیدییەی بەسەر وەزعی کەرکووکدا هاتووە، بە دانانی پارێزگارێکی کەرکووک چارەسەر دەکرێت؟**

- بێگومان لەوەتی دەوڵەتی عێراق دروست بووە و لەو کاتەوەی کە کەرکووك لە ساڵی ١٩٢٧ەوە کە نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە، هەوڵ دراوە کۆمەڵێك هۆزی عەرەب لە موسڵ و خوار حەمرینەوە بهێننە کەرکووك و لەو شارە نیشتەجێیان بکەن، بەڵام وێڕای ئەم هەوڵانەش ئەگەر سەیری ئەو سەرژمێرییانە بکەین هەر لە بیستەکانەوە هەتا ئاماری ساڵی ١٩٥٧ دەبینین، بەردەوام ژمارەی دانیشتووانی کورد لە کەرکووك زۆرینە بووە، بەردەوامیش بەرپرسی شارەکە کە ئەوکات ئەنجومەنی شارەوانی و موتەسەریف هەبووە، کورد بوون، لەدوای شۆڕش، یان کودەتاکەی ساڵی ١٩٥٨یشەوە بەردەوام حکومەتە یەك لە دوایەکانی عێراق هەوڵیان داوە ئەم راستییە دیموگرافییەی کەرکووك بگۆڕن و بەردەوام هەوڵیانداوە ئەو شارە بە عەرەب بکەن و کوردی کەرکووك دەربکەن، ئەم واقیعە هەتا ساڵی ٢٠٠٣ درێژەی کێشا، کە لەو ساڵەدا بارودۆخی کەرکووك گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هات و جارێکی دیکە کورد گەڕایەوە و خزمەتی هەموو پێکهاتەکانی کەرکووك کرا. بارودۆخی کەرکووك هەتا پێش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر رۆژ لە دوای رۆژ لەگەشەکردندا بوو، ئاڵای کوردستان بە فەرمی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە بڕیار درا لە هەموو شوێنێکی کەرکووك هەڵبکرێت، لەسەر ناسنامەی نیشتمانی ناوی (تەئمیم) لابرا و ناوی کەرکووك دانرایەوە، پرۆژەیەکی یەکجار زۆری بۆ کرابوو، پرۆژەکان کاریان

تێدا دەکرا، جووڵەی کار و جووڵەی بازاڕ بە تەواوەتی بووژابووەوە، تەنانەت لە ساڵی ٢٠١٤ کە تیرۆریستانی داعش پەیدابوون و بە ئاسانی (موسڵ و تکریت)یان داگیرکرد، کەرکووك لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە پارێزگاری لێکرا. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوەش بکەم کە پێش هاتنی داعشیش، حکومەتی عێراق بەنیاز بوو لەژێر ناوی فەرماندەیی هێزی دیجلە هێزەکانی عێراق بنێرێتەوە بۆ کەرکووك، بەڵام ئەوە بوو بە فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە کاك مسعود بارزانی پێشمەرگە ئامادەباشی خۆی وەرگرت و توانرا کەرکووك بپارێزرێت، بۆیە هەموو خەڵکی کەرکووك ئەو راستییە دەزانێت کە هەتا پێش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بێجگە لە کورد، عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووك لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە پارێزراو بوون، هەروەها زیاتر لە ٧٠٠ هەزار عەرەبی سوننە کە بەهۆی هاتنی داعشەوە لە کەرکووك ئاوارە بوون، ئەوانیش لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە پارێزراو بوون و پارێزگارییان لێ دەکرا. ئەم هەوڵانە هەمووی بۆ ئەوە بوون ناسنامەی کوردستانییەتی کەرکووك بچەسپێندرێت، بەڵام بەداخەوە لە ١٦ی ئۆکتۆبەر خیانەت کرا و کەرکووك رادەستی هێزی بیانی و هێزەکانی عێراق کرایەوە، کەرکووك بێ دەسەڵات مایەوە، پارێزگارێك بەوەکالەت دانراوە، بۆیە ئێستا لایەنێك دەیەوێت هەموو کێشەی کەرکووك بە دانانی پارێزگارێك لەو شارە چارەسەر بکەن. بە راستی ئەوانە دەیانەوێت کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بشارنەوە، ئەوان خۆیان زۆر باش دەزانن کێشەی کەرکووك بە دانانی پارێزگارێك چارەسەر نابێت، بەتایبەتی ئەو لایەنەی ئەمڕۆ سوورە لەسەر ئەوەی پارێزگارێکی کورد و یەکێتی دابنرێت، باشە خۆ پێشتر پارێزگاری کەرکووك کورد و یەکێتیش بوو، یەکێتی لە کەرکووك باڵا دەست بوو، ئەوان خۆیان کەرکووکیان رادەست کردەوە و بوونە هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە خراپەی ئەمڕۆ لەو شارەدا هەیە، خۆ ئەگەر دەشڵێن ئێمە لە کەرکووك ماوینەتەوە و خەڵکی دیکە لەوێ نەماون، بەڵێ راستە، ئێوە تەسلیم بوون و بوون بە جاش بۆ ئەوان، بۆیە ئەوانیش هیچ مانعیان نییە ئێوە لەوێ بمێننەوە، کاتی خۆیشی لەسەردەمی سەدام حوسێن هەندێك حزبی کارتۆنی هەبوون وەك (پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان)، ئەوانیش مەجلیسی تەنفیزی و تەشریعییان هەبوو، بۆیە ئێوەش وەك ئەوانتان لێهاتووە. ئێوە خۆتان رۆژانە ئەو واقیعە تاڵەی کەرکووك دەبینن و باش دەزانن کە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بە بڕیار ئاڵای کوردستانی هەڵکردووە و تەنانەت دادگای فیدراڵیی عێراقیش دژی هەڵکردنی ئەو ئاڵایە بڕیاری نەداوە، بەڵام ئێستا بێجگە لەوەی لەسەر ئاڵای بارەگاکەی خۆتان ئاڵایەکتان هەڵکردووە، بەڵام لە هیچ شوێنێکی کەرکووك ئاڵای کوردستان نابیندرێت، تەنانەت پەیکەری ئەو پێشمەرگەی ئاڵای کوردستانی بەدەستەوە بوو، ئێستا ئەو ئاڵایە داگیراوە و ئاڵای عێراقی بەدەستەوەیە.

*** لەم قسانەتان ئەوە دەخوێندرێتەوە کە کێشەی کەرکووك بە دانانی پارێزگارێکی کورد چارەسەر نابێت، ئەی کەواتە کێشەی کەرکووك چۆن چارەسەر دەبێت؟**

- هەتا باری ئاسایش و کارگێڕیی کەرکووك چارەسەر نەکرێت و حکومەتی بەغدا دەست بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ نەکات و ئەو هێزە سەربازییانەی هاتوونەتە ناو شار نەبرێنە دەرەوەی شار و پۆلیسی خۆجێیی لە هەموو پێکهاتەکان (بە کورد و عەرەب و تورکمان و کریستیانەکانەوە) هەر یەکەیان بەپێی قەوارەی خۆیان، جێگەی ئەو هێزانەی ئێستا نەگرنەوە، بە راستی بارودۆخی کەرکووك ئاسایی نابێتەوە.، بۆیە گرنگە سەرەتا ئەم هەنگاوانە هەڵبگیرێن، ئەوجا دوای ئەمانە دەکرێت پارێزگارێك بۆ کەرکووك دابنرێت کە دەسەڵاتی هەبێت و هەر خۆیشی دەبێتە سەرۆکی لیژنەی ئەمنیی شارەکە، بەڵام ئێستا پارێزگار هیچ رۆڵێکی لە لیژنەی ئەمنیدا نییە، بۆیە ئەگەر تۆ تەنیا هەموو ئامانجت ئەوە بێت پارێزگارێك دابنێیت، ئەوا لەسەردەمی سەدامیشدا پارێزگارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك کورد بوون، بەڵام

**هەموو خەڵکی کەرکووك ئەو راستییە دەزانێت کە هەتا پێش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بێجگە لە کورد، عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووك لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە پارێزراو بوون**

**پێشتر پارێزگاری کەرکووك کورد و یەکێتیش بوو، یەکێتی لە کەرکووك باڵا دەست بوو، ئەوان خۆیان کەرکووکیان رادەست کردەوە و بوونە هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە خراپەی ئەمڕۆ لەو شارەدا هەیە**

**ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بە بڕیار ئاڵای کوردستانی هەڵکردووە و تەنانەت دادگای فیدراڵیی عێراقیش دژی هەڵکردنی ئەو ئاڵایە بڕیاری نەداوە**

**دەبێت ئێمە جەخت لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور و ماددەی ١٤٠ بکەینەوە، هەروەها دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەو ناوچانە لەلایەن پێکهاتەکانی خۆیەوە بەڕێوەببرێت**

چ مانایەکیان هەبوو؟

*** پێش ئەوەشی بگەڕێیتەوە بۆ کوردستان و هەڵبژێردرێی بۆ پارێزگاری کەرکوك، لە ئەمریکا زۆر سەرقاڵی دروستکردنی لۆبی بوویت بۆ ئەوەی ببنە هاوکاری کورد و ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت، ئەوکات بارودۆخەکە جۆرێکیتر بوو، هەم هێزی پێشمەرگە بوونی هەبوو، هەمیش کورد سەنگێکی دیکەی لە ناوچە کێشە لەسەرەکان هەبوو، ئایا وەك کەسێکی شارەزا و بەئەزموون، چۆن سەیری بارودۆخی خراپی تەواوی ناوچە کێشەلەسەرەکان دەکەیت؟ ئایا لەم بارودۆخەدا دەبێت نەخشەڕێگەی پراکتیکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ چۆن بێت؟**

- ئێمە لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ کۆنفرانسێکمان لە ئەمریکا کرد، بۆ ئەم کۆنفرانسە بەڕێز د.کەمال کەرکوکی بانگهێشت کرابوو کە ئەوکات سەرۆکی پەرلەمان بوو، یان جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوو. لەو کۆنفرانسەدا د.کەمال وتارێکی پێشکەش کرد، هەروەها بۆ کۆنفراسەکە کۆمەڵێك پارێزەری شارەزا لەسەر ئاستی جیهان کە تایبەتمەندبوون لەسەر ئەم جۆرە پرسانەی دەوڵەتی فیدراڵی و ناوچەی کێشە لەسەر، ئەوانیش بانگهێشت کرابوون، چەندین سیناتۆر و کۆنگریسمانیشمان بانگهێشت کردبوو، ئەوانیش لەو کۆنفرانسەدا قسەیان کرد، ئەوەی ئێمە زۆر بەلامانەوە گرنگ بوو، ئەوە بوو دەستووری عێراق بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە قەناعەتمان بەو جۆرە بووە کە کێشەی کەرکووك بە هێز چارەسەر ناکرێت لە هیچ لایەکەوە، هەر بۆ نموونە رژێمی بەعس و رژێمەکانی پێش خۆیشی زۆر هەڵیاندا کەرکووك بکەن بە عەرەب و کوردی تیا نەهێڵن، بە دڕندەترین شێوە ئەنفال و ژینۆسایدیان کردین، بەڵام سەرنەکەوتن، بەهەمان شێوە بۆ ئێمەی کوردیش هەر بەو جۆرەیە و کورد ناتوانێت بە زەبری هێز پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووك بێبەش بکات و بیانکاتە دوژمنی خەڵکی کوردستان، بۆیە راشکاوانە رامانگەیاند، گرنگە ئەمریکا پشتیوانی دەوڵەتی عێراق بکات بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق.

*** ئەی لە ئێستادا میکانیزمی پراکتیکی بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووك لە چیدا دەبینن؟**

- پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان تەنیا کێشەی کەرکووك نییە، ئێستا (دوز) بارودۆخی زۆر لە کەرکووك خراپترە، خانەقین بەو جۆرە نییە کە دڵمان پێی خۆش بێت، شنگال لەوانیش خراپترە، بۆیە دەبێت ئێمە جەخت لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور و ماددەی ١٤٠ بکەینەوە، هەروەها دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەو ناوچانە لەلایەن پێکهاتەکانی خۆیەوە بەڕێوەببرێت، بۆیە پێداگرتن لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور دەبێت لە پێش هەموو شتێکی دیکەوە بێت.

*** ئاشکرایە هەرێمی کوردستان لەدوای ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە بارودۆخێکی نائاساییدایە، لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٨-٢٠١٩ بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی عێراق (کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی) جۆرە رێککەوتنێك لەنێوان هەرێمی کوردستان و لایەنە شیعەکان بەتایبەتی (هاوپەیمانیەتی بنا) دروست بووە، بەڵام دیسان بەهۆی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و بوونی حکومەتی هەرێم بە حکوومەتی کاربەڕێکەر، نەتوانراوە میکانیزمێکی سەقامگیر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دابنرێت و خەڵك هەمووی چاوەڕێی ئەوەیە کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەکار بێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەبێت؟**

- پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرسی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا زۆر گرنگە. لێرەدا ئەم دیدارە بە فرسەت دەزانم کە داوای سەرکەوتن بۆ برای بەڕێز کاك مسرور بارزانی بکەم. بێگومان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی دیار و کاریگەریان لەسەر چارەنووسی ناوچە

**هیچ پێویست نییە حزبێکی سیاسی بڕوات لە پشت حکومەتەوە کارێک بکات کە لە بنەڕەتدا ئەوە کاری حکومەتە و کاری حزبی سیاسی نییە**

**سەیری بارودۆخی شارەکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی بکەین، دەزانین بە راستی لە رووی پاک و تەمیزی و پێشکەوتن و دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە لە عێراق ناچێت**

**یەکەمین پەیوەندیی ئاشکرای نێوان کورد و ئەمریکا لە مانگی نیسانی ١٩٩١ بە رێگەی من بووە و لەسەر داوای ئێمە شاندی بەرەی کوردستانی سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایان کرد**

**وەک کوردستانییەک کە لە شاری کەرکووک لەدایک بووم، هەموو کاتێک ئەو ئاواتەم هەبووە رۆژێک بگەڕێمەوە کوردستان و خزمەتی نیشتمانەکەم بکەم**

کێشە لەسەرەکان دەبێت، هەروەها رۆڵێکی کاریگەریان دەبێت لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەبێت ئەم پرسانە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حزب بێنە دەرەوە و بکەوێتە دەستی حکومەت کە نوێنەری هەموو حزبەکانی تێدایە و هیچ پێویست نییە حزبێکی سیاسی برِوات لە پشت حکومەتەوە کارێك بکات کە لە بنەرِەتدا ئەوە کاری حکومەتە و کاری حزبی سیاسی نییە. هەر بۆیە پێکهێنانی حکومەت کە پشتیوان بە خوا زۆری نەماوە، زۆر گرنگە، لێرەدا گرنگە ئاماژە بە رۆڵی کاك نێچیرڤان بارزانی بکرێت کە ئەوکات سەرۆك وەزیرانی کوردستان بوو، هەر لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هەوڵی داوە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا رێکبخاتەوە، ئێستاش کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە هەر بەردەوامە، بۆیە من دڵنیام کاك مسرور بارزانی-یش بە هەمان شێوە هەنگاو هەڵدەگرێت، پرسی رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان لە ئەولەوییەتی بەرنامەی کاری دەبێت، گرنگە حکومەتی ئێمە بە هێزەوە بچێت بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات بە کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکانیشەوە کە ئەمرِۆ ئەو ناوچانانە لە بارودۆخێکی زۆر خراپدان.

*** ئێوە ئەزموونی کارکردنتان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی وەك پارێزگای کەرکووك رێککەوتننتان ئیمزا کرد بۆ هەناردەکردنی نەوتی کەرکووك بە رێگەی بۆرییە نەوتەکانی کوردستان و پشکی پترۆدۆلار بۆ کەرکووك، پێشبینیتان بۆ چوار ساڵی داهاتووی هەرێمی کوردستان چییە؟ ئایا تا چەند سەرۆکایەتیی هەرێم و کابینەی داهاتوو کاریگەرییان دەبێت بۆ رێکخستنەوەی ماڵە شێواوەکەی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا و دەوروبەر و وڵاتانی جیهاندا؟**

- ئەو کاتەی ئێمە وەك پارێزگای کەرکووك ئەو رێککەوتنەمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا کرد، کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو، جەنابی کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، بۆیە هەمووان پشتیوان بوون بۆ ئەو رێککەوتنەی کە لەنێوان کەرکووك و هەرێم ئێمزا کرا، ئەم رێککەوتنەش بووە هۆکاری ئەوەی بەشێکی زۆری پرۆژەکانی کەرکووك بکەونە کار، ئەمە لە کاتێکدا کۆی پرۆژەکان لە سەرانسەری راوەستابوون، خەڵکی کەرکووك شاهیدن بۆ ئەو پرۆژانەی کە بەردەوامییان پێ دراو رانەگیران. سەبارەت بە کاك نێچیرڤان بارزانی و رۆڵی لە چوار ساڵی داهاتوودا وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، من دڵنیام بە هەمان جۆش و خرۆشەوە کار بۆ پێشخستنی کوردستان لە هەموو روویەکەوە دەکات، هەروەها پشتیوانییەکی زۆر بەهێز دەبێت بۆ سەرکەوتنی کابینەکەی کاك مسرور بارزانی، من گومانم لەوە نییە کە ئەوان پێکەوە وەك یەك تیم و بەناوی خەڵك و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کارەکانیان دەکەن، بۆیە دەبێت هەموو کوردێك و هاووڵاتییەکی ئەم نیشتمانە بە هاووڵاتیانی ناوچە کێشەلەسەرەکانیشەوە پشتیوانیان لێ بکەین بۆ سەرخستنی ئەو بەرنامەیەی کە هەیانە و ئامانج لێی خزمەتی وڵاتەکەمانە.

*** لەگەڵ ئەوەی لە سەر ئاستی ناوخۆی کوردستان ئەو یەکرِیزییە پێویستە نییە کە خەڵکی ئومێدی بۆ دەخوازێت، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی تا رادەیەك خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، ئایا تاچەند نەبوونی یەکرِیزیی پێویست دەبێتە ئاستەنگ بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا؟**

- پێشتریش من ئاماژەم پێکرد، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا نوێنەرایەتی کوردستان بکات و نوینەری هەموو حزبەکانیش بەشدارن، ئەوجا ئەگەر لە روویەکی دیکەوە سەیر بکەین و بە ویژدانەوە سەیری بارودۆخەکە بکەین و هەرێمی کوردستان بە عێراق بەراورد بکەین، ئەوا وێرای ئەو کەموکورِییانەشی کە هەمانە، لەگەڵ ئەو بارودۆخەی بە هۆی

**کارەکانم لە دەرەوەی کوردستان هەر بەردەوامن و ئەنیستیوتی کورد کە لە ساڵی ١٩٩٦ خۆم دامەزرێنەر و سەرۆکی بووم، بەردەوامە و کار بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات**

**دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر زۆر بە ئاسانی دەمتوانی بگەرِێمەوە بۆ ئەمریکا و بەبێ سەرئێشە لەوێ دەست بەکارەکانی خۆم بکەمەوە، بێگومان کارەکانم لەوێ هەر بەردەوام دەبێت، بەڵام لای من زۆر قورسە کە خەڵکی کەرکووك لەم نەهامەتییەدا بن**

**من تا نزیکتر بم لە کەرکووك وەک نموونەیەک بۆ هەموو ناوچە کێشەلەسەرەکان کە غەدریان لێکراوە، زیاتر ئاسوودە دەبم**

بڕینی بودجە و پاشانیش دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەو گەمارۆیانەی خرانە سەر کوردستان، ئەوا کوردستان لەگەڵ هەر بەشێکی عێراق بەراورد بکەیت، ئەوا هەرێمی کوردستان زۆر پێشکەوتووترە، هەر سەیری بارودۆخی شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی بکەین، دەزانین بە راستی لە رووی پاك و تەمیزی و پێشکەوتن و دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە لە عێراق ناچێت. بۆیە زۆر گرنگە ئێمە هەوڵ بدەین زیاتر خزمەتگوزاری پێشکەش بکەین و جیاوازییەکە لەم رووەوە فروانتر بکەین، بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکەی عێراق بیبینن و ئەوانیش داوا لە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتە خۆجێیەکانی پارێزگاکانیان بکەن، وەك کوردستان خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکەن. سەبارەت بە کێشەکانیشمان لەگەڵ بەغدا کە بە راستی هەندێ کێشەیان زۆر سەرەکین، وەك کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، پرسی یاسای نەوت و گاز، مووچەی پێشمەرگە، ئەمانە دەبێت زۆر بە راشکاوی گفتوگۆیان لەسەر بکەین و چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە.

*** پێش ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ کوردستان و ببیتە پارێزگاری هەولێر، ئاگادارین لە ئەمریکا کارێکی زۆر باشتان بۆ دۆزی کوردستان دەکرد، بەڵام ئێستا هەست دەکەین بڕیارت داوە لە کوردستان بمێنیتەوە، ئایا بەنیازن هەر لە کوردستان بمێننەوە و خزمەت بکەن؟**

- ئێمە لەسەر هەر دوو ئاستی دەرەوە و ناوخۆ پێویستمان بە کاری جددی هەیە، بۆ ئەوەی خزمەتی دۆزەکەمان بکەین. من ساڵانێکی زۆر کارم کردووە، بەڵام چوارچێوەی کارا، کەم بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان بووە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش کۆنگرەی نەتەوەیی کوردمان لە باکووری ئەمریکا دامەزراند و ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵیش من سەرۆکی ئەو کۆنگرەیە بووم، لەمەش زیاتر یەکەمین پەیوەندیی ئاشکرای نێوان کورد و ئەمریکا لە مانگی نیسانی ١٩٩١ بە رێگەی من بووە و لەسەر داوای ئێمە شاندی بەرەی کوردستانی سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایان کرد و تەنانەت ناوی ئەندامانی شاندەکەش من پێشکەشی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکام کرد. بەڵام وەك کوردستانییەك کە لە شاری کەرکووك لەدایك بووم، هەموو کاتێك ئەو ئاواتەم هەبووە رۆژێك بگەڕێمەوە کوردستان و خزمەتی نیشتمانەکەم بکەم، یان بگەڕێمەوە بۆ کەرکووك و خزمەتی شارەکەم بکەم، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من ئێستاش کارەکانم لە دەرەوەی کوردستان هەر بەردەوامە و ئەنیستیوتی کورد کە لە ساڵی ١٩٩٦ خۆم دامەزرێنەر و سەرۆکی بووم، بەردەوامە و کار بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات. لێرەدا گرنگە ئەوە بۆ خوێنەرانتان روون بکەمەوە، من دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر زۆر بە ئاسانی دەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ ئەمریکا و بەبێ سەرئێشە لەوێ دەست بەکارەکانی خۆم بکەمەوە، بێگومان کارەکانم لەوێ هەر بەردەوام دەبێت، بەڵام لای من زۆر قورسە کە خەڵکی کەرکووك لەم نەهامەتییەدا بن و خەڵکی دوز دەردەکرێن و خانووەکانیان دەسووتێندرێت و لە خانەقین کورد شکۆی شکاوە و لە شنگال هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافییەکەی دەدرێت، من تا نزیکتر بم لە کەرکووك وەك نموونەیەك بۆ هەموو ناوچە کێشەلەسەرەکان کە غەدریان لێکراوە، زیاتر ئاسوودە دەبم، هەروەها دەخوازم ئەوە بڵێم، ئێمە هەموو کات بە ئومێدەوە سەیری ئایندە دەکەین و پێمان وایە ئەگەر رەفتارەکانی رژێمی بەعس لە ئەنفال و بەعەرەبکردن خەڵکی کەرکووکی نائومێد نەکردبێت، ئەوا ئەم کارەساتەی ئێستاش نائومێدیان ناکات و بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

*** بڕیارە لە ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق ئەنجام بدرێت بە کەرکووکیشەوە، ئایا نەجمەدین کەریم بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە دەکات؟**

- بێگومان، ئێمە لیستێکمان دەبێت بەناوی (لیستی سەربەخۆی کەرکووك) بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك، ئەم لیستە نوێنەری هەموو پێکهاتەکان و لایەنە سیاسییەکانی تێدا دەبێت و خۆیشم تێیدا بەشدار دەبم.

**ئەگەر رەفتارەکانی رژێمی بەعس لە ئەنفال و بەعەرەبکردن خەڵکی کەرکووکی نائومێد نەکردبێت، ئەوا ئەم کارەساتەی ئێستاش نائومێدیان ناکات و بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت**

**هەتا پێش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر رۆژ لە دوای رۆژ لەگەشەکردندا بوو، ئاڵای کوردستان بە فەرمی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە بڕیار درا لە هەموو شوێنێکی کەرکووك هەڵبکرێت، لەسەر ناسنامەی نیشتمانی ناوی (تەئمیم) لابرا و ناوی کەرکووك دانرایەوە**

**پێش هاتنی داعشیش، حکومەتی عێراق بەنیاز بوو لە ژێر ناوی فەرماندەیی هێزی دیجلە هێزەکانی عێراق بنێرێتەوە بۆ کەرکووك، بەڵام ئەوە بوو بە فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە کاك مسعود بارزانی پێشمەرگە ئامادەباشی خۆی وەرگرت و توانرا کەرکووك بپارێزرێت**

# بۆچی بە کابینەی نۆیەم دەوترێت کابینەی چاوەڕوانکراو؟

ئەڵبەتە ناکرێت ئەو بێ ئینسافییە بکەین کە گوایە کابینەکانی بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی بەو شێوەیە بووە کە خەڵک حەزی بە کۆتاییهاتنی بووە، بەپێچەوانەوە، ئەو هەموو گرفت و قەیرانانەی کە لەو ماوەیەدا بە سەر خەڵکدا هاتووە، زۆربەیان هۆکارەکەی بۆ خودی کابینەکە، یان بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی نەگەڕاوەتەوە، بەڵکو بارودۆخی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و جەنگی نەگریسی داعش و دۆخی سیاسیی هەرێم هۆکاری سەرەکیی کێشە و قەیرانەکان بوون. بێگومان توانای دیپلۆماسی و کاراکتەری نەرمی سیاسی و کەسایەتیی بەرزی بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی ئیدارەیەکی وای ئەم هەرێمەی کردووە، کە زۆرینەی هاووڵاتیان بە چاوی ئۆمێدەوە سەیری دەکەن، بەتایبەتی ئێستا کە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی پێ سپێردراوە. بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە خەڵک چاوەڕێی چی لە کابینەی نۆیەم دەکات و بۆچی بەم کابینەیە دەوترێت کابینەی چاوەڕوانکراو؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە چەند خاڵدا دەخەینەڕوو:

یەکەم: کەسایەتیی بەڕێز کاک مسرور بارزانی، لەگەڵ ئەوەی کە کەسایەتییەکی سیاسی و دیار بووە لە ناو شۆڕشی کوردی و هەرێمی کوردستان، بەڵام بە هۆی ئەوەی پۆستێکی هەستیاری ئەمنی ئیدارە کردووە، بەرکەوتەیەکی کەمتری لەگەڵ جەماوەر بووە، بۆیە هاووڵاتیان چاوەڕوانی کار و کارنامەی داهاتووی بەڕێزیان دەکەن، ئیتر چاوەڕوانییەکە بە باش یان خراپ بوونی هەیە، بەڵام بە بڕوای من بەڕێز کاک مسرور بارزانی لەبەر کۆمەڵێک خەسڵەت و ئەزموونی سەرکەوتووی دەتوانێت ئەو چاوەڕوانییە بە باش بکاتە دیاری بۆ خەڵک:

دووەم: بەڕێز کاک مسرور بارزانی باوکێکی سەرکردە و سەرۆکێکی بەهێزی وەك بەڕێز کاك مسعود بارزانی پشتیوانی لێ دەکات، کە خەڵك بەشێکی خۆشەویستیی باوکی بەو دەدەن و ئومێدیان پێیەتی کە دەتوانێت کاری بەرچاو بکات، بەتایبەتی کە بەڕێز کاك مسرور بارزانی کەسێکی گەنج و ئەکادیمییە و لە ئەوروپا ژیاوە و بڕوانامەی بەرزی بەدەست هێناوە و لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشدا کەسایەتییەکی دیارە و حیسابی لەسەر دەکرێت.

سێیەم: ئەزموونێکی نوێی تاقی نەکراوە. گرفت ئەوەیە زۆرینەی ئەو کەسانەی کە پۆست وەردەگرن لە حزبەکان (لە سەرەتاکانی ڕاپەڕینەوە تا ئێستا) دووبارەن و تاقی کراونەتەوە و خەڵك

بەڕێز کاک مسرور بارزانی ئەوەی لێی چاوەڕوان دەکرێت، باشکردنی گوزەرانی هاووڵاتی و ئاشتکردنەوەی ئەو چین و توێژانەیە کە لە حزب و حکومەت تۆراون



## پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەزموونی بە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵیان هەیە و تا رادەیەکیش رەنگە بێزاربن لە دەموچاوی دووبارە و حەز بە گۆڕانکاری دەکەن.

چوارەم: ئەزموون و کارکردنی بەڕێز کاک مسرور بارزانی لە بواری سەربازی و ئاسایش کە دەتوانێت تا رادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی بەشێك لەو پەرتەوازەییەی وڵات بکات، کە ساڵانێکە ململانێ سیاسییەکان شپرزەیان کردووە.

بارودۆخی کوردستان لە ئێستادا دەتوانین بڵێین قۆناغی تێکچوونی وێنە و رۆئیایە لە زاکیرەی خەڵکدا، ئەوەی ساڵانێك هەندێك پارت و دەموچاو لای خەڵك شێوێندرابوون و هەندێك کەسیش کرابوونە کاریزما، گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەتایبەتی هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەو سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەو رێژە زۆرەی دەنگ، وێناکەی لە زاکیرەی خەڵك گۆڕی، بەتایبەتی بۆ حزبێکی وەك پارتی کە تا رادەیەك شەقام و هەندێك لە میدیاکان لە ساڵانی پێشوودا وێناکردنی پارتی -یان شێواندبوو، بۆیە هاتنی بەڕێز کاك مسرور بارزانی بۆ ناوەندی ئیدارەکردنی وڵات و وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران لە کاتێکدایە کە بەخت یاوەری پارتەکەیەتی و جەماوەر متمانەیان پێ بەخشیوە.

**• کابینەی نوێیەم بۆ ئەو چاوەڕوانییەی جەماوەر دەبێت چی بکات؟**

وەڵامی ئەم پرسیارەش بە چەند خاڵ دەستنیشان دەکەین:

یەکەم: یەکێك لە خاڵە بەهێزەکان بۆ بەڕێز کاك مسرور بارزانی ئەوەیە کە ئەزموونی یەکەم و یەکەم دەرکەوتنیەتی لە کاری حکومی و جەماوەریدا، بۆیە پێویستە هەوڵ بدات خەڵکی تاقی نەکراوە و دەموچاو نادووبارە بەڵام شارەزا و دڵسۆز (ئەکادیمی و پسپۆڕ و گەنج لە هەردوو رەگەز) لە چواردەوری خۆی کۆبکاتەوە. بەتایبەتی بەشێك لە کەسانی بەئەزموون و پسپۆڕ و گەنج لە رەگەزی مێ کە ساڵانێکە فەرامۆش کراون. حزبەکان هەر لەسەر سیاسییە کۆنەکان و پیاوان کاردەکەن، ئەو نەریتە نارەوایە دەکرێت کاڵ بکرێتەوە، کە ئەوەشمان بەدی کرد، هەر لە دەرکەوتنەکانی بۆ لای حزبەکان و بردنی کۆمەڵێك گەنج و ئەکادیمی و ژن لەگەڵ خۆی بۆ ئەو کۆبوونەوانە، پێم وایە بەڕێز کاك مسرور بارزانی بەو کارەی ئومێدێکی بۆ جەماوەر گەڕاندوە. ئینگلیز واتەنی «یەکەم دەرکەوتن» گرنگە و ئەوە لە زاکیرەی خەڵك دەمێنێتەوە. یەکەم دەرکەوتنی سەرۆکی حکومەتی ئایندەش بەو شێوەیە زۆر گرنگ بوو.

**پێویستە سەرۆکی حکومەت ئەنجومەنێکی راوێژکاریی هەمیشەیی لەسەر بنەمای پسپۆڕی هەبێت، نە لەسەر بنەمای مەحسووبییەت و مەنسووبییەتی حزبی**

**پێویستە سەرۆكی حكومەت بە ئاشكرا شەڕێك بەناوی شەڕی دژەگەندەڵی رابگەیەنێت، چونكە خەڵك باوەڕی بە وشەی چاكسازی نەماوە**

**پێویستە خاڵێكی گرنگی كارەكانی كابینەی نۆیەم هەوڵدان بۆ دروستكردنی میدیایەكی نیشتمانی بێت كە زمانحاڵی كابینەكە بێت و كارەكانی بە راستگۆیی و دوور لە چەواشەكاری بە خەڵك رابگەیەنێت**

دووەم: بەشێكی زۆری جەماوەر چاوەڕوانییەكەی لە كابینەی نوێ بۆ باشكردنی گوزەرانیەتی، بمانەوێت و نەمانەوێت، جەماوەر ئەم ساڵانەی رابردوو بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە لە حكومەت و پارتەكان تۆراوە، بۆیە باشترین كار و یەكەمین كارێك كە بەڕێز كاك مسرور بارزانی وەك یەكەم بەركەوتەی لەگەڵ جەماوەر دەیبێت، موژدەی دڵخۆشكەرە بۆ جەماوەر بە باشكردنی گوزەران و مووچەیان و دەكرێت جەماوەری تۆراو بەو مزگێنییە ئاشت بكاتەوە.

سێیەم: سزادانی گەندەڵكاران، كە پێویستە بە ئاشكرا شەڕێك بەناوی شەڕی دژەگەندەڵی رابگەیەنێت، ئەمە قۆناغێكی دیكەی ئاشتكردنەوەی جەماوەر دەبێت، چونكە خەڵك باوەڕی بە وشەی چاكسازی نەماوە.

چوارەم: میدیا، كە بەشێكی زۆریان هۆكاری شپرزی و پەرتەوازەیی و چەواشەكاری و تێكدانی كولتوور و بەها و ناسنامەی كۆمەڵگەن و دەیان ساڵە ئەكادیمی و پسپۆڕان و چاودێران هاواریانە و كەس گوێی بۆ نەگرتوون، پێویستە خاڵێكی گرنگی كارەكانی كابینەی نۆیەم بێت، بە هەوڵدان بۆ بوونی میدیایەكی نیشتمانی كە زمانحاڵی كابینەكە بێت و كارەكانی بە راستگۆیی و دوور لە چەواشەكاری بە خەڵك رابگەیەنێت و كار بۆ رێكخستنی میدیای هەرێم بكات. ئەڵبەتە كە من ئەمە دەڵێم، وەك پسپۆڕێك، پرۆژەی ئامادەكار بۆ رێكخستنی بواری میدیا لەلایەن خەڵكانی بەئەزموون و پسپۆڕەوە ساڵانی رابردوو رەوانەی پەرلەمان كراوە، بەڵام فەرامۆش كراوە، جەنابی كاك مسرور بارزانی دەتوانێت بە هاوكاریی لیژنەیەكی راوێژكاری پسپۆڕی میدیاكار كاری جددی لەسەر بكات.

پێنجەم: ئەوەی ساڵانێكە بووە بە مۆدێل لەم وڵاتە كە تەنیا حزبەكان و سەركردەی حزبەكان ونوێنەری حزبەكان كۆدەكرێنەوە و گوێیان لێ دەگیرێت، بەڕێز كاك مسرور بارزانی دەتوانێت ئەو مۆدێلە بگۆڕێت و ناو بەناو دابەزێتە ناو جەماوەر و كەسایەتی دیاری كۆمەڵگە لە رووی كۆمەڵایەتی، پسپۆڕی، ئەكادیمی، هونەری و...هتد حیسابیان بۆ بكات و راوێژیان پێ بكات. لەگەڵ بوونی ئەنجومەنێكی راوێژكاریی هەمیشەیی لەسەر بنەمای پسپۆڕی، نە لەسەر بنەمای مەحسووبییەت و مەنسووبییەتی حزبی.

شەشەم: حزبیبوون سەردەمانێكە باڵی بەسەر كۆمەڵگەی ئێمەدا كێشاوە و چووەتە ناو جومگە و خوێنی تێكڕای ئۆرگانەكانی كۆمەڵگە، ئەوەش وایكردووە، خەڵك لە دەرەی حزب بوویێت، خوای دەكرد، ئەنشتاین بێت، كەس حیسابی بۆ نەكردووە. بۆیە بە بڕوای من بۆ ئەمەش پێویستە سەرۆكی حكومەت دابەزێتە ناو كۆمەڵگە بۆ دەستنیشانكردنی كەسانی سەربەخۆ كە دوورن لە حزب و كارامە و بەتوانان و پێشینەیان لای خەڵك پەسەندكراوە، بەشدارییان پێ بكات.

حەوتەم: گەنج توێژێكی هەستیاری كۆمەڵگەیە كە حزب، میدیا و كۆمەڵگە زوڵمی لێ كردووە و تۆراندوویەتی، تا ئەو رادەیەی تاكە خولیای رێژەی زۆرینەی گەنجی ئەم وڵاتە ئەوەیە چۆن ڤیزەیەك دەست بخات و بڕوات وڵات بەجێ بهێڵێت. ئەم توێژە گرینگە تۆراوە لە خێزان، لە نیشتمان، لە حكومەت، لە حزب، بۆیە بەڕێز كاك مسرور بارزانی كە خۆی كەسێكی گەنجە و لە گەنج تێ دەگات، تا لە گەنج نزیك ببێتەوە، ئومێدی زیاتر بە گەنج دەدات، بەتایبەتی لە رەخساندنی هەلی كار و دابینكردنی پێشینەی هاوسەرگیری و بەشداری پێ كردنیان لە ئۆفەرەكانی نیشتەجێبوون و گوێ لێ گرتنیان و تێكەڵی كردنیان هەتا هیواكانیان بە وڵاتی خۆیانەوە گرێ بدەن.

هەشتەم: لەم كۆمەڵگەیە خەریكە بەرەو ئەوە دەڕۆین ماڵی خێزانەكان بووەتە شوێنی توندوتیژی و ئازاردانی منداڵ، بە حوكمی خراپی گوزەرانی خێزانەكان، گۆڕینی شێوازی خێزان و بەرزبوونەوەی رێژەی جیابوونەوەی هاوسەران و...هتد، بۆیە پێویستە بیر لەوە بكرێتەوە، یاسای باشتر دابنرێت بۆ پاراستنی منداڵ و گوزەران و خوێندنی، واتە بودجەی تایبەت بۆ منداڵ تەرخان بكرێت، تاكو لانیكەم لە بواری خوێندن چاوەڕێی دەستی دایك، یان باوك نەبێت، كە بەداخەوە ژمارەیەكی زۆری منداڵان بۆ بۆ دەستخستنی پاروویەك نان كاری زۆر قورسیان پێ دەكرێت و لە خوێندن دابڕاون.



نۆیەم: پەروەردەو خوێندنی باڵا دوو شادەماری کۆمەڵگەن، کە بەداخەوە قەیرانی ئابووری لاوازی کردوون و شکۆی بۆ مامۆستا و پێگەی قوتابخانە و زانکۆ و بڕوانامە نەهێشتووە، کە وای لێهاتووە خەڵك گاڵتەی بە بڕوانامە و زانکۆ و قوتابخانە بێت، بۆیە گەڕانەوەی شکۆ بۆ ئەمانە بە بڕوای من پێویستە لە کارە سەرەکییەکانی حکومەتی ئایندە بێت.

دەیەم: پەککەوتە و بەساڵاچوان، ساڵانێك بە هۆی خانەنشینی و بڕینەوەی مووچەیەك بۆ چاودێرەکانیان دۆخیان باشتر بوو، بەڵام بەداخەوە قەیرانی ئابووری بە تەواوەتی ژیانی ئەوانیشی وێران کرد و پارەی چاودێرەکانیان نەما، خۆشیان بە چەند مانگ جارێك مووچەیەك وەردەگرن، کە شێوازی وەرگرتنەکەشی چەند ڕۆژ لەسەرە دەوەستن، تا کارەساتی دڵتەزێنمان بینی، کە ژن و پیاوی پیر لە سەرەی مووچەوەرگرتندا گیانیان لەدەست دا. بۆیە گرنگیدان بە خانەکانی بەساڵاچووان و پشتیوانی و یارمەتیدانی ئەو خێزانانەی کە کەسانی کەمئەندام و بەسالاچوویان هەیە، پێویستە کاری جددی لەسەر بکرێت.

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ بەڕێز کاك مسرور بارزانی ئەوەی لێی چاوەڕوان دەکرێت، باشکردنی گوزەرانی هاووڵاتی و ئاشتکردنەوەی ئەو چین و توێژانەیە کە لە حزب و حکومەت تۆراون، ئەگەر ئەمانەش بکات، بێگومان دەبێتە ڕەمز بۆ سەرکردەیەکی گەنج و کورد ئەزموونێکی تاقیکراوەی سەرکەوتووی ئەکادیمی و گەنجی سەرکردەی دەبێت.

**هاتنی بەڕێز کاک مسرور بارزانی بۆ ناوەندی ئیدارەکردنی وڵات و وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران لە کاتێکدایە کە بەخت یاوەری پارتەکەیەتی و جەماوەر متمانەیان پێ بەخشیوە**



**دکتۆر ئەحمەد سەفار**

**پسپۆڕی ئابووری و پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:**

# سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا دەرگایەکی دیکەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کردەوە

**پرسی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و ئەو بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنانەی بەم دواییە هاتنەئاراوە، بەتایبەتی لە دوای سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و گرنگیی گرتنەبەری رێگای دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بابەتی پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق و دەستەبەرکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، چەند پرسێك بوون کە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد سەفار شارەزای ئابووری و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

*** ماوەیەکە هەوڵێك لەئارادایە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی ئابووری و نەوت لە نێوان هەرێم و بەغدا تێك بدەن، بەڵام ئەم سەردانەی دوایی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بارودۆخەکەی هێور کردۆتەوە و دەرگایەکی دیکەی کردەوە بۆ ئەوەی کێشە ئابوورییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت، گرنگیی ئەم سەردانەی نێچیرڤان بارزانی بۆ خاوکردنەوەی کێشەکان چۆن بوو؟**

- سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا تەنیا بۆ گفتوگۆکردن نەبوو لەسەر کێشەی نەوت و غاز، بەڵکو سەردانێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی هەموو کێشەکان چارەسەر بکرێت و پەیامێکیش بوو بۆ دڵنیاکردنەوەی بەغدا بەوەی نیەتی باش هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەتایبەتی ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە بواری دارایی و ئابوورییەوە هەیە، لەلایەن خۆشیانەوە بەغدا سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان بە ئەرێنی وەرگرت، تەنانەت لەو سەردانەدا بڕیار درا کەوا رێوشوێن دابنرێت بۆ گفتوگۆکردن و کارکردن لەسەر چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەردوولا، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاری پێکهێنانی شاندێکی تایبەت لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی دیکە لەبەغدا درا، تاوەکو هەردوو شاندەکە دەست بە دیراسەتکردن و گفتوگۆکردن بکەن لەسەر هەموو ئەو کێشانەی لەنێوانیاندا هەیە، لەوانە کێشەی نەوت و غاز و دۆسیێی داهاتی خاڵە سنوورییەکان و پرسی بودجە کە لەساڵی ٢٠٠٤وە تا ئێستا زۆر شت لەسەر هەرێمی کوردستان هەژمار کراوە، لە کاتێکدا هەرێم هیچ پەیوەندی بەو شتانەوە نەبووە، کە بە هۆیەوە چەندین ساڵە بودجە لە هەرێمی کوردستان بڕاوە و بەغدا تا ئێستا بەشە بودجەی راستەقینەی بۆ کوردستان نەناردووە، لەوانە هەموو ئەو ماف و تێچووانەی کۆمپانیا نەوتییەکان کە گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە و لە هەرێم کاریان کردووە و بە هۆیەوە قەرزێکی زۆر لەسەر هەرێمی کوردستان کەڵەکە بووە، ئەگەر بەغدا داوای رەوانەکردنی نەوت لە کوردستان بکات، دەبێت قەرز و مافی هەموو ئەو کۆمپانیا نەوتییانە بدات کە لە کوردستان کاردەکەن، هەروەها چەندین مەسەلەی دیکەی تایبەت بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و باج و رسومات و داهاتەکانەوە هەیە، هەوڵ دەدرێت بە گفتوگۆ و هێمنانە لەگەڵ لایەنی بەغدا چارەسەر بکرێت، چارەسەرکردنی هەموو ئەم کێشانە بۆ بەغدا و هەولێر گرنگە، چونکە هەندێك لە ئەندام پەرلەمان و کوتلە سیاسییەکان بۆ موزایەدە و مەبەست و مەرامی خراپ بەکاری دەهێنن کە وا پێدەچێت لەگەڵ نزیکبوونەوەی گفتوگۆکان لەسەر بودجەی گشتی ساڵی داهاتووی عێراق، دووبارە هەموو ئەم کێشانە بورووژێنرێتەوە و بەلارێدا ببرێن.

*** دیارە وەك لە یاسای بودجەی ٢٠١٩ هاتووە، پرسی نەوت و مووچەی فەرمانبەران لەیەکتری جیاکراوەتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر هەرێمی کوردستان بڕی ئەو ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتە بە رێگەی سۆمۆ**

**لەساڵی ٢٠٠٤وە تا ئێستا زۆر شت لەسەر هەرێمی کوردستان هەژمار کراوە، لە کاتێکدا هەرێم هیچ پەیوەندی بەو شتانەوە نەبووە، کە بە هۆیەوە چەندین ساڵە بودجە لە هەرێمی کوردستان بڕاوە و بەغدا تا ئێستا بەشە بودجەی راستەقینەی بۆ کوردستان نەناردووە**

**ئەگەر بەغدا داوای رەوانەکردنی نەوت لە کوردستان بکات، دەبێت قەرز و مافی هەموو ئەو کۆمپانیا نەوتییانە بدات کە لە کوردستان کاردەکەن**

**نەفرۆشێت، حکومەتی عێراق بڕی پارەکەی لە پشکی کوردستان دەبڕێت، ئەمەش مانای ئەوەیە نەناردنی نەوت پێشێلکردنی یاسای بودجەی ٢٠١٩ نییە و هەرێمی کوردستان پابەندە بە یاساکەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەمە دەقی یاساکە بێت، ئیشکالیەت لە چیدایە وا هەندێك پەرلەمانتار و کوتلەی سیاسی دەیانەوێت کێشە دروست بکەن؟ ئایا دەقی یاسای بودجەی ٢٠١٩ چۆن پەیوەندییە دارایی و ئابوورییەکانی نێوان هەرێم و بەغدای ڕێکخستووە؟**

- لە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٩ لە ماددەی یاسایی ١٠ دا هەموو وردەکاری و شتێکی روون کردۆتەوە و چارەسەری بۆ هەر کێشەیەکیش دیاریکردووە. ماددەی ١٠ی یاسای بودجەی گشتی عێراق دوو خاڵ لەخۆ دەگرێت:

بڕگەی یەکەم: دەبێت موستەحەقاتی دارایی و ئابووری لەنێوان هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی لە ٢٠٠٤ تا کۆتایی ٢٠١٨ چارەسەر بێت.

بڕگەی دووەم: هەر یەك لە خاڵەکانی (أ و ب و ج و د) لەخۆدەگرێت.

أ: تێیدا هاتووە: «دەبێت حکومەتی کوردستان رۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت تەسلیمی حکومەتی عێراقی فیدڕاڵی بکات و بیدات بە کۆمپانیای سۆمۆ.

ب: پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە هەیە؛ کە تێیدا هاتووە: هێزی پێشمەرگە حیساب دەکرێت بە بەشێك لە مەنزومەی وەزارەتی بەرگریی عێراقی فیدڕاڵ و دەبێت رێژەیەك لە بودجەی عێراقی بۆ هێزی پێشمەرگە بێت.

ج: ئەم بڕگەیە زۆر گرنگە و تێیدا هاتووە: «ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی پابەند بێت بە ناردنی (٢٥٠) هەزار بەرمیل نەوت بۆ کۆمپانیای سۆمۆ، ئەو کات بڕی ئەو ژمارە بەرمیل نەوتە لەبەشە بودجەی کوردستان دەبڕدرێت، ئەمە پێی دەوترێت بڕە پارەی زەرەر، واتە (٢٥٠ هەزار بەرمیل رۆژانە× نرخی نەوت ٥٦ دۆلار × ژمارەی رۆژەکان) کە دەگاتە بڕی ئەوەندە پارەیە، ئەو رێژەو ژمارەیە لە بودجەی کوردستان کەم دەکرێتەوە، ئەو بڕە پارەیەی دیکەش کە دەمێنێتەوە، حکومەتی عێراق دەینێرێت بۆ کوردستان، ئەم باسە بە کورتی و پوختی باسێکی تەفسیر و و دروست و واقیعە، چونکە لێرەدا مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە کێشەی نێوان هەرێم و بەغداوە نییە و بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بەوەوە نییە هەرێم نەوت رەوانە دەکات یا نایکات، بەڵکو ڕێککەوتنمان ئەنجام داوە بۆ ساڵی ٢٠١٩ کە مانگانە لەلایەن بەغداوە ئەو بڕە پارەیە بۆ مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان دانراوە، بەپێی ئەو خشتەیەی بۆ فەرمانبەرانی دانراوە بڕی پارەکە بۆ تەواوی ساڵی ٢٠١٩ دەگاتە ٥ تریلیۆن و ٤٤٨ ملیار دینار، ئەگەر ئەو بڕە پارەیە دابەشی بکەین بەسەر ١٢ مانگی ساڵدا ئەوا مانگانە دەکاتە ٤٥٣ ملیار بۆ هەر مانگێك. بەخۆشحاڵییەوە جەنابی وەزیری دارایی بەغداش کە لەسەر پشکی پارتییە کارەکە بەمشێوەیە جێبەجێ دەکات، دیارە ئەمەش بەدڵی هەندێك پەرلەمانتار و کوتلەی سیاسی نییە و دەڵێن: «نەخێر نابێت ڕێککەوتنەکە بەمشێوەیە بێت و مانگانە ئەو بڕە پارەیە بۆ مووچە بنێرن بۆ کوردستان و پێویستە بەمشێوەیە بێت: مادام بەشە بودجەی کوردستان ٩ تریلیۆن و ٨٠٠ ملیار دینارە ئەوا دەبێت دابەش بکرێت بەسەر ١٢ مانگدا و مانگانە دەگاتە ٨١٦ ملیار دینار و مەبلەغی زەرەر لەم ٨١٦ ملیار دیارە ببڕدرێت و ئەو کات ئەوەی دەمێنێتەوە کە بە حیسابی ئەو کەس و لایەنانە نزیکەی ٣٥٠ ملیار دینارە رەوانەی هەرێمی کوردستان بکرێت، لەکاتێکدا بە هیچ شێوەیەك ئەم شیکارییە دروست نییە، چونکە ئێمە و بەغدا بۆ ساڵی ٢٠١٩ ڕێککەوتنمان کردووە کە بڕی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ٢٠١٩ بەگشتی بێتە دەرەوە و بڕی زەرەر لە بڕی پارەکەی دیکە بێت، ڕێککەوتن و یاساکە و بڕگەکانی بە تەواوەتی روونە کە دەڵێت: حکومەتی فیدڕاڵی پابەندە بەناردنی موستەحەقاتی هەرێم لە ناویاندا مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دێت، لەکاتێکیشدا رۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتەکەت نەناردووە ئەوا لە بەشە بودجەی کوردستان کەم دەکرێتەوە.

**ئەگەر کێشەی نەوت چارەسەر نەبێت، ئەوا بۆی هەیە پێدانی مووچەی فەرمانبەران و موستەحەقاتی هەرێم رەفز بکرێت و نەدرێت**

**پێویستە پێش ئەوەی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٠ بێتە پەرلەمان ئەو کێشەیەی نەوت و غاز لەنێوان هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی چارەسەر بکرێت**

**ئەگەر حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان خوازیار بن کێشەکانیان چارەسەر بێت، ئەوا پێویستە هەردوو لا بێنە پێشەوەو بە شەفافییەت دەستوور جێبەجێ بکەن، نەک هەر لایەک بە خواست و ئارەزووی خۆی تەفسیری دەستوور بکەن**

*** کەواتە ئەگەر ئەم مشتومڕە بەردەوام بێت و هەرێم و عێراق نەگەیشتنە ئەنجام ڕەنگە ئەمە مەترسی بۆ سەر موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢٠ هەبێت؟**

-بەڵێ، بۆ ئەمساڵ هیچ مەترسییەك نییە لەسەر مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان، بەڵام مەترسی لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ هەیە و ئێستا لە مانگی ٦ەوە لێژنە دروست کراوە و٣ ئەندام لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقیش لەگەڵیاندایە و لە ئێستاوە کار لەسەر ئامادەکردنی بودجەی ساڵی داهاتوو دەکەن و دەبێت بۆ مانگی ١٠ ئەو پرۆژەیە بگەیندرێتە پەرلەمان، هەربۆیە ئێستا نەیارانی کوردیش کار لەسەر ئەوە دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتبووە بەغدا تاوەکو پێش ئەو بەرواره کار بۆ چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەو گرفتەکانی نێوان هەردوو لا بکرێت. من پێم وایە لە بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم وەکو ئەمساڵ نەبێت، چونکە بە ئاشکرا لە لێژنەی دارایی پەرلەماندا دەڵێن ئەمساڵ مووچەی فەرمانبەرانمان دەرهێناوە لە بەستنەوەی ڕادەستکردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتەکەی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا تاوەکو بتوانن و دەرفەتێك لەلایەن هەرێمەوە دروست بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەتایبەتی کێشەی نەوت، بەڵام ئەگەر کێشەی نەوت چارەسەر نەبێت، ئەوا بۆی هەیە پێدانی مووچەی فەرمانبەران و موستەحەقاتی هەرێم ڕەفز بکرێت و نەدرێت، بۆیە پێویستە پێش ئەوەی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٠ بێتە پەرلەمان ئەو کێشەیەی نەوت و غاز لەنێوان هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی چارەسەر بکرێت.

*** ئێوە ئیکۆنۆمیستێکی لێهاتوون و لەسەر ئاستی سیاسیش ناسراون، ئایا هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە دارایی و ئابوورییەکان لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی چۆن دەبینن؟ ڕاشکاوانەتر ئایا وردەکاریی کێشە داراییەکان چین و نەخشەی ڕێگا لە ڕووی زانستییەوە بۆ ئەو کێشانە چی دەبن؟**

- ئەگەر حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان خوازیار بن کێشەکانیان چارەسەر بێت، ئەوا پێویستە هەردوو لا بێنە پێشەوەو بە شەفافییەت دەستوور جێبەجێ بکەن، نەك هەر لایەك بە خواست و ئارەزووی خۆی تەفسیری دەستوور بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە:

١. هەرێمی کوردستان و عێراق ڕێککەوتنێکی سیاسی لە نێوانیاندا ئەنجام بدەن.

٢. هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق ڕێکەوتنێکی فەرمی واژوو بکەن.

ئەم دوو ڕێکەوتنە زۆر گرنگە، چونکە پەرلەمان ناتوانێت هەموو ئەو کێشە سیاسییانە چارەسەر بکات، کە پێویستی بە ڕێککەوتنی سیاسی لەنێوان هەولێرو بەغدا هەیە. لەناوخۆی هەرێمیشدا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ریفۆرمێك لە سیاسەتی دارایی و ئابووریی خۆیدا ئەنجام بدات، ناکرێت هەروا وەکو ئێستا پشت ببەستین بەو ژێدەرەی لە حکومەتی فیدڕاڵی یان لەدەرەوە دێت، لەکاتێکدا هەرێم دەوڵەمەندە بە سامانی کانزایی و کشتوکاڵی و بەروبوومی خۆی، ئالێرەدا خاڵی ٣ دێت، کە بریتییە لە بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە بووژانەوەی ئابووری و ریفۆرمی دارایی بۆ سووککردنی باری دارایی حکومەت، نابێت چیتر ئەو ڕێژە زۆرەی فەرمانبەرانی حکومەت لەکاری وەزیفیدا بن، دەبێت بگوازرێنەوە بۆ کەرتی تایبەت. کەرتی تایبەتیش پێویستی بە ریفۆرم هەیە، تاوەکو لە ئاست گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بێت و بتوانێت کێبڕکێ لەناو ئابووریدا بکات و مۆنۆپۆل کەم ببێتەوە، ئەمەش هەمووی پلانی پێویستە، پلانێکی هەمیشەیی بۆ بووژانەوەی کەرتەکانی (کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گەشتیاری و کانزاکاری و.. تادوایی)، واتا دەبێت سەرچاوەکانی دارایی و داهات جۆراوجۆر بکەین و چیتر بەو هەڵە ئابوورییە بەردەوام نەبین کە تەنیا پشتمان بە هەناردەو داهاتی نەوت بەستووە، ئەمە چارەسەری ریشەیی کێشەکانی ئابووریی ئەم وڵاتەیە بە ڕوونکردنەوەی کەرتەکانی بەرهەمهێنی ڕاستەقینەی وەکو بەروبوومی کشتوکاڵ و پیشەسازی، ئەگەر ئەم هەنگاوەمان نا، ئەوا هەرێم دەبێتەوە بە سەبەتەیەکی ناوەندی خۆراکی نەك بۆ خۆی

**پەرلەمان ناتوانێت هەموو ئەو کێشە سیاسییانە چارەسەر بکات، کە پێویستی بە ڕێککەوتنی سیاسی لەنێوان هەولێرو بەغدا هەیە**

**نابێت چیتر ئەو ڕێژە زۆرەی فەرمانبەرانی حکومەت لەکاری وەزیفیدا بن، دەبێت بگوازرێنەوە بۆ کەرتی تایبەت. کەرتی تایبەتیش پێویستی بە ریفۆرم هەیە، تاوەکو لە ئاست گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بێت و بتوانێت کێبڕکێ لەناو ئابووریدا بکات و مۆنۆپۆل کەم ببێتەوە**

**دەبێت سەرچاوەکانی دارایی و داهات جۆراوجۆر بکەین و چیتر بەو هەڵە ئابوورییە بەردەوام نەبین کە تەنیا پشتمان بە هەناردەو داهاتی نەوت بەستووە، ئەمە چارەسەری ریشەیی کێشەکانی ئابووریی ئەم وڵاتەیە**

**لە ڕووی پەرەپێدانی پیشەسازییەوە دەکرێت لە قۆناغی سەرەتادا ڕووبکەینە بونیاتنانی پیشەسازیی بچووک و مامناوەندی بەتایبەتی ئەوەی پێی دەڵێن پیشەسازی خۆراکی تاوەکو خۆبژێوی ناوخۆ دابین بکەین**

**دۆزینەوەی سەرچاوەی داهاتی ڕاستەقینە و بەردەوام بۆ جێگرەوەی نەوت و ئەو داهاتەی کە لە بەغداوە دێت، لە ڕیزبەندیی پێشەوەی کارەکانی حوکمڕانییەکی سەرکەوتووی بەهێز دێت**

**یاسای وەبەرهێنان لەکوردستان و عێراقیشدا پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، چونکە یاساکە لە ڕووی پراکتیکییەوە زەحمەتە بتوانرێت جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی مۆنۆپۆڵ هەیە و دابەشکردنی بۆ دەرامەتەکان دروست نییە**

و تەنیا تێرکردنی خواستی ناوخۆیی، بەڵکو بۆ عێراق و وڵاتانی دیکەش، لە ڕووی پەرەپێدانی پیشەسازییەوە دەکرێت لە قۆناغی سەرەتادا ڕووبکەینە بونیاتنانی پیشەسازیی بچووک و مامناوەندی بەتایبەتی ئەوەی پێی دەڵێن پیشەسازی خۆراکی تاوەکو خۆبژێوی ناوخۆ دابین بکەین و بەغداو پایتەختەکانی دیکەش ئامادە نەبن دەستبەرداری ئابوورییەکی بەهێزی کوردستان بن. تۆ کاتێك دەبیتە ناوەندێکی ئابووریی بەهێز و گرنگ کە پایتەختەکانی عێراق و وڵاتانی دراوسێ پێویستیان بە بەروبومەکەت بوو، دەبێت بەمجۆرە کار بکەین و تێڕوانینی دوورمەودامان لەسەر هەموو کەرتەکان هەبێت. ناکرێت چیتر پشت ببەستین بە داهاتی نەوت و پشکی بەشە بودجەی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق، خۆ مەرج نییە مەترسییەکە تەنیا لەبڕینی بودجەکەدا بێت، بەڵکو هەرکاتێك بەغدا تێکچوو، یان نرخی بەرمیلێك نەوتی خاو لە بازاڕە جیهانییەکان هاتەخوارەوە، ئەوا ئەو داهاتەی لە بەغداشەوە دێت، دەبڕدرێت، دۆزینەوەی سەرچاوەی داهاتی ڕاستەقینە و بەردەوام بۆ جێگرەوەی نەوت و ئەو داهاتەی کە لە بەغداوە دێت، لە ڕیزبەندیی پێشەوەی کارەکانی حوکمڕانییەکی سەرکەوتووی بەهێز دێت.

*** دەزانن هەم حکومەتی فیدراڵی، هەمیش حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای وەبەرهێنانی خۆیان هەیە، بەڵام هەردوو یاساکە لەژێر چەتری دەستووردا یەك دەگرنەوە، ئایا تاچەند لە ڕووی یاساییەوە، یاسای وەبەرهێنانی کوردستان خزمەتی ئابووریی تەواوی عێراق دەکات و تاچەند یاسای وەبەرهێنانی حکومەتی فیدراڵی هاوکاری گەشەی ئابووریی هەرێم دەکات؟**

- زۆربەی یاساکان کە لەسەر کاغەز نووسراون، یاسای باشن و خراپ نین، بەڵام یاسای وەبەرهێنان لەکوردستان و عێراقیشدا پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، چونکە یاساکە لە ڕووی پراکتیکییەوە زەحمەتە بتوانرێت جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی مۆنۆپۆڵ هەیە و دابەشکردنی بۆ دەرامەتەکان دروست نییە، تەنانەت نەخشەی وەبەرهێنان نییە، بۆیە دەبێت ئەو نەخشەیە دروست بکرێت و لە سەر بنەمای ڕیزبەندی بۆ کەرتەکان بێت، دەبێت بزانین چ کەرتێك لە چ شوێنێك و زەمەنێکدا پێویستە وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، لە هەندێك شوێنی کوردستان بارودۆخی سروشتی و مرۆیی لەبارە و لەهەندێك شوێنی دیکە لەبار نییە، بۆیە دەتوانرێت لەوەبەرهێناندا پسپۆڕایەتی وەربگیرێت، هاوکات پێویستە هاوکاری و ئاسانکاریی باش بۆ کەرتی تایبەت پێشکەش بکرێت، تاوەکو هەلی باش و پاڵپشتی ئەو کەرتە بکرێت. بە بۆچوونی من پێویستە لە نەخشەی وەبەرهێناندا ڕیزبەندی بۆ کەرتەکانی کشتوکاڵ و گەشتیاری و پیشەسازی و بازرگانی بدرێت، نەك وەکو ئێستا تەنیا لەبواری یەکەی نیشتەجێبوون و دروستکردنی باڵەخانە کە بەشێوەیەك ڕوو لە کەرتی نیشتەجێبوون کرا، تەنانەت کێشەی نیشتەجێبوونیشی پێ چارەسەر نەکرا، دەبێت هەرێمی کوردستان پەرە بە هەموو کەرتەکان بدات و پشت بە نەوت و پشکی بودجەی بەغدا نەبەستێت.

*** ئەگەر ئەم پرسیارەمان سەبارەت بە ئایندەی پەیوەندییە ئابووری و داراییەکانی کوردستان بێت، ئایا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چ هەنگاوێ بەرامبەر حکومەتی فیدراڵی هەڵبگرێت، یان ئایا حکومەتی فیدراڵی دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی هەم کێشە ئابووری و داراییەکان چارەسەر بکەن، هەم ئابووریی کوردستان و ئابووریی عێراق تەواوکاری ئابووری (التكامل الاقتصادي)ی یەکتری بکەن؟**

- سەبارەت بە تەکامولی ئابووری لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێرقدا کە ئێستا تا ڕاددەیەك بوونی هەیە، پەیوەندی باش لەنێوان کۆمپانیاکان هەیە و هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقێکی فیدراڵی و لە ڕووی دارایی و گومرگی و سیاسەتی نەختینەییەوە تێکەڵن، هەر لەبەر ئەمەش بوو هەموو دەروازەکان و خاڵە گومرگییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هەڵگیران، چونکە خاڵی گومرگی و بازگەی گومرگی لەسەر سنوورەکان و دەروازە نێودەوڵەتییەکان هەیە، نەك لەنێوان هەرێم و شارەکاندا، بەڵام

بۆیە هاوولاتی یان بازرگان و چین و توێژەکان وا هەست دەکەن کەوا تەکامولی ئابووری نییە، چونکە تا ئێستا کۆمەڵێك کێشەی چارەسەرنەکراو لەنێوان هەرێم و عێراقدا ماون کە کاریگەریی خراپیان کردۆتە سەر بواری ئابووری و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا، بەپێچەوانەوە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق دەبێتە هۆکاری تەواوکاریی ئابووری و گەشەکردنی هەردوولا، بەتایبەتی سوودی گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە هەرێم بەشێکە لە دەوڵەتێکی فیدراڵی و ناتوانێت لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا هەموو مامەڵەیەك بکات، بۆ نموونە هەرێمی کوردستان دەسەلاتی نییە لە بانکی نێودەوڵەتی قەرز بکات، یان لە وڵاتانی دیکە قەرز بکات، تەنانەت لە رووی سیاسەتی دارایی و نەختینەیی و بازرگانیشەوە لەتوانایدا نییە هەموو شتێك هاوردە بکات، ئەوە حکومەتی فیدراڵییە ئەو سیاسەت و بەرنامانە دادەرێژێت و وێنەی دەکات، بەشێوەیەکی گشتی تەکامولی ئابووری لەنێوان هەرێم و عێراقدا هەیە، بەڵام ئەو کاتە بە تەواوەتی تەکامولی ئابووری دروست دەبێت کە پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا باش بێت و کێشە لەنێوانیاندا نەبێت و دانوستان و گفتوگۆی شەفافیان هەبێت.

*** باسی ریفۆرمی ئابووریتان کرد، ئایا پێویستە ئەو ریفۆرمە لە کەرتی تایبەتیشدا بکرێت؟**

- کەرتی تایبەت بۆ گەشەپێدانی ئابووری زۆر پێویست و گرنگە، هەر بۆیە ئەو کەرتەش بەهاوشێوەی کەرتی حکومی پێویستی بە چاکسازیی و ریفۆرم هەیە، چونکە کەرتی تایبەتی ئێستا، کەرتێکی رێکخراو نییە و پێویستی بەوە هەیە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان لە رووی یاسا و تەشریعاتەوە رێکی بخەن و هانی خەڵکی بدەن کە لەو کەرتەدا کاربکەن و هەمان ماف و ئیمتیازاتی دارایی و خانەنشینی و مۆڵەت و زەماناتی حکومی هەبێت، هەروەها لە رووی گەندەڵی و دەستێوەردان و مۆنۆپۆڵەوە هەنگاوی بوێر بنرێت، نەك وەکو ئێستا چەند کۆمپانیایەکی مۆنۆپۆڵ بێت و قۆرخی بازاڕ بکەن و خەڵکی دیکەش لێی بێبەش بن، ئەم حاڵەت و واقیعە بۆ عێراقیش بە هەمان شێوەیە.

*** باسی ئەوەتان کرد لە عێراق کەرتی تایبەت و حکومی پێویستی بە رێکخستنەوە هەیە و چەندین کێشە و گرفتی گەورەی هەیە، ئەو حکومەتە بەرنامەیەکی ئابووریی رێکوپێکی لە پەرلەمان خستەڕوو، ئایا نەتوانراوە ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکرێت؟**

- حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دوای یەك ساڵ نەیتوانی بەرنامە وەزارییەکەی و بەرنامە حکومییەکەی بەتایبەتی ئابوورییەکەی جێبەجێ بکات، بە بۆچوونی من کەمتر لە رێژەی ٢٠٪ی بەرنامەکەی بۆ جێبەجێ کرا، ململانێی سیاسی و حزبی کە لەبەغدا هەیە، رێگا نادات کارەکانی بکات و بەردەوام دەستێوەردان لە ئیشوکاری حکومەت هەیە و گەندەڵی زۆر گەورە لەبەغدا هەیە و تازە بەتازە سێ پۆستی وەزاریی بۆ پڕکرایەوە و وەزارەتێکیش هەر ماوە. ئێستاکە زۆر پرۆژە هەیە کە پارە و بودجەشی بۆ تەرخان کراوە، کەچی ئیشوکارەکانی زۆر بە سستی بەرێوەدەچن کە دەبێت لەدوو مانگی داهاتوودا کار لەسەر ئەو پرۆژانە بکرێت، چونکە ئەگەر کاری لەسەر نەکرێت، هەرچی بودجەو پارە هەیە بۆ ئەو پرۆژانە تەرخان کراوە دەگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت بەشێوەیەکی گشتی جێبەجێنەکردنی بەرنامە حکومییەکەی عادل عەبدولمەهدی بۆ دوو خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

١. ململانێی نێوان کوتلە سیاسی و حزبەکان کە رێگرن لەبەردەم کاروئیشەکان بەشێوەیەکی ئازاد و سەربەست.

٢. وەزارەتەکان لە ئیشوکارەکانیاندا زۆر سست و لەسەرخۆن.

کاتەکە خزمەت بەکەس ناکات و دەبێت لەماوەیەکی کەمدا خێرا هەموو ئەو کارو ئیشانە جێبەجێ بکرێت، چونکە لەماوەی یاسادانانی پەرلەماندا کە لە دوای دوو مانگ تا سێ مانگی دیکە دێت، لێپرسینەوە لەسەر سستی و خراپی بەرێوەچوونی کارو پرۆژەکان لەگەڵ وەزیرو وەزارەتەکان دەکات و نارەزایەتییەکانی شەقامیش لە بەرژەوەندیی سەرۆك وەزیراندا نییە.

**پێویستە لە نەخشەی وەبەرهێناندا ریزبەندی بۆ کەرتەکانی کشتوکاڵ و گەشتیاری و پیشەسازی و بازرگانی بدرێت، نەك وەکو ئێستا تەنیا لەبواری یەکەی نیشتەجێبوون و دروستکردنی باڵەخانە کە بەشێوەیەك روو لە کەرتی نیشتەجێبوون کرا، تەنانەت کێشەی نیشتەجێبوونیشی پێ چارەسەر نەکرا**

**چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق دەبێتە هۆکاری تەواوکاریی ئابووری و گەشەکردنی هەردوولا، بەتایبەتی سوودی گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە هەرێم بەشێکە لە دەوڵەتێکی فیدراڵی و ناتوانێت لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا هەموو مامەڵەیەك بکات**

**تەکامولی ئابووری لەنێوان هەرێم و عێراقدا هەیە، بەڵام ئەو کاتە بە تەواوەتی تەکامولی ئابووری دروست دەبێت کە پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا باش بێت و کێشە لەنێوانیاندا نەبێت و دانوستان و گفتوگۆی شەفافیان هەبێت**

# ئیسلامی سیاسی له جەزائیر

له ساڵی ١٨٣٠ فەڕەنسا جەزائیری داگیرکرد، عەبدولقادر جەزائیری سەرۆکایەتیی بەرگریی کردو جەزائیرییەکانیش لە ساڵی ١٨٣٢ بەیعەتیان پێ دا. شۆڕشە عەرەبییەکان هەمیشە ڕەهەندی ئایینییان پێوە دیاربوو، بەو پێیەی کە بەرهەڵستیی داگیرکار و کۆلۆنیالیزم دەکەن، ئاساییە کە زانایانی ئایینی سەرۆکایەتیی بکەن و ئەمەش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی لۆژیکییە، ئەمیر عەبدولقادر جەزائیری دامەزرێنەری دەوڵەتی تازەی جەزائیر و یەکەم کەس بوو کە لەپێناو سەربەخۆییدا بەرهەڵستیی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسیی کرد، ئەو توانی سوپایەك لە خۆبەخشان پێکبهێنێت، تا سەرکردەی فەرەنسی لویس دی میشال Louis Alexis Demichelsی ناچارکرد، کە لە ساڵی ١٨٣٤ شەڕ رابگرێت، بەڵام فەڕەنسا پێشێلی کرد، جەزائیرییەکانیش بە بەرگریکردن بەردەوام بوون، تا دواتر رێککەوتننامەیەکیان لەگەڵ ژەنەڕاڵ تۆماس بیجود (Robert Bugeaud Thomas) واژۆکرد، بەڵام دیسان پێشێلکرا، بیجود بە پیاوانی ئەمیر عەبدولقادری گوت: زەوی ناکێڵن، ئەگەر کێڵاشتان نایچێنن، ئەگەر چاندیشتان نایدوورنەوە، ئەمەش وای کرد کە ئەمیر شۆڕشی پارتیزانی بکات و داوای یارمەتیشی لە سوڵتانی مەغریب (مەولای عبدولرەحمان) کرد، بەڵام سوڵتانی مەغریب لە ترسی فەڕەنسا نەیوێرا هاوکارییان بکات، بۆیە میر لە ساڵی ١٨٤٧ خۆی رادەست کردو گوازرایەوە بەندیخانەی پو (Pau) لە باشووری فەڕەنسا.

له ساڵی ١٩٣١ لەسەر دەستی شێخ عەبدولحەمید بادیس کۆمەڵەی زانایانی موسڵمانانی جەزائیر لە پایتەخت دامەزرا، کە کۆمەڵەیەکی ئایینی بوو بۆ خزمەتی کۆمەڵگە و ئایین و، دووربوو لە سیاسەت، کە لەترسی پوکانەوە بە کاریگەریی کلتووری فەرەنسی چەند قوتابخانەیەکیان بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی و کلتووری ئیسلامی کردەوە. کۆمەڵەکە دروشمی (ئیسلام ئایینمانە، عەرەبی زمانمانە، جەزائیر نیشتمانمانە)ی بەرزرکردەوە، لە ساڵی ١٩٣٦ ئیبن بادیس دژی پرۆژەی یەکگرتنەوەی جەزائیر لەگەڵ فەڕەنسا داوای بەستنی کۆنگرەیەکی ئیسلامیی لە جەزائیر کرد، لە ١٩٣٧ داوای لە پەرلەمانتاران کرد بایکۆتی پەرلەمان بکەن تایبەت بەم پرۆژەیە، لە ١٩٤٠ بادیس کۆچی دوایی کرد، دوای ئەو بەشیر ئیبراهیمی کە جێگری بوو شوێنی گرتەوە، ئیبراهیمیی لە ساڵی١٩٣٣ پارێزگای تلسمانی کردە بارەگا بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی و قوتابخانەی فەرموودەی لە ١٩٣٧ دامەزراند، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە تاراوگە سەرۆکایەتیی کۆمەڵەکەی کرد، کە فەڕەنسا بۆ باشووری رۆژئاوای جەزائیر دووری خستبۆوە، دواتر لە ١٩٤٣ ئازادی کرد، لە ساڵی ١٩٤٥ دوای دەستگیر کردنەوەی لە بەندیخانەی سەربازیی فەڕەنسا ئەشکەنجەدرا، لە ١٩٤٦ دیسان بەردرا، لە راستیدا هەرچەندە کۆمەڵەی زانایانی موسڵمانانی

**له ساڵی ١٩٣٦ ئیبن بادیس دژی پرۆژەی یەکگرتنەوەی جەزائیر لەگەڵ فەڕەنسا داوای بەستنی کۆنگرەیەکی ئیسلامیی لە جەزائیر کرد**



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

جەزائیر رایگەیاندبوو کە دوورن لە سیاسەت، بەڵام سیاسەتیان دەکرد، رەنگە فەرەنسا ناچاری کردبێت، بەتایبەتیش سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی دوژمنکارانە بوو، ئەم کۆمەڵەیە کاریگەریی زۆری بەسەر جەزائیرییەکانەوە هەبوو، شۆڕشی عەبدولقادر جەزائیری و بارودۆخی ئەو کاتەی بەیەکەوە بەستبۆوە، دوای بەرپابوونی شۆڕشی میللیی نیشتمانیی جەزائیری لە ساڵی ١٩٥٤و دوای ساڵێکیش بەشیر ئیبراهیمی کۆمەڵەکەی هەڵوەشاندەوە و چووە نێو بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانی، واتا وازی لە کۆمەڵەیەکی ئیسلامی هێنا لەپێناو بەرەیەکی نیشتمانی بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی، ئەم شۆڕشە حەوت ساڵ بەردەوام بوو بۆ وەدیهێنانی سەربەخۆیی، دوای وتووێژێکی زۆر لەنێوان شۆڕشگێڕان و سەرۆکی فەرەنسی شارڵ دیگۆل (Charles de Gaulle) کە رێککەوتننامەی Evian Accords واژۆکرد، بۆ ئەوەی شۆڕش رابگیرێت و مافی چارەی خۆنووسین لە راپرسییەکی میللیدا ئەنجام بدرێت، جەزائیرییەکان دەنگێکی زۆریان بۆ سەربەخۆیی دا، فەرەنسا لە ساڵی ١٩٦٢ دانی بە سەربەخۆیی جەزائیردا نا، جەزائیرییەکان لەپێناو ئازادبوون لە کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی کە ١٣٢ ساڵ حوکمڕانیکردن، ملیۆنێك شەهیدیان دا، لە ساڵی ١٩٦٢ئەنجومەنی دامەزراندنی نیشتمانی (فەرەحات عەباس)ی وەك یەکەم سەرۆکی جەزائیر هەڵبژارد، بەڵام دوای ساڵێك لەبەر ناکۆکی لەگەڵ ئەحمەد بن بلای سەرۆك وەزیران دەستی لەکارکێشایەوە، و فەرەحات خرایە زیندانەوە و دوو ساڵی تێدا مایەوە، بن بلا لە ساڵی ١٩٦٣ بوو بەیەکەم سەرۆکی کۆماری جەزائیر، دواتر لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٦٤ بە ئەمینداری گشتیی مەکتەبی سیاسیی حزبی بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانی هەڵبژێردرا، بن بلا سیستەمی سۆشیالیستیی پیادە دەکرد، ئەوانەی دژی بوون هەموویانی لەناوبرد، بەشیر ئیبراهیمی هاتە نێو بەرەی ئینقاز و رەخنەی لە بن بلا گرت، چونکە رێنمایی دژ بە بنەما چەسپاوەکانی ئیسلامی هێنابوو، بۆیە بن بلا خستیە نیشتەجێکردنی زۆرداەکییەوە، تا لە ساڵی ١٩٦٥ کۆچی دوایی کرد، هەروەها بن بلا (عەقید شەعبان)ی لە ساڵی ١٩٦٤ کوشت کە دژی رێنماییەکانی ئەو بوو، هەواری بۆمدیەن لە ساڵی ١٩٦٥ سەرۆکایەتیی کودەتایەکی سەربازیی کرد دژی بن بیلا و لەناوی بردو بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی راستکردنەوەی شۆڕش، بن بلای خستە زیندانەوە تا سەرۆك شازلی بن جدید لە ساڵی ١٩٨٠ ئازادیی کرد، لە ساڵی ١٩٧٥ هەواری بوو بە سەرۆك کۆمار، بەڵام تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بوو و پزیشکان نەیانتوانی چارەسەری بکەن و لە ١٩٧٨ کۆچی دوایی کرد، هەواری نەیهێشتبوو کەس ببێتە جێگری، بۆیە مردنەکەی بووە مایەی ململانێی ئەندامانی حزبی فەرمانڕەوا بەسەرۆکایەتیی محەمەد ساڵح یەحیاوی لەگەڵ

**هەرچەندە کۆمەڵەی زانایانی موسڵمانانی جەزائیر رایگەیاندبوو کە دوورن لە سیاسەت، بەڵام سیاسەتیان دەکرد، رەنگە فەرەنسا ناچاری کردبێت، بەتایبەتیش کە سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی دوژمنکارانە بوو**

**دوای بەرپابوونی شۆڕشی میللیی نیشتمانیی جەزائیری لە ساڵی ١٩٥٤و دوای ساڵێکیش بەشیر ئیبراهیمی کۆمەڵەکەی هەڵوەشاندەوە و چووە نێو بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانی، واتا وازی لە کۆمەڵەیەکی ئیسلامی هێنا لەپێناو بەرەیەکی نیشتمانی بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی**

**لە ساڵی ١٩٨٨دا دوای دابەزینی نرخی نەوت جەزائیر کەوتە نێو قەیرانێکی ئابوورییەوە، حکومەت پەنای بردە بەر جێبەجێکردنی سیاسەتی لێگرتنەوە، چەندین خۆپیشاندانی میللی دژی سیاسەتی حکومەت سازکران، حکومەتیش بە چەک وەڵامی دانەوەو زۆری لێ کوشتن**

عەبدولعەزیز بوتەفلیقە کە لە حکومەتەکەی هەواری وەزیری دەرەوە بوو، سوپای جەزائیر لە کاندیدکردنی شازلی بن جەدید دەستێوەردانی کرد، دەستووری ساڵی ١٩٧٦ی جەزائیر بەدەق دەڵێت: هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار تەنیا لە دەسەڵاتی بەرەی ئینقازی نیشتمانیدایە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٩ شازلی بن جەدید بوو بە سەرۆک کۆمار و تا ١٩٩٢ لە دەسەڵاتدا مایەوە، لە ساڵی ١٩٨٨دا دوای دابەزینی نرخی نەوت جەزائیر کەوتە نێو قەیرانێکی ئابوورییەوە، حکومەت پەنای بردە بەر جێبەجێکردنی سیاسەتی لێگرتنەوە، چەندین خۆپیشاندانی میللی دژی سیاسەتی حکومەت سازکران، حکومەتیش بە چەک وەڵامی دانەوەو زۆری لێ کوشتن، بەمەش ترسێکی زۆر لە رژێمی سیاسی نیشت، بۆیە شازلی بن جەدید لە ساڵی ١٩٨٩ دەستووری گۆڕی تاکو رێگە بە فرەیی سیاسی بدرێت و فشاری شەقام کەم بێتەوە، چونکە سی ساڵ بوو تاکە حزبێك حوکمی دەکرد، لە ساڵی ١٩٨٩ دوابەدوای دەرکردنی یاسای فرەیی سیاسی (٦٠) حزب دامەزران، لەوانەش بەرەی ئیسلامی بۆ ئینقاز بەسەرۆکایەتیی عەباس مەدەنی و جێگرەکەی عەلی بلحاج، حکومەتیش رازی بوو کە دابمەزرێت، شازلی لە ساڵی ١٩٩٠ داوای هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی کرد، بەمەش (بەرەی ئیسلامیی ئینقاز) سەرکەوت، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئەزموونێکی تازە بوو، هاوکات سزایەکیش بوو لە گەلەوە بۆ حزبی (بەرەی ئینقازی نیشتمانی) ی فەرمانڕەوا، حکومەت عەباس مەدەنی و عەلی بلحاجی دەستگیرکرد بۆ ماوەی(١٢)ساڵ خستنیە زیندانەوە، دواتر لە ٢٠٠٣ ئازادی کردن، عەباس مەدەنی چووە قەتەرو رەگەزنامەی ئەوێی وەرگرت و لە ٢٠١٩ کۆچی دوایی کرد، بەلحاجیش هەر لە جەزائیر مایەوە، لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیی ١٩٩١دا بەرەی ئیسلامی بۆ ئینقاز سەرکەوتنێکی گەورەی بە سەرۆکایەتیی عەبدولقادر حەشانی بەدەست هێنا، سوپا دەستێوەردانی کردو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی لە گەڕی یەکەمدا هەڵوەشاندەوە، ئەمەش هێدمەیەك بوو بۆ حکومەت، شازلی دوای فشاری وەزیری بەرگری کە دەیویست بەرەی ئیسلامی بۆ ئینقاز هەڵوەشێنێتەوە، دەستی لەکار کێشایەوە، بەرەی ئیسلامی بۆ ئینقاز قەدەغەکراو سەرکردەکانیشی خرانە زیندانەوە، دواتر پەرلەمان هەڵوەشایەوەو و باری نائاسایی راگەیەنرا، رژێمی جەزائیر هەڵەی کرد کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەڵوەشاندەوە، ئەمە لەناوبردنی دیموکراسییەت بوو، دەبوو رێگەی بە ئیسلامییەکان بدایە حوکم بکەن، دیارە حوکمەشیان زۆری نەدەخایاند، چونکە تێڕوانینی نیشتمانییان بۆ چەمکی دەوڵەت نییە، ئەوان تەنیا دەیانەوێت دەوڵەتێکی ئیسلامیی بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت دابمەزرێنن، لە کۆمەڵگەیەکی فرەپێکهاتەدا ناتوانن دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژی دامەزرێنن، بەڵکو چارەسەر دەوڵەتێکی دیموکراسی نیشتمانییە، بۆیە رژێم بەرپرسیارێتیی بەشێکی زۆری ئاسەواری شەڕی ناوخۆی کەوتە سەر شان، لەبەر ئەوە بەرەی ئیسلامی بوو بە بەرەیەکی چەکدار بە ناوی کۆمەڵی ئیسلامیی چەکدارو سوپای ئیسلامی کە بۆ ماوەی دە ساڵ دژی حکومەت وەستایەوە، لە ١٩٩٤حکومەت شەڕی دژ بە بەرەی ئینقاز راگەیاند و ئەو ماوەیەش(١٩٩٠-٢٠٠٠) بە دە ساڵەی رەش ناسرا، چونکە ساڵانی رەش بوون لە ژیانی جەزائیرییەکان و شەڕی ناوخۆیش چارەکە ملیۆنێك کوژراوی لێکەوتەوە، دوای ئەوەی (٢٧)ساڵ لە دەرەوە سوپای جەزائیر محەمەد بوزیافی داواکرد و لە ١٩٩٢ دوای دەست لەکار کێشانەوەی شازلی، بوزیاف بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دەوڵەت هەڵبژێردرا، ئەمەش تاکو وڵات لە ئاشوب و شەڕی ناوخۆ بەدووربگیرێت، بەڵام لە هەمان ساڵدا کوژرا، دوای ئەو عەلی کافی تا ساڵی ١٩٩٤ شوێنی گرتەوە و دوای خۆیشی سەرۆکایەتیی رادەستی لیوای خانەنشین (یەمین زروال) کرد، زروال وتوویژی لەگەڵ بەرەی ئینقاز دەست پێکرد، بەڵام شکستی هێنا، دواتر داوای هەڵبژاردنی کرد، دواتر لە ساڵی ١٩٩٥سەرکەوتنی بەدەستهێناو بوو بە سەرۆك، ئۆپۆزسیۆن ئەو هەڵبژاردنەی بە ساختە وەسفکرد و لە هەمان ساڵیشدا کۆمەڵی ئیسلامیی چەکدار (خەلافەتی ئیسلامی)ی راگەیاندو شەریف غوسمی بە ئەمیر هەڵبژێردرا، ئەوجا کوشتن و تەقینەوە دەستیان پێکرد، لە ساڵی ١٩٩٨زروال دەستی لەکار کێشایەوە، هەڵبژاردنی پێشوەختە کراو عەبدولعەزیز بوتەفلیقە دوای کشانەوەی شەش رکابەر سەرکەوت، لە ساڵی ١٩٩٩ بوو بە سەرۆك کۆمار، دوای پێنج ساڵ بۆ دووەم جار لە ٢٠٠٤ بە رێژەی ٨٥٪ دەرچوو و لە ساڵی ٢٠٠٧ تیرۆر

کرا، لە ساڵی ٢٠٠٨ دەستوور هەموارکرایەوەو ماوەی کاندیدبوون بۆ سەرۆکایەتی هەڵوەشێنرایەوە. لە ٢٠٠٩ بۆ جاری سێیەم بە ڕێژەی ٩٠,٢٤٪ هەڵبژێردرایەوە، لە ساڵی ٢٠١٣ تووشی جەڵتەی مێشك بوو و گواستیانەوە بۆ پاریس، دوای چوار مانگ بە کورسی جووڵەدار گەڕایەوە، لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ جاری چوارەم خۆی کاندیدکرد، بە ڕێژەی ٨٠٪ بە بایکۆتی ئۆپۆزسیۆنیشەوە دەرچوو، دواتر خەڵکەکە خۆپیشاندانیان دژی پێنجەم جار کاندیدبوونی ڕێکخست، لە کۆتاییدا بڕیاری دا لە ٢٠١٩ خۆی هەڵنەبژێرێتەوە.

بوتەفلیقە دوای سەرکەوتنی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٩ گوێی نەدەدایە قسەی نەیاران کاتێ باسیان لە ساختەیی هەڵبژاردن دەکرد، بوتەفلیقە پڕۆژەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی دایە پەرلەمان تا بڕیاری لێ بدات، کۆمەڵی ئیسلامیی چەکدار و کۆمەڵی سەلەفی بۆ بانگخوازی و کوشتار ڕەتیان کردەوە، بوتەفلیقە کەوتە گفتوگۆوە لەگەڵ سوپای ئیسلامیی باڵی چەکداریی بەرەی ئینقاز تاکو مل بۆ ئاشتی بدات، عەبدولقادر حەشانی سەرۆکی بەرەی ئینقاز بوو، ڕەخنەی لە سوپا گرت چونکە ڕێزی دەستووری نەگرتووە، ڕەخنەشی لە پرۆژەکەی بوتەفلیقە گرت و لە ١٩٩٢ دەستگیرکراو و لە ساڵی ١٩٩٧ ئازادکرا، دژی هەموو کردەوەکانی تیرۆرو توندوتیژی وەستایەوە، کە کۆمەڵەی ئیسلامیی چەکدار ئەنجامیان دەدا، (ئەوانەی لە بەرەی ئینقاز جیابووبوونەوە)، عەنتەر زوابری ڕابەری کۆمەڵەی ئیسلامیی چەکدار (فوئاد بلیمە)ی ئەندامی کۆمەڵەکەی نارد کە لە ١٩٩٩ عەبدولقادر حەشانی کوشت، دادگایەکی جەزائیری بڕیاری لەسێدارەدانی بکوژەکەی دەرکرد، گرووپی ئیسلامیی چەکدار کە لە بەرەی ئینقاز جیابووبۆوە لە چەکدارانی ئەفغانستان و بۆسنا و شیشان پێکهاتبوو، لە ساڵی ١٩٩٢ بە سەرۆکایەتیی مەنسور ملیانی دامەزرا کە لە ساڵی ١٩٩٢ لەسێدارەدرا، محەمەد عەلال دوای ئەو هات، بەڵام کوژراو عەبدولحەق عەیایدە جێی گرتەوە، ئەویش لە مەغریب دەستگیرکراو ڕادەستی جەزائیر کرایەوە و لەساڵی ٢٠٠٦ ئازادکرا، دواتر سەید ئەحمەد موراد ناسراو بە جەعفەر ئەفغانی شوێنی گرتەوەو ئەویش لە ١٩٩٤ کوژرا، جەمال زەیتونی هات و چەند فتوایەکی دەرکرد کە ئەو ئیسلامی و مەلا نەریتییانە بکوژرێن کە سەرپێچیی ئەو دەکەن، یەکێك لەوانەی کوژران بە فەرمانی زەیتونی ناوی شێخ محەمەد سەعید بوو، بەڵام هاوبەندی ئیسلامی بۆ بانگخوازی و کوشتار لە تۆڵەدا زەیتونییان کوشت، عەنتەر زەوابری کە کەسێکی بکوژ بوو سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامیی چەکداری کرد و چەندین کوشتارگەی ئەنجامدا لە ساڵی٢٠٠٢ کوژرا، دواتر ڕەشید ئەبو توراب ناسراو بە ڕەشید ئۆکالی سەرکردایەتیی کردو بەرپرسیارێتیی خۆی لەسەر ڕفاندنی فڕۆکەیەکی فەرەنسی ڕاگەیاند کە لە ١٩٩٤ بەرەو پاریس دەچوو، هەروەها تەقاندنەوەی تۆنێڵەکانی پاریس لە ساڵی ١٩٩٦، لە ساڵی ١٩٩٨دا کۆمەڵی سەلەفی بۆ بانگخوازی و کوشتار کە دوای چەند هەفتەیەك پەیدابوو جیابوونەوە، کە ئوسامە بن لادن بەرەی جیهانی بۆ کوشتنی جوو و کریستیان ڕاگەیاند، کۆمەڵی سەلەفی بڕوای هەبوو بە هەڵگەڕانەوەو کوفری ڕژێمی جەزائیر، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات کەوتە نێو بازنەیەکی توندی خوێناوییەوە و پابەند نەبوو بە پەیماننامەکانی پێشوو و بەتایبەتیش لە ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥، لە ساڵی ٢٠٠٦دا کۆمەڵەکە هاتە ناو قاعیدەوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ کۆمەڵی سەلەفی بە ڕاوێژی ئوسامە بن لادن ناوی خۆی بۆ ڕێکخراوی قاعیدە لە وڵاتانی مەغریبی ئیسلامی گۆڕی، ئەم کۆمەڵەیە لە ٢٠٠٤ پابەندبوو بە فتواکانی تیۆریستە ئایدیۆلۆجییەکەی مستەفا حەلیمە ناسراو بە ئەبو بەسیر تەڕتوسی، بەڵام وازی هێناو چووە نێو ڕێکخستنی قاعیدەی ئوسامە بن لادن، لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای وازهێنانی حەسەن خەتاب نەبیل سەحراوی سەرکردایەتیی کۆمەڵی کرد، نەبیل سەحراوی دەیگوت:(ئێمە بە تەواوی پشتگیریی جیهادی ئوسامە دەکەین دژی ئەمریکای کافر)، ئەویش لە ساڵی ٢٠٠٤ کوژراو ئەبو موسعەب عەبدولوەدود شوێنی گرتەوە، لە ٢٠١٤ ڕێکخراوێکی دیکە بە ناوی جوندولخیلافە لە جەزائیر بە سەرۆکایەتیی قوری عەبدولمەلیك لە ڕێکخراوی قاعیدەی وڵاتی مەغرب جیابۆوە، بەیعەتی دایە ئەبوبەکر بەغدادی سەرۆکی ڕێکخراوی داعش، پێشتر لەکاتی شەڕی ناوخۆدا پێنج ساڵ زیندانی کرابوو، لە ساڵی ٢٠١٤ ئەویش لەلایەن یەکەیەکی تایبەتی نەهێشتنی تیرۆرەوە کوژرا.

تایبەت بە سوپای ئیسلامی باڵی چەکداری

**لە ساڵی ١٩٨٩ دوابەدوای دەرکردنی یاسای فرەیی سیاسی (٦٠) حزب دامەزران، لەوانەش بەرەی ئیسلامی بۆ ئینقاز بەسەرۆکایەتیی عەباس مەدەنی و جێگرەکەی عەلی بلحاج، حکومەتیش ڕازی بوو کە دابمەزرێت**

**لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیی ١٩٩١دا بەرەی ئیسلامی بۆ ئینقاز سەرکەوتنێکی گەورەی بە سەرۆکایەتیی عەبدولقادر حەشانی بەدەست هێنا، سوپا دەستێوەردانی کردو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی لە گەڕی یەکەمدا هەڵوەشاندەوە، ئەمەش هێدمەیەک بوو بۆ حکومەت**

**بوتەفلیقە پرۆژەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی دایە پەرلەمان تا بڕیاری لێ بدات، کۆمەڵی ئیسلامیی چەکدار و کۆمەڵی سەلەفی بۆ بانگخوازی و کوشتار ڕەتیان کردەوە**

**لە ساڵی ٢٠٠٠دا بوتەفلیقە لێبووردنی دەرکرد و کۆتایی بە توندوتیژیی خوێناوی هێنا، لە ساڵی ٢٠١٧دا حزبێکی دامەزراند بەناوی بەرەی جەزائیری بۆ ئاشتبوونەوەو ئینقاز، بەڵام حکومەت بەپێی ڕێککەوتنی پێشتر نەیهێشت لە پرۆسەی سیاسیی بەشداربێت**

بەرەی ئینقاز، سەرکردەکانی بەرەی ئینقاز لە ساڵی ١٩٩٣ دایانمەزراند، لە ساڵی ١٩٩٥ مەدەنی مرزاق بوو بە ئەمیری سوپای ئیسلامی، کە پێشتر لە ١٩٨٧ئەندام بوو لە ڕێکخراوی نهێنیی بزووتنەوەی نەهزەی عەبدوڵا جابەڵا، لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ ماوەی حەوت مانگ دەستگیرکرا و دواتر هەڵات و خۆی گەیاندە ڕێکخراوە ئیسلامییە چەکدارەکان کە بەناوی بەرەی ئینقاز دروست بووبوون، دواجار پەیوەندیی بە سوپای ئیسلامەوە کرد، لە ساڵی ١٩٩٥ پێکدادان لەنێوان سوپای ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیی چەکدار روویدا و کوژراوێکی زۆری لێکەوتەوە، لە ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ حکومەتدا وتووێژی کردو گەیشتنە ڕێککەوتن، لە ساڵی ٢٠٠٠دا بوتەفلیقە لێبووردنی دەرکرد و کۆتایی بە توندوتیژیی خوێناوی هێنا، لە ساڵی ٢٠١٧دا حزبێکی دامەزراند بەناوی بەرەی جەزائیری بۆ ئاشتبوونەوەو ئینقاز، بەڵام حکومەت بەپێی ڕێککەوتنی پێشتر نەیهێشت لە پرۆسەی سیاسیی بەشداربێت.

## ● بزووتنەوەی کۆمەڵگە بۆ ئاشتی

ئەم بزووتنەوەیە گەورەترین حزبی ئیسلامییە لە جەزائیر، مەحفوز نەحناح لە ساڵی ١٩٩١ دایمەزراند، پێشتر ناوی بزووتنەوەی کۆمەڵگەی موسڵمان بوو، بەڵام دوای دەرچوونی یاسای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ناوە ئیسلامییەکان لە حزبە سیاسییەکاندا ناوی خۆی گۆڕی بۆ بزووتننەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی، بزووتنەوەی موەحیدین کە بوسلێمانی و مەحفوز نەحناح دایانمەزراند بە ڕەگەز بۆ دەوڵەتی موەحیدین لە باکووری ئەفریقیا دەگەڕێتەوە کە ئیبن تۆمەرت ئەمازیغی دایمەزراند، لە ساڵی ١٩٧٢ بە نهێنیی کاری دەکرد، لە ساڵی ١٩٧٣ بەهێزبوو و لایەنگری زۆربوو، هەوڵیاندا سەرۆك هەواری بۆمدیەن و وەزیری دەرەوەی ئەو کاتە عەبدولعەزیز بوتەفلیقە بکوژن، بوسلێمانی و مەحفوز نەحناح بۆ پازدە ساڵ بە تۆمەتی کودەتا بەسەر ڕژێمی بۆمدیەن زیندانی کران، بۆ چوار ساڵی تێدا مانەوە دواتر ئازادکران، لە ساڵی ١٩٧٦ کۆمەڵەکە ئاشکرا بوو، لە ١٩٨٠ بزووتنەوەکە هەڵوەشایەوە، لە هەمان ساڵدا سەری هەڵدایەوە، بوسلێمانی بە دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین لە جەزائیر دادەنرێت، هەرچەندە جابەڵا پێی وایە خۆی دامەزرێنەرە، بەڵام کۆمەڵی ئیخوان موسلمین لە میسر ڕایگەیاند کە نەحناح چاودێری گشتیی ئیخوان موسلمینە لە جەزائیر، لە ساڵانی ١٩٨٥و ١٩٨٦ بوسلێمانی و نەحناح بەشدارییان لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیرشادو ئیسلاح کرد، دوای ئەوەی ڕازی نەبوو فتوا دەربکات بە کوشتنی سەرپێچیکاران کۆمەڵەیەکی ئیسلامیی چەکدار لە ساڵی ١٩٣٣ بە چەقۆ بوسلێمانیی سەربڕی، بەڵام نەحناح بەشداری کرد لە دامەزراندنی هاوبەندی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد سحنون، هەروەها بە چەند پۆستێکی وەزاری بەشداریی لە حکومەتدا کرد، کە تاکە بزووتنەوەی ئیسلامییە کە لەلایەن حکومەتەوە ڕێگەی پێدرا، تەنانەت دەگوترێت کە حکومەت دژی ئیسلامییە میانڕەوەکان نییە، بەڵکو دژی توندڕەوەکانە، وەك بەرەی ئینقازی ئیسلامی، بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ساڵی ١٩٩٥دا کرد و دوای (یەمین زروال) بە دووەم دەرچوو، لە ساڵی ١٩٩٩ ڕێگەی پێ نەدرا بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا بکات، بە پاساوی ئەوەی کە لە موجاهیدەکانی ئازادیی نیشتمانی نییە، بەڵام پشتیوانیی عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی کرد بۆ سەرۆکایەتیی جەزائیر، بۆیە لە ساڵی ١٩٩٩بوتەفلیقە بزووتنەوەی کۆمەڵگەی ئاشتیی لە حکومەت بەشداری پێ کرد، لەسەردەمی ئەبو جەرە سوڵتانی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای مردنی نەحناح هات، پشتگیریی بوتەفلیقەی کرد، بەتایبەتیش کاتێ پشتیوانیی لە هەموارکردنەوەی دەستوور کرد لە ساڵی٢٠٠٨ تاکو ڕێگە بە بوتەفلیقە بدرێت بۆ جاری سێیەم خۆی کاندیدبکاتەوە، ئەوەش وای لە عەبدولمەجید موناسرە و مستەفا بلفەهمی کرد، کە لە ساڵی ٢٠٠٩ لێی جیاببنەوە، بۆیە بزووتنەوەی بانگخوازی و گۆڕانکارییان دامەزراند، ململانێی نێوان هەردوولا توند بوو لەسەر ئەوەی کامەیان نوێنەرایەتیی ئیخوان دەکەن، چاودێری گشتیی کۆمەڵی ئیخوان موسلمین محەمەد مەهدی عاکف بڕیاری دا شەرعییەت لە هەردوو لا بسەنێتەوە، کە هیچیان نوێنەرایەتیی ئیخوان ناکەن لە جەزائیر، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨ سەرۆکی بزووتنەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی عەبدولڕەزاق مقری و سەرۆکی بەرەی گۆڕانکاری بە سەرۆکایەتیی عەبدولمەجید مناسرە

یەکگرتنەوەیان راگەیاند، دوای ئەوەی مقری ئەبو جەرە سولتانی لە ٢٠٠٣ لەناوبرد، هەروەها رازی نەبوو بوتەفلیقە ساڵی ٢٠١٤ خۆی کاندیدبکاتەوە، بۆیە هاتە نێو ئۆپۆزسیۆنەوە، ئەنجومەنی شورای بزووتنەوەکە عەبدولرەزاق مقری بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠١٩ کاندید کرد، بەڵام کشایەوە، لە ساڵی ٢٠١٢عەمار غول لە بزووتنەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی جیابۆوە و حزبی گردبوونەوەی هیوای جەزائیری دامەزراند، جیابوونەوەکان بەردەوامبوون، بزووتنەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی خۆی لە رێکخراوی نێودەوڵەتیی ئیخوان دوورخستەوە، لەبەرئەوە بوو بە بزووتنەوەیەکی جەزائیری بە بیروبۆچوونی ئیخوانی، بۆیە بە ئیخوانی جەزائیر ناونرا، بەڵام مستەفا بلمەهدی لە ساڵی ٢٠١٣ بزووتنەوەی بنیاتنانی نیشتمانی دامەزراند تا بە فەرمی نوێنەرایەتیی ئیخوان موسلمین بکات لە جەزائیر(ئیخوانی دەرەوە)، بەڵام بزووتنەوەی نەهزەی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن عەبدوڵا جابوڵا دامەزراو لە ١٩٩٧ لەلایەن هاورێیەکەی ئەلحەبیب ئادمی لەناوچوو، جابەڵا بزووتنەوەی ئیسلاحی نیشتمانی دامەزراند، ئەمەش هەڵوەشایەوەو ناچار لە ٢٠١٢ دادپەروەری و گەشەپێدانی دامەزراند، کە نوێنەرایەتیی رەوتی ئیسلامیی ئیخوانی دەکرد، هەر کۆمەڵێك بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەو نوێنەرایەتیی ئیخوان موسلمین دەکات و کەوتنە ململانێی یەکدییەوە، بزووتنەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی بەسەرۆکایەتیی عەبدولرەزاق مقری و بەرەی گۆڕانکاری بەسەرۆکایەتیی عەبدولحەمید مناسرە لەپێناو نێوماڵی ئیخوان(ئیخوانی ناوخۆ یان جەزائیر) هاوپەیمانییان بەست، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی شەرعی نوێنەرایەتیی کۆمەڵی ئیخوان بکەن، بزووتنەوەی بنیاتی نیشتمانی و حزبی ئەمەلی جەزائیر بە سەرۆکایەتیی وەزیری پێشوو عەمار غول نوێنەرایەتیی ئیخوانی جیهانییان دەکرد، بەڵام بزووتنەوەی نەهزەی ئیسلامی بەسەرۆکایەتیی دویبی و بەرەی دادپەروەری و گەشەپێدان بەسەرۆکایەتیی جابوڵا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوانن نوێنەرایەتیی ئیخوان موسلمین دەکەن، بۆیە ئیخوان موسلمین لە میسر بڕیاریدا مستەفا بلمەهدی بە چاودێری گشتیی ئیخوان لە جەزائیر هەڵبژێرێت، دوای ململانێی چوارساڵ دەربارەی نوێنەرایەتیکردن.

لە ساڵی ٢٠١٢ بزووتنەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی لە هاوپەیمانیی حکومەت کشایەوە و لەگەڵ (بزووتنەوەی نەهزە بەسەرۆکایەتیی فاتح روبەیعی و بزووتنەوەی ئیسلاحی نیشتمانی بەسەرۆکایەتیی حەملاوی عکوشی بە ناوی هاوبەندی جەزائیری سەوز) هاوپەیمانییەکی سێ لایەنەی پێکهێنا، بڕیاریان دا، ناکۆکییەکانیان وەلابنێن و پێکەوە لە هاوبەندییەکی ئیسلامیی میانڕەودا کاربکەن، بەرەی دادپەروەری و گەشەپێدان لەگەڵ بەرەی گۆڕانکاری نەهاتنە نێو ئەم هاوبەندییەوە، ئەوەی پەیوەستە بە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٧ ئەوا ئیسلامی سیاسی بە هەموو رەوتەکانیەوە شکستیان هێنا، تەنانەت عەمار بن یونس سەرۆکی بزووتنەوەی میللیی جەزائیر گوتی: (هەڵبژاردنەکان بەڵگەنامەی مردنی ئیسلامییەکانە، لە راستیدا شکستی ئیسلامی سیاسی لەبەر ئەم هۆیانەیە:

١. ترسی گەلی جەزائیر لە دووبارەبوونەوەی (دەیەی رەش) کە شەڕی ترسناکی ناوخۆییە و چارەکە ملیۆنێك کەسی تێدا کوژرا.

٢. پەرتەوازەبوونی ئیسلامییەکان کە نەیانتوانی بەرەیەکی یەکگرتووی ئیسلامی پێکبهێنن.

٣. هەندێکیان لەگەڵ حزبی فەرمانڕەوا هاوپەیمانییان کرد، وەك بزووتنەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی، هەروەها بەهۆی دەنگدانیان لە ساڵی ٢٠٠٨بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور لەپێناو درێژکردنەوەی ولایەتی بوتەفلیقە بۆ سێیەم جار.

٤. بەشداریکردنی هەندێ لە ئیسلامییەکان لە حکومەتدا لەپێناو پلەوپۆست، وەك عەمار غول سەرۆکی حزبی ئەمەلی جەزائیر.

٥. رەتکردنەوەی خەڵکی بیانی، وەك کۆمەڵی ئیخوان موسلمین و کۆمەڵی سەلەفی.

ئەوە ماوە ئاماژە بکرێت بۆ بیرمەندی جەزائیری مالك بن نەبی کە جەختی کردەوە لەسەر چاکسازیی فیکری لە کۆمەڵگەدا، بۆچوونەکانی وەك ئیلهامێك بوو بۆ زۆربەی کۆمەڵە ئیسلامییەکان، مزگەوتی زانکۆی ناوەندییان لە ١٩٦٨ دروستکرد، هەندێ قوتابخانەش بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی دامەزران، ئەو بزووتنەوەیەش بە ناوی بزووتنەوەی بەجەزائیریکردن دەناسرێت، کە درێژەپێدەری کۆمەڵەی زانایانی موسڵمانە بە سەرۆکایەتیی ئیبن بادیس و بەشیر ئیبراهیمی.

**بوسلێمانی و مەحفوز نەحناح بۆ پازدە ساڵ بە تۆمەتی کودەتا بەسەر رژێمی بۆمدیەن زیندانی کران، بۆ چوار ساڵی تێدا مانەوە دواتر ئازادکران**

**بوسلێمانی بە دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین لە جەزائیر دادەنرێت، هەرچەندە جابەڵا پێی وایە خۆی دامەزرێنەرە، بەڵام کۆمەڵی ئیخوان موسلمین لە میسر رایگەیاند کە نەحناح چاودێری گشتیی ئیخوان موسلمینە لە جەزائیر**



کۆری زۆلی وانەبێژ و بەڕێوەبەری ئامۆژگای ئاسایشی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمە لە زانکۆی سیراکیوز، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك زانستی کۆمەڵایەتی، سیاسەتی گشتی و کەلتوور و حوکمڕانی و شێوازە گۆڕدراوەکانی ناکۆکیی جیهانی و رۆڵی یاسای نێودەڵەتی مرۆیی لە ناکۆکییە هاوچەرخەکاندا، هەروەها بایەخ بە کاروباری ئەفغانستان و پاکستان و وڵاتانی دوای بەهاری عەرەبی دەدات. بۆ شرۆڤەکردنی چەند پرسێکی پەیوەست بە بارودۆخی گشتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەسەلەی بەکارهێنانی دەستپێشخەرییە ئابوورییەکان وەك دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا.

دیمانەی تایبەت

## کۆری زۆلی

بەڕێوەبەری ئاموژگای ئاسایشی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە زانکۆی سیراکیوز بۆ گوڵان:

# هەندێ بەرەوپێشچوونی ئیجابی لە ناوچەکەدا بەدی دەکرێت

*** بە شێوەیەکی گشتی وەك کەسێکی شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چۆن لە بارودۆخی ئەم ناوچەیە دەڕوانێت؟**

- من پێم وایە لە سیاقی ناوچەی کەنداودا و ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتانی عەرەبیی کەنداوەوە هەبێت، ئەوا هاوکارییەکی زیاتر بەدی دەکرێت لە نێوان ئیمارات و سعودیە و بەحرەین بۆ دروستکردنی هەندێ فشار لەسەر ئێران و بۆ بەرگرتن بە بەکارهێنانی هێزە وەکیلەکانی بۆ دروستکردنی ناکۆکی و پشێوی لە شوێنەکانی دیکە. کەواتە لەم ڕووەوە ڕژێمە پاشایەتییەکانی کەنداو بە ڕاددەیەکی گەورەتر پێکەوە کاردەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی ئێران کە پەیوەستە بە شەڕکردنی شاردراوەوە. ئەم جۆرە کارکردنەش هاوزەمان و هاوئاهەنگ کراوەتەوە لەگەڵ هەوڵەکانی ئەمریکا – بەتایبەتی لەلایەن ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە- بۆ ئیحتیواکردنی ئێران و بۆ دروستکردنی هەندێ کۆت و بەندی ئابووری لەسەر ڕەفتارەکانی ئێران. کەواتە هەر کاتێك کۆمەڵێك حکومەتی گەورە و بەهێز و دەوڵەمەندت پێکەوە کاربکەن بۆ ئیحتیواکردنی وڵاتێك کە لە شەڕێکی شاردراوەوە تێوەگلاوە، ئەوە کارێکی باشە، تەنانەت ئەگەر لەگەڵیدا هاوڕاو هاوهەڵوێست نەبیت. کەواتە ئەمە بەرەوپێشچوونێکی ئیجابییە. پەرەسەندنێکی دیکەی ئیجابی ئەوەیە کە عێراق

**هاوکارییەک لە نێوان ئیمارات و سعودیە و بەحرەین بۆ بەرگرتن بە بەکارهێنانی هێزە وەکیلەکانی ئێران بەدی دەکرێت کە هەوڵی دروستکردنی ناکۆکی و پشێوی لە شوێنەکانی دیکە دەدەن**

زیاتر بەهێز دەبێتەوە و توانایەکی زیاتری هەیە بۆ ئەنجامدانی هەماهەنگی لە نێوان سوپا و هێزی پۆلیسدا بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی گرووپی تیرۆریستی وەك داعش و گرووپەکانی دیکە. کە پێم وایە ئەمە بەرەوپێشچوونێکی باشە. هەرچەندە هێشتا عێراق پرۆسەیەکی درێژخایەنی ئاوەدانکردنەوەی لەبەردەمدایە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە هەوڵ دەدرێت دادگایی کەسانی سەر بە داعش بکرێت، کە هەندێ کەس ڕەخنە لە پرۆسەکە دەگرن و دەڵێن دادپەروەری لەخۆناگرێت، بەڵام هەر هەوڵدان بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی سیستمە یاساییەکەدا دادگایی ئەندامان و پشتیوانکارانی داعش بکرێت، خۆی لە خۆیدا کارێکی باشە. کەواتە لە حاڵەتی عێراقدا هەندێ لایەنی گەش بەدی دەکرێت. ئەوەی پەیوەندی بە دۆخی ئەفغانستانەوە هەبێت، ئەوا دۆخەکە مایەی کێشەی زیاترە و دەرکەوت تاڵیبانیش درێژخایەنتر و دژوارترە لە ناوچەکەدا هەم لە ڕووی سەربازی و هەم لە ڕووی سیاسییەوە، کە من ئومێدەوارم بەرەوپێشچوونی زیاتر لە هەوڵەکانی سەقامگیری بەدی بێت لەو وڵاتەدا کە هێشتا ئەمە ڕووی نەداوە. پێم وایە ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی دیکە دوچاری شەکەتی بوونەتەوە لەو وڵاتەدا، لەبەر ئەوە نابینین سیاسەتێکی چالاك پیادە بکەن بۆ ئەوەی ئەفغانستان لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە سەقامگیر بێت. ئەمەش هەواڵێکی خۆش نییە بۆ ئەفغانستان. خۆ ئەگەر لە دۆخی وڵاتێکی وەك سووریاش بڕوانین لە ناوچەکەدا، ئەوا هێشتا نادڵنیاییەکی زۆر هەیە لەبارەی ئەم وڵاتەوە، مایەی دڵخۆشییە کە دەبینین ئاوارە و پەناهەندەکان کە بەهۆی شەڕەوە لە ماڵ و حاڵی خۆیان دوورکەوتنەوە، وردە وردە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، کە دەبینین نزیکەی دوو ملیۆن کەس دەگەڕێنەوە بۆ سووریا، ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی زۆر باشە، چونکە گەڕانەوەی خەڵك بە مانای ئەوە دێت کە سەقامگیرییەکی ئەوتۆ هەیە کە بوار بە گەڕانەوەیان بدات بە بێ ئەوەی دوچاری سزادان و سەرکوتکاری و جیاکاری ببنەوە، ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی باشە. بەڵام ئاشکرایە هێشتا پرسیاری گەورە ماوەتەوە لە پەیوەندی بە حوکمڕانی سیاسیی و دەسەڵاتی ئەسەدەوە، کە لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوادا باس لە پێویستی دوورکەوتنەوەی ئەسەد لە دەسەڵات دەکرا، ئیدارەی پێشووی ئەمریکاش ئەم بۆچوونەی هەبوو، ئەورووپاش لەگەڵ ئەمەدا هاوڕا بوو، بەڵام دەرکەوت ئەو یەکێکە لەو سەرکردە کەمانەی کە ماوەتەوە دوای نزیکەی هەشت ساڵ شەڕی ناوخۆیی، کەواتە ئێستا ئەو کەسێك نییە بە ئاسانی فەرامۆش بکرێت. هەرچۆنێك بێت من خوازیاری ئەوەم حکومەتەکەی ئەسەد کاری زیاتر بکات نەك بۆ سەقامگیرکردنی وڵاتەکە و کارکردن لەسەر دەستپێشخەرییەکانی گەشەی ئابووری، بەڵکو پابەندبوونێکی زیاتری هەبێت بە حوکمڕانیی فرەییەوە و حوکمڕانییەکی گشتگیر و هەمەلایەن بەدی بهێنێت، ئەگەرچی من دڵنیانیم لە ڕوودانی ئەمە. لەلایەکی دیکەوە شەڕی یەمەن هەیە لەم ناوچەیەدا کە مایەی شەرمەزارییە کە مەسەلەکە پەیوەندی بە ڕۆڵی شاردراوەی ئێرانەوە هەیە کە حکومەتە پاشاییەتییەکانی کەنداو هەموو کارێك دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی. هەروەها ئەوەی پەیوەست بێت بە پلانی ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیلەوە، ئەوا ئەم پلانە هەندێ لایەنی باشی هەیە، کە ئێمە دەزانین چالاکە فەلەستینییەکان و هەروەها ئەورووپییەکانیش دەڵێن دەبێت سەرەتا چارەسەرێکی سیاسی بدۆزرێتەوە، کە پێم وایە ئەمە بە تەواوەتی هەڵەیە، چونکە باوەڕم وایە کارکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە سیاسییانە لە ڕێی ئامرازە ئابوورییەکانەوە کارێکی واقیعبینانەیە و ڕێچکەیەکی پراگماتییە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکی درێژخایەن، کە پێدەچێت لەلایەن هەندێ لە حکومەتە پاشایەتییەکانی کەنداوەوە پشتیوانی لێ بکرێت، بەڵام دەسەڵاتی فەلەستینی و لوبنان و هەندێ لایەنی دیکە لەگەڵیدا نین.

*** ئێوە کارتان لەسەر چۆنیەتی پشتیوانیکردنی وڵاتانی دوای بەهاری عەرەبی کردووە، کە ئاشکرایە هەندێ لەم وڵاتانە دوچاری دۆخی شەڕ و داڕووخان بوونەوە و ئێستاش پێدەچێت لە هەردوو وڵاتی سوودان و جەزائیردا دۆخێکی هاوشێوە دروست ببێتەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

**هەر کاتێک کۆمەڵێک حکومەتی گەورە و بەهێز و دەوڵەمەندت پێکەوە کاربکەن بۆ ئیحتیواکردنی وڵاتێک کە لە شەڕێکی شاردراوەوە تێوەگلاوە، ئەوە کارێکی باشە، تەنانەت ئەگەر لەگەڵیدا هاوڕاو هاوهەڵوێست نەبیت**

**ئەو پارەیەی دەخرێتە بواری وەبەرهێنانەوە کێشەی گەندەڵی زیاتر دەکات، نەک ببنەهۆی بەهێزکردنی سیاسەتێکی فرەیی و گەشەی دامەزراوە حکوومییەکان**

- ئەوەی پەیوەندی بە پرسی بەرفراوانی چۆنیەتی هاوکاریکردنی وڵاتانی دوای بەهاری عەرەبییەوە هەبێت، ئەوا پێم وایە لایەنی ئابووری بەشێکی گەورەی مەسەلەکە پێکدەهێنێت و بەشێکی دژوارییەکە ئەوەیە کە کاتێك کەسانێك هەوڵی دەستپێشخەریی ئابووری دەدەن -وەك ئەوەی لە میسردا بەدیمان کرد، هەروەها لە شوێنەکانی دیکە وەك تونس و مەغریب- ئەوا دەبینین دامەزراوەکان و سیاسەتەکان هاوکار نین، واتە ئەو پارەیەی دەخرێتە بواری وەبەرهێنانەوە کێشەی گەندەڵی زیاتر دەکات، نەك ببنەهۆی بەهێزکردنی سیاسەتێکی فرەیی و گەشەی دامەزراوە حکوومییەکان. کەواتە یەکێك لە ڕێگاکانی هاوکاریکردنی وڵاتانی دوای بەهاری عەرەبی بریتییە لە گونجاندنی دامەزراوە سیاسییەکان لەگەڵ گەشەکردنی ئابووریدا، ئەمەش کارێکی زەحمەتە، چونکە لە زۆرێك لە شوێنەکان، تەنانەت لە میسریش، گەندەڵییەکە بە چەشنێك بەربڵاوە کە هەندێ کەس دەیانەوێت ئاراستەی دەستپێشخەرییە ئابوورییەکان بگۆڕن، یان دەیانەوێت پارەکە تەرخان بکەن بۆ گرووپەکانی تایبەت بە خۆیان، کەواتە دەبێت لەم ڕووەوە کار لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بکرێت. بۆیە من جەخت لەسەر لایەنی ئابووری دەکەمەوە، لەگەڵ بەرپاکردنی گیانی بزنس بۆ ئەوەی خەڵکی لەسەر ئاستی مەحەلی هەست بکەن کە پشکدارن لە دامەزراوەکان و لە کۆمەڵگەکەیاندا، کە ئەمەش کارێکی درێژخایەنە. ئەوەی پەیوەندی بە حاڵەتی سوودان و جەزائیرەوە هەبێت، ئەوا دو حاڵەتی جیاوازن، ئێمە دەزانین لە سووداندا مێژویەکی درێژی ناکۆکی هەیە، بۆ نموونە ناکۆکیی نێوان باشوور و باکوور، کە لە سەرەتادا گەشبینیەکی زۆر هەبوو، بەڵام دواتر دەرئەنجامەکە بریتی بوو لە ئەندازەیەکی گەورە لە ناکۆکی، کەواتە وڵاتی سوودان ڕێگایەکی درێژتری لە پێشە بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی دوای بەهاری عەرەبی. بەڵام دەتوانین بڵێین جەزائیر لە دۆخێکی باشتردایە و بە بەراورد بە سوودان لە پێگەیەکی باشتردایە، ڕاستە هەندێ میراتگری پاشایەتی هەن کە ئاستەنگیان دروست کردووە، بەڵام سەرچاوەی باشی لەبەردەستدایە، بۆ نموونە سەقامگیری ناوخۆیی هەیە و دەوڵەتی دراوسێی باشی هەیە و سەرچاوەی سروشتی و ڕایەکی گشتی بەهێز و سەرچاوەی مرۆیی باشی هەیە، کەواتە ئەم وڵاتە خاوەنی چەند خەسڵەتێکی سروشتییە کە هاوکاری دەبێت لەم هەلومەرجەدا بۆ دروستکردنی لانیکەمی حکومڕانیی باشە.

*** ئێوە باسی گرنگیی جەختکردنەوە لەسەر لایەنی ئابووری بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییە سیاسیەکانتان کرد- وەك حاڵەتی فەڵەستین و ئیسرائیل- لەگەڵ گرنگی ئەم لایەنە بۆ هاوکاریکردنی وڵاتانی دوای بەهاری عەرەبی، دەکرێت شرۆڤەی زیاتر لەم ڕووەوە بخەنەڕوو؟**

- پێم وایە لە نێو ڕای گشتی فەلەستیندا خواست و تینوویەتییەك هەیە بۆ گەشەکردنی ئابووری و بۆ هەبوونی حکومەتێکی بەهێزتر و کەمتر گەندەڵ و ئەوان شەکەتن بەدەست ئەو ناکۆکییە درێژخایەنەی لەگەڵ ئیسرائیل هەیانە و دەیانەوێت کەناری ڕۆژئاوا ببێتە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز و تەندروست، لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە ئیدارەی ترەمپ لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە چاوی لە ئەولەوییەتە دروستەکانە کە بریتییە لە پرسی ئابووری لە پەیوەندی بە کێشەی فەلەستینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە چەند لایەنێکی بەهێز هەن کە دەیانەوێت ناکۆکییەکە بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەی لێی سوودمەندن، واتە هەندێ لە سەرکردە فەلەستینییەکان هەن کە خوازیاری ئەوە نین چارەسەرێك بۆ کێشە و ناکۆکییە بدۆزرێتەوە. لەبەر ئەوە پێم وایە ئەم دەستپێشخەرییە ئابوورییەی لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە کراوە، کاریگەریی باشی دەبێت بۆ خەڵکی فەلەستین و بۆ تەواوی ناوچەکەش، وەك ئەردەن و سووریا و ناوچەی سیناش، بەتایبەتی کە ئەمە هاوکار دەبێت بۆ سەقامگیرکردنی دۆخەکە بۆ میسر. دووپاتی دەکەمەوە ئەمە دەستپێشخەرییەکی باشە، بەڵام کەسانێك هەن کە دەیانەوێت ڕێگری لێ بکەن، لەبەر ئەوەی نایانەوێت دەسەڵات و ئیمتیازاتەکانیان لەدەست بچێت.

**لە نێو ڕای گشتی فەلەستیندا خواست و تینوویەتییەک هەیە بۆ گەشەکردنی ئابووری و بۆ هەبوونی حکومەتێکی بەهێزتر و کەمتر گەندەڵ و ئەوان شەکەتن بەدەست ئەو ناکۆکییە درێژخایەنەی لەگەڵ ئیسرائیل هەیانە**

**ئیدارەی ترەمپ لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە چاوی لە ئەولەوییەتە دروستەکانە کە بریتییە لە پرسی ئابووری لە پەیوەندی بە کێشەی فەلەستینەوە**

## جیم سپێرلینگ
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# ترەمپ باوەڕێکی هەڵەی هەیە، کە پێی وایە لە بواری بازرگانیی نێودەوڵەتیدا دەبێت براوە و دۆڕاو هەبێت

جیم سپێرلینگ پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئاکرۆن و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی جیهانی و سیاسەتی بەراوردکاری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دامەزراوەکان و سیاسەتی ئەمنیی بەراوردکاری، پێشتریش لە کۆلێژی جەیمس مادیسۆن و زانکۆی میشیگان ستەیت وانەبێژ بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە چۆنێتی بەکارهێنانی سزا ئابووری و داراییەکان لەلایەن ئیدارەی سەرۆك ترەمپەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، لەگەڵ چەند بابەت و پێشهاتێکی دیکەی پەیوەندیدار و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.




*** تێڕوانینتان لە بەکارهێنانی فشارە ئابوورییەکان وەك شێوازێکی ناچارکردن لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە چۆنە؟**

- بەکارهێنانی ئامرازە ئابوورییەکان (بەتایبەتی لە پەیوەندی بە بواری بازرگانییەوە) وەك شێوازێکی ناچارکردن لە بواری دپیلۆماتیدا هەڵسەنگاندنێکی دیاریکراو هەڵناگرێت، ئەویش بەهۆی هەمەچەشنیی ئامانجەکانەوە و بە هەڵەتێگەیشتنی خودی بەڕێز ترەمپەوە لە تیۆری بازرگانیی نێودەوڵەتی. واتە ترەمپ باوەڕێکی هەڵەی هەیە کە پێی وایە لە بواری بازرگانیی نێودەوڵەتیدا، دەبێت براوە و دۆڕاو هەبێت. کشانەوەی لە ڕێککەوتنی بازرگانیی ئۆقیانوسی ئارام و سەپاندنی رسومات بەسەر کەنەداو و مەکسیك و هەڕەشەی سەپاندنی رسومات بەسەر ئۆتۆمبێلەکانی ئەڵمانیا، نەك هەر تەنیا لە رووی ئابوورییەوە دەرئەنجامی پێچەوانەیان لێکەوتۆتەوە (چونکە ئەمریکا هیچ دەستکەوتێکی لێ نەچنیونەتەوە، جگە لە دروستکردنی نادڵنیایی لە بازاڕەکاندا) بەڵکو لە هەمان کاتدا میسداقییەتی ئەمریکاشی لاواز کردووە، وەك شەریکێکی (ئابووری، یان هەر بوارێکی دیکە) و وەك هاوپەیمانێك کە ئامادە بێت بەدواداچوون بکات بۆ پرسەکانی دیکە. ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی چینەوە هەبێت، لە چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری بازرگانی و لە دروستکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ کۆمپانیا چینی و ئەمەریکییەکان ئەوا زەحمەتە بتوانین هەڵەیەك لە هەوڵەکانیدا بەدی بکەین بۆ ناچارکردنی چین بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بنەڕەتی ئەنجام بدات. زەحمەتە ئێمە بتوانین ناکۆك بین لەگەڵ ئامانجەکەدا، بەڵام دەکرێت ناکۆك بین لەگەڵ ئەو تاکتیکەکەدا کە گیراوەتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە. من مەزەندەی ئەوە دەکەم کە حوکمدانی کۆتایی بەندە بەوەی

**کشانەوەی لە ڕێککەوتنی بازرگانیی ئۆقیانوسی ئارام و سەپاندنی رسومات بەسەر کەنەداو و مەکسیک و هەڕەشەی سەپاندنی رسومات بەسەر ئۆتۆمبێلەکانی ئەڵمانیا، نەک هەر تەنیا لە رووی ئابوورییەوە دەرئەنجامی پێچەوانەیان لێکەوتۆتەوە بەڵکو میسداقییەتی ئەمریکاشی لاواز کردووە**

**سوودەکانی مانەوەی سیستمی ئابووری لیبراڵیی نێودەوڵەتی بە سپۆنسەری ئەمریکا مایەی ناکۆکی نابن، یان فشارە ئابوورییە بە هەڵە پیادەکراوەکان سوودێکی زیاتر لە تێچوونەکانیان بەدەست ناهێنن**

**ترەمپ لە چەندین ڕێککەوتننامە کشاوەتەوە، بەڵام بەڵێنی داوە دووبارە بگەڕێتەوە نێو ئەو ڕێککەوتنانە ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی ئەمریکا ببێتە هاوبەشێکی دیپلۆماتیی متمانە پێ نەکراو**

**ئەمریکا چەند بڕیارێکی داوە کە بوونەتە هۆی ئەوەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پتر لەرزۆک ببێت، وەک بڕیاری گواستنەوەی باڵیۆزی ئەمریکا بۆ قودس و ناساندنی سەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلانەوە**

**ئیدارەی ترەمپ نەیتوانیوە ئەو دەستکەوتانە لە ناو ببات کە ئیدارەکانی پێش خۆی پارێزگارییان لێکردن و لە ساڵی ١٩٤٩ەوە گەشەیان پێدان**

کە ئایا سەرکەوتوو دەبێت لە هێنانەدی ئەو ئامانجەدا یان نا. بە تێڕوانینی من، سوودەکانی مانەوەی سیستمی ئابووری لیبراڵیی نێودەوڵەتی بە سپۆنسەری ئەمریکا مایەی ناکۆکی نابن، یان فشارە ئابوورییە بە هەڵە پیادەکراوەکان سوودێکی زیاتر لە تێچوونەکانیان بەدەست ناهێنن.

*** ئەو کەسانەی هاوڕان لەگەڵ ئیدارەی ترەمپدا بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە سیاسەتەکانی ئەم ئیدارەیە کارا بووە لە گۆڕینی سەرچاوەکانی وڵاتەکە بۆ بەدیهێنانی دەرئەنجامێکی خوازراو، ئایا تا چەند هاوڕایت لەگەڵ ئەمەدا، یان بە پێچەوانەوە پێت وایە ئەم ئیدارەیە چەندین هەلی لەدەست داوە و ئیدارەیەکی خراپی دۆخەکەی کردووە؟**

- پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئایا دەرئەنجامە خوازراوەکە چییە؟ چونکە ئەگەر کەسێك لە ئاست ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان گومانێکی قووڵی هەبێت، کە بە چاوپۆشین لە هێزی ڕێژەییان ڕێسای یەکسان بەسەر سەرجەم وڵاتاندا دەسەپێنن، ئەگەر کەسێك باوەڕی وابێت کە بەدەستهێنانی هێزی سەربازی بە بێ ئەوەی ئامانجێکی لە پشت بێت ئامانجێکی ڕەوا دەبێت، ئەگەر کەسێك باوەڕی وابێت پێشێلکاری بەرامبەر هاوپەیمانەکان و مامەڵەی نەرم لەگەڵ ڕژێمە خۆسەپێنەکان و گرتنەبەری بەردەوامی سیاسەتی هەڵدێر لەگەڵ ڕکابەرەکاندا ( بۆ نموونە ئێران) ئامانجێکی ڕەوا دەبن، ئەوا پێم وایە نابێت نمرەیەکی بەرز بە دۆناڵد ترەمپ بدرێت. من لەوە تێناگەم کەسێك چۆن دەتوانێت بەرگی عەقڵانی بە بەر ئامانجانەکاندا بکات و وەك ئامانجێکی خوازراو بیانخاتە ڕوو، بە دڵنیاییەوە من لەمە تێناگەم، تەنانەت ئەو گومانی لە شەرعییەتی ڕێکخراوی ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا و پەیوەندییە تاکلایەنەکانی لەگەڵ باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دروست کرد.

ترەمپ لە چەندین ڕێککەوتننامە کشاوەتەوە، بەڵام بەڵێنی داوە دووبارە بگەڕێتەوە نێو ئەو ڕێککەوتنانە (ڕێککەوتنی پاریس، ڕێککەوتنی بازرگانیی ئۆقیانوسی ئارام، ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران) هەموو ئەمانەش بوونەتەهۆی ئەوەی ئەمریکا ببێتە هاوبەشێکی دیپلۆماتی متمانە پێ نەکراو، هەروەها ئەمریکا چەند بڕیارێکی داوە کە بوونەتە هۆی ئەوەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پتر لەرزۆك ببێت، وەك بڕیاری گواستنەوەی باڵیۆزی ئەمریکا بۆ قودس و ناساندنی سەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلانەوە، بە کورتی، من کەسێك شك نابەم کە بە ئەرێنی هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ بکات.

*** لەبارەی خولیای ئیدارەی ترەمپ بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنی دوولایەنە و کشانەوە لە چەندین ڕێککەوتنی هەمەلایەنە، تێڕوانینتان چییە؟**

- هەروەك لە وەڵامەکانی پێشودا ئاماژەم پێکرد، من باوەڕم وانییە جەختکردنەوە لەسەر ئەنجامدانی ڕێککەوتنی دوولایەنە کارێکی بەرهەمدار بێت و بگرە لە هەندێ حاڵەتدا (بەتایبەتی لە بواری بازرگانی، بڵاونەبوونەوەی چەکی ناوکی و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) دەرئەنجامێکی نەرێنیی لێکەوتۆتەوە.

*** ئایا باوەڕت وانییە کە لە دەرئەنجامی سیاسەت و کردارەکانی ئیدارەی ئەمریکا سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی لەبەریەك هەڵوەشاندێت، ئەی دەرئەنجامە درێژخایەنەکانی ئەم لەبەریەکهەڵوەشاندنە چیین؟**

- سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی، بەڵام ئیدارەی ترەمپ نەیتوانیوە ئەو دەستکەوتانە لە ناو ببات کە ئیدارەکانی پێش خۆی پارێزگارییان لێکردن و لە ساڵی ١٩٤٩ەوە گەشەیان پێدان. خۆ ئەگەر بێت و دووبارە ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو بێت، ئەوا نە هاوپەیمانێتی ئەتلەنتیك و نە سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی بەرگەی فشارەکە ناگرن، ڕەنگە ئەمە بۆچوونێکی زیاد لە پێویست ڕەشبینانە بێت، بەڵام هیچ وڵاتێکی دیکە ناتوانێت پارێزگاری لەم سیستمە بکات و ئامادەش نییە ئەم کارە بکات. دەرئەنجامە دیاریکراوەکانی لەبەریەکهەڵوەشانی سیستمە جیهانی و هەرێمایەتییەکانی پەیوەست بە ئابوورییە جیهانییەکە و حوکمڕانیی ئەمنییەوە زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەگەیەنێت، بەڵام زیانێکی زیاتر بە بەرژەوەندیی وڵاتانی دیکە دەگەیەنێت: چونکە ئەمە دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بە پیشەسازیی ئاوێتەکراو و سیستمە داراییەکان، بە چەشنێك کە نەتواندرێت چارەسەر بکرێت، هەروەها ئەو ئاسایشەی بەهۆی سەرکردایەتیی ئەمریکاوە دەستەبەر دەبووە لەدەست دەچێت، لە دەرئەنجامدا چەندین وڵات هەست بە نائارامی

دەکەن و ناچار دەبن سازش لەگەڵ نەیارەکانی ئەمریکادا بکەن.

*** ئێوە ئاماژە بە ناچاربوونی هەندێ وڵات دەکەن بۆ سازشکردن لەگەڵ نەیارەکانی ئەمریکا، ئەی کاردانەوەی وڵاتە نەیارەکانی ئەمریکا وەك رووسیا و چین چی دەبن، ئایا چاوەڕوان ناکرێت وڵاتە هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش وەك وڵاتانی ئەوروپا لە ئاست ئەم رێچکە تاکلایەنەی ئیدارەی ترەمپ کاردانەوەیان هەبێت؟**

- من پێم وایە رەنگە باشتر بێت پرسیارەکە بەم شێوەیە دابڕێژینەوە: ئایا هێزە رکابەرەکان چۆن سوود لەم تاکلایەنییەی ئەمریکا وەردەگرن؟ بە شێوەیەکی گشتی ئەمریکا تاکلایەنانە رەفتاری کردووە، کاتێك ئەمە مومکین بووە و هەمەلایەنە هەڵسوکەوتی کردووە لە پەیوەندی بە کاروبارە ئەمنییەکانی دەرەوەی ئەوروپا، کاتێك ئەمە پێویست بووە، بەڵام بە شێوەیەکی جێگیر رێچکەیەکی هەمەلایەنەی گرتۆتەبەر لە پەیوەندی بە بازرگانی و بواری داراییەوە (جگە لە ئیدارەی نیکسۆن لە دوای ساڵی ١٩٧١ لەبواری دارایی و بازرگانیدا). چین و رووسیا بەهۆی پێگە جوگرافییەکەیان و سەرچاوە دیاریکراوەکانی هێزیانەوە بۆیان هەیە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لە ئێستادا هاوپەیمانی ئەمریکان، یان ئەو وڵاتانەی کە پشت بە ئەمریکا دەبەستن، بۆ خۆپاراستن لە دەوڵەتە خۆسەپێنەکان بگەنە رێککەوتن. ئەو دەرئەنجامەی کە زۆر رێی تێ ناچێت، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆرترین زیانی لێدەکەوێتەوە ئەوەیە کە ئەوروپا هەنگاو هەڵبگرێت بۆگرتنەبەری ستراتیژیەتێکی سەربازی، کە بە هەمان ئاست دوور بێت لە ئەمریکا و رووسیا و چینەوە، بەڵام لە رووی ئابوورییەوە پەیوەندییەکی نزیکتری هەبێت لەگەڵ چین و ئەو وڵاتانەی دیکە کە لە رووی ئابوورییەوە لە هەڵکشاندان، ئەویش لە پێناو پارسەنگکردنەوەی دەرئەنجامە خراپەکانی سیاسەتەکانی ئیدارەی ترەمپ.

*** تێڕوانینی ئێوە لە بارەی ئەو هەڵمەتی سزا و فشارانەی ئەمریکا چییە کە لە دژی ئێران بەرپای کردووە، ئایا پێت وایە لە کۆتاییدا هەردولا دەگەنە رێککەوتنێکی هاوبەش، یان بە شێوەیەکی حەتمی ئەم دوو وڵاتە بەرەو پێکدادان دەچن؟**

- ئێران کاراکتەرێکی ئیقلیمیی گەورەیە، هەم لە رووی ئابووری و هەم لە رووی سەربازییشەوە. تاوەکو شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ئەمریکا پێشوازیی لەم پێگەیەی ئێران کرد و پاڵپشتیی دەکرد. بەڵام دۆخی دوای شۆڕش (قەیرانی بارمتەکان) بە رادەیەکی گەورە هۆکاری تێچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بوو، بەڵام ئەم پەیوەندییە خراپانەش بەردەوام بوون لەبەر ئەوەی ئەمریکا و ئێران نەیانتوانی رابردو فەرامۆش بکەن. ئێران وەك وڵاتێك کە واژووی لەسەر رێککەوتنی بڵاونەبوونەوەی ئەتۆمی کردووە ئەگەر چەکی ناوکی بەدەست بهێنێت یاسای نێودەوڵەتی پێشێل دەکات، بەڵام ئەمریکاش پێشێلکاری دەکات ئەگەر بە شێوەیەك کار نەکات کە ئێران پێویستی بە بەدەستهێنانی چەکی ناوکی نەبێت: هیچ گرنتییەك نییە کە ئێمە بتوانین، یان بمانەوێت جڵەوی ئیسرائیل بکەین (کە خاوەنی چەکی ئەتۆمییە) ئەگەر هاتوو ناکۆکییەك لە نێوانیاندا دروست بووە، هەروەها هیچ گرنتییەك نییە کە ئەمریکا داگیرکاری نەکات، یان بۆ گۆڕینی دەسەڵات و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دیکە لە ئێران ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ئەنجام نەدات. دوایین مەسەلە کە رەنگە ئەمە گرنگییەکی کەمتری هەبێت، بریتییە لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و سعودیە، کە ئەمریکا ناچار دەکات تموحە ستراتیژییەکانی سعودیە لە کەنداودا لەبەرچاو بگرێت، کە تەنیا بە بەرگرتن بە ئێران ئەمە بەدی دێت. لە دەرئەنجامدا، ئەگەری ئەوە نییە ئێران دەست لە تموحە ناوکییەکانی هەڵبگرێت ئەگەر ئەمریکاش بەردەوام بێت لە فشارە ئابوورییەکانی کە لە هیچ شوێنێکی دیکە سەرکەوتوو نەبوو نە لە کۆریای باکوور و نە لە نیمچە کیشوەری هیندستان، ئەمە رەنگە ببێتەهۆی خێراترکردنی هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستهێنانی توانای ناوکی، چونکە ئەمە بە هەموو پێوەرێك دەبێتەهۆی بەرپەرچدانەوەیەکی سەرکەوتووانەی هەڕەشەو گوڕەشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و دروستکردنی دۆخێکی ستراتیژی کە پێویست بەوە بکات کە ئەمریکا هەڵسەنگاندنێکی هاوسەنگانە بکات بۆ ئامانجەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، کە ئێمە ئەم حاڵەتەمان بەدی کرد دوای ئەوەی پاکستان و هیندستان چەکی ناوکییان بەدەست هێنا.

**ئەگەر بێت و دووبارە ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو بێت، ئەوا نە هاوپەیمانێتی ئەتلەنتیك و نە سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی بەرگەی فشارەکە ناگرن**

**چین و رووسیا بەهۆی پێگە جوگرافییەکەیان و سەرچاوە دیاریکراوەکانی هێزیانەوە بۆیان هەیە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لە ئێستادا هاوپەیمانی ئەمریکان، یان ئەو وڵاتانەی کە پشت بە ئەمریکا دەبەستن، بۆ خۆپاراستن لە دەوڵەتە خۆسەپێنەکان بگەنە رێککەوتن**

**هیچ گرنتییەک نییە کە ئەمریکا داگیرکاری نەکات، یان بۆ گۆڕینی دەسەڵات و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دیکە لە ئێران ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ئەنجام نەدات**

**ئەگەری ئەوە نییە ئێران دەست لە تموحە ناوکییەکانی هەڵبگرێت، ئەگەر ئەمریکاش بەردەوام بێت لە فشارە ئابوورییەکانی کە لە هیچ شوێنێکی دیکەش سەرکەوتوو نەبووە، ئەمە رەنگە ببێتەهۆی خێراترکردنی هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستهێنانی توانای ناوکی**

رۆبەرت لۆرەنس
تایبەتمەندی بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# سیاسەتەکانی ترەمپ هەڕەشەن لەسەر سیستمی بازرگانیی جیهانی

رۆبەرت زاکاری لۆرەنس، پرۆفیسۆری بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتییە لە سکوولی جۆن کێنێدی بۆ حکومەت لە زانکۆی هارڤارد و بەڕێوەبەری گرووپی بازرگانییە لە هەمان سکووڵ، هەروەها توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای پیتەرسۆن بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی، پێشتریش لە بیرۆی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی ئابووری توێژەر بووە، لە ساڵی ١٩٩٩بۆ٢٠٠١ ئەندامی ئەنجومەنی راوێژکارانی ئابووریی سەرۆك بیل کلینتۆن بووە، پتر لە ١٠٠ توێژینەوە و وتاری لەبارەی ئابووریی نێودەوڵەتییەوە نووسیوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد، کە پتر بە بەکارهێنانی فشارە ئابوورییەکانەوە پەیوەست بوون، بەتایبەتی سەپاندنی رسوومات لەلایەن ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە بەسەر کاڵاکانی وڵاتانی دیکەدا (بە رکابەر و دۆستەوە)، لەگەڵ کاریگەرییەکانی ئەم سیاسەتە لەسەر سیستمی بازرگانیی جیهانی و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

# دیمانەی تایبەت



*** وەك ئاشكرایە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ هێنانەدیی ئامانجەكانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەكەی، بە شێوەیەكی بێ پێشینە سەپاندنی رسووماتی بەسەر كاڵاكانی وڵاتانی دیكە و یەكلاكردنەوە و چارەسەركردنی چەند كێشەیەكی كردۆتە چەكێك، كە مەرج نییە هەموویان بە بواری ئابووری و بازرگانییەوە پەیوەست بن، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- لە ئێستادا ئێمە بە ساتەوەختێكی وەرچەرخاندا تێدەپەڕین، چونكە بۆ ماوەی ٧٠ ساڵە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا سەركەوتوو بووە لەوەی بە رەوتێكی لەسەرخۆ قەناعەت بە هاوبەشە بازرگانییەكانی بكات، كە پێویستە بە سیستمێكی بازرگانییەوە پابەند بن، كە لەسەر رێساكان بەڕێوەبچێت و بنیاتنرابێت، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا لە دەرئەنجامی سیاسەتە بازرگانییەكانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بەدی دەكەین، بریتییە لە لاوازكردنی ئەم سیستمە، سەردەمانێك ئەمریكا گەورەترین پشتیوانیی ئەم سیستمە بوو، ئێستا بۆتە گەورەترین هەڕەشە لەسەر ئەم سیستمە. لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەمە پەرەسەندنێكی زۆر زۆر مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی پێشتر ئەمریكا بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ هەوڵێكی سەخت و دژواری دا، بۆ ئەوەی سیستمێكی بازرگانی دابڕێژێت كە پابەند بێت بە رێساكانەوە، هەروەها ئەمریكا هەوڵیدا پرسە سیاسییەكان لە پرسە ئابوورییەكان جیا بكرێنەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە سیستمی بازرگانییەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش زۆرێك لە وڵاتە ئەندامەكانی رێكخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی ناچار نەبوون بیسەلمێنن كە پابەندبوون بە رێسا و ستاندارەكانی پەیوەست بە پاراستنی مافەكانی مرۆڤەوە، یان ستاندارەدەكانی دیكەوە، بەڵكو ئەوەی پێویست بوو ئەنجامی بدەن، بریتی بوو لە جێبەجێكردن و پابەندبوون بە رێساكانی بازرگانییەوە،

**ماوەی ٧٠ ساڵە ئەمریكا سەركەوتوو بووە لەوەی بە رەوتێكی لەسەرخۆ قەناعەت بە هاوبەشە بازرگانییەكانی بكات، كە پێویستە بە سیستمێكی بازرگانییەوە پابەند بن**

ئەوەی لە ئێستادا سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ئەنجامی داوە، بریتییە لە بەکارهێنانی سەپاندنی رسوومات وەک چەک و ئامرازێک بۆ ناچارکردنی وڵاتانی دیکە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە سەرۆک ترەمپ خوازیارە ئەو وڵاتانە ئەنجامی بدەن

بنەڕەتیترین بنەماکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی ئەوەیە کە وڵاتە ئەندامەکانی ئاستێکی دیاریکراوی رسوومات تێنەپەڕێنن و مامەڵەیەکی یەکسان لەگەڵ سەرجەم ئەندامەکانی بکرێت

سیستمی بازرگانی بۆتەهۆی ئەوەی کە لە واقیعدا بە ملیۆنان کەس کە لە وڵاتە هەژارەکاندا دەژیان، بتوانن خۆیان لەو هەژارییە ڕزگار بکەن

بەڵام ئەوەی لە ئێستادا سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ئەنجامی داوە، بریتییە لە بەکارهێنانی سەپاندنی رسوومات وەك چەك و ئامرازێك بۆ ناچارکردنی وڵاتانی دیکە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە سەرۆك ترەمپ خوازیارە ئەو وڵاتانە ئەنجامی بدەن، بە دەربڕینێکی دیکە، سەرۆك ترەمپ ئەم دابەشکردن و جیاکردنەوەیەی پرسە سیاسییەکانی لە پرس و بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی سڕییەوە، لەبەر ئەوەشە کە من ئەمە بە پەرەسەندنێکی مەترسیدار دادەنێم، کە دەبێتەهۆی لاوازکردنی سەرجەم ئەو دەستکەوتانەی کە سەرۆکەکانی پێشوی ئەمریکا بەدەستیان هێناوە.

*** ئاماژەتان بەوە کرد کە سیاسەتەکانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بوونەتەهۆی لەباربردن و پێچەوانە کردنەوەی دەستکەوتەکانی سەرۆکەکانی پێشوی ئەمریکا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە سیستمی بازرگانیی جیهانییەوە، ئایا بە چ شێوەیەك ئەم سیاسەتانەی سەرۆك ترەمپ بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر سیستمی جیهانی؟**

- دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمریکا لە زنجیرەیەك لە گفتوگۆی پەیوەست بە بواری بازرگانییەوە سەرکردایەتی جیهانی کرد، کە لە دەرئەنجامدا چەند ڕێککەوتنێکیان لێکەوتەوە، هەم ڕێککەوتنی دووقۆلی لەگەڵ هاوبەشە بازرگانییەکانی وەك مەکسیك و کەنەدا، کە بەپێی ئەم ڕێککەوتنانە ئەم وڵاتانە رازی بوون پابەند بن بە چەند ڕێسایەکی دیاریکراوەوە، پرسی بنەڕەتی لەم ڕێسایانەدا ئەوە بوو کە نابێت وڵاتان ئاستێکی دیاریکراوی رسوومات تێپەڕێنن، بەڵام ئەوەی لە ماوەی رابردوودا روویداوە، بریتی بووە لەوەی کە ئیدارەی ترەمپ ئەم سیستەمەی لاواز کرد و ئەو ڕێسایانەی شکاند، بۆ نموونە، بنەڕەتیترین بنەماکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی ئەوەیە کە وڵاتە ئەندامەکانی ئاستێکی دیاریکراوی رسوومات تێنەپەڕێنن و مامەڵەیەکی یەکسان لەگەڵ سەرجەم ئەندامەکانی بکرێت. کاتێك دەبینین ئەمریکا بە شێوەیەکی تاکلایەنە بەو ئاستەی ئێستا رسوومات بەسەر کاڵاکانی وڵاتی چیندا دەسەپێنێت، ئەوا ئێمە هەردوو ئەم بنەمایە پێشێل دەکەین. دواتر من پێم وایە سیستمی بازرگانی بۆتەهۆی ئەوەی کە لە واقیعدا بە ملیۆنان کەس کە لە وڵاتە هەژارەکاندا دەژیان، بتوانن خۆیان لەو هەژارییە ڕزگار بکەن. هەروەها ئەم سیستمە پاڵنەری سەرەکی بووە بۆ بەدەستهێنانی ئاستێکی باڵاتری ژیان و گوزەران، بەتایبەتی لە وڵاتە هەژارەکاندا، لەبەر ئەوە پێم وایە کە نابێت ئەم راستییە نادیدە بگرین.

*** کەواتە چۆن لە ئایندەی ئەم سیستمە بازرگانییە جیهانییە دەڕوانیت، بەتایبەتی ئاماژە بەوە دەکەن کە سیاسەت و بڕیارەکانی سەرۆك ترەمپ، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە شکاندنی ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانی و سەپاندنی رسووماتەکانەوە، بوونەتە هۆی لاوازکردنی ئەم سیستەمە؟**

- بەڵێ، پێم وایە ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەمریکاوە، ئەوا سەرچاوەی سەرەکی گەشەکردن لە جیهاندا ئەوە بوو، ئەمریکا توانی دۆخێك بخوڵقێنێت کە تێیدا وڵاتە هەژارەکان وەك (هیندستان و چین و زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکانی دیکە) بتوانن پشت بە بازاڕی کراوە ببەستن، بۆ ئەوەی بتوانن گەشەکردنێکی ئابووری بەدەست بهێنن کە پتر پشت بە هەناردەکردن ببەستێت، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەلومەرجێك دروست بێت، کە چیتر هیچ کاڵایەك بە تەنیا لە تاکە وڵاتێك بەرهەم نەیەت و دروست نەکرێت، بەڵکو لە چەند وڵاتێکی جیاوازدا دروست بکرێت، هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە کۆمپانیاکان لە نێو ئەم هەلومەرجی بازاڕەدا لە پێگەی خۆیان دڵنیا بوون، بەڵام لە ئێستادا کۆمپانیاکان نیگەرانن لەوەی زنجیرەی دروستکردنی کاڵایەك لە چەند وڵاتێکی جیاوازدا بشکێندرێت، ئیدی بەهۆی ئەو رسووماتەوە بێت کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە سەپێندراوە، یان ئەو رسووماتانەی دیکە کە وڵاتانی دیکە وەك ڕێکارێکی تۆڵەسەندنەوە لە بەرامبەر ئەمریکا دەیسەپێنن. کەواتە ئەوەی بەدی دەکەین بریتییە لە ئەگەری لەبەریەکهەڵوەشانی سیستمی بازرگانیی جیهانی.

*** ئەگەر ئەمە دەرئەنجام و ئاکامە خراپ و سلبییەکانی ئەم شێوازی سیاسەتکردنە بێت، مەبەستمان لە بەکارهێنانی پرسی سەپاندنی رسووماتەکانە بۆ ناچارکردنیان بە گۆڕینی سیاسەتەکانیان، ئایا هۆکار و پاڵنەری سەرەکیی پیادەکردنیان چین؟**

- من دەزانم کەسانێکی زۆر هەن کە پێیان وایە

ئەمە سیاسەتێكی زۆر زیانبەخشە، بەڵام بەڕێز ترەمپ هەمیشە خواست و ویستی بەكارهێنانی رسووماتی هەبووە، ئەو كەسێكە كە سیاسەتێكی پارێزگاریكردن پیادە دەكات، واتە باوەڕی وایە دەبێت ئەولەوییەت بدرێت بە بەرهەمهێنەرە ئەمریكییەكان لەسەر حیسابی بەرهەمهێنەرە بیانییەكان، كە بە تێڕوانینی ئەو ئەم كارە لە بەرژەوەندیی ئەمریكادایە. لە هەمان كاتدا سەرۆك ترەمپ خوازیاری ئەوەیە كە سەپاندنی رسوومات وەك چەكێك بەكار بهێنێت، چونكە لە دیدی ئەودا ئەمە هەمیشە دەبێتەهۆی دەستەبەركردنی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا، خۆ ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی هەشتاكان و ئەو نووسینانە بخوێنینەوە كە ئەو نوسیوونی، دەبینین ئاماژە بەوە دەكات كە دەبێت رسوومات بەسەر كاڵاكانی وڵاتی یاباندا بسەپێندرێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە زۆرێك لە راوێژكارەكانی هەڵەن. بە تێڕوانینی من سەپاندنی رسوومات زیان بە بەرهەمهێنەرە ئەمریكییەكان دەگەیەنێت كە پشت بە كاڵای هاوردەكراو دەبەستن، بەڵام سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پێی وایە بەم شێوەیە دەتوانێت هەلی كار بگەڕێنێتەوە بۆ نێو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، بەڵام ئەگەر پرسی خۆپارێزی گرێبدەینەوە بە ئەگەری خۆگۆشەگیركردنی ئابوورییەوە، ئەوا یەكەم، پێم وایە هەوڵدان بۆ ئەوەی هەر وڵاتێك بە ئاراستەیەكدا كار بكات كە پێویستی بە وڵاتانی دیكە نەبێت، ئەوا ئەمە دەرئەنجامی خراپی لێ دەكەوێتەوە، چونكە ئەمە دەبێتەهۆی زیانگەیان بە زۆرێك لەو كرێكار و كارگانەی كە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی كاڵایەكن لە چەند وڵاتێكدا و لە مەودا دووریشدا و تەنانەت ئەگەر كاڵاكە بێتەوە بۆ نێو خودی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، ئەوا ئەو تەكنەلۆژیایەی كە بەكار دەهێنرێن بۆ بەرهەمهێنانی ئەم كاڵایانەی كە پێشتر لە دەرەوە بەرهەم دەهێنران،ئەوا تەكنەلۆژیایەكی بەرزە و لە دەرئەنجامدا كاڵاكانیش زۆر پێشكەوتووتر دەبن و پێویستیان بە كارامەییەكی زیاتر دەبێت لەو كارابییەی كە لەسەرەتاوە بەكارمان دەهێنان. كەواتە ئەگەر ئەم پرۆسەیە سەركەوتووش بێت، ئەم دووبارە بە پیشەسازیكردنەوەیە هاوكار و یارمەتیدەری ئەو كرێكارانە نابێت كە كەوتونەتە دۆخێكی خراپەوە.

*** بەڵام هەندێ كەس بەتایبەتی ئەوانەی لەگەڵ سیاسەتەكانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا هاوڕان، ئاماژە بەوە دەكەن ئەمە شێوازێكی سەركەوتووە كە لەلایەن سەرۆكی ئەمریكاوە پەیڕەو دەكرێت، چونكە ئەوەتا وڵاتێكی وەك مەكسیك ناچار بوو كە بڕیاری گرتنەبەری رێكاری پەیوەست بە سنووردراكردنی كۆچبەران بۆ ئەمریكا بدات، ئەویش دوای ئەوەی ئەمریكا هەڕەشەی زیادكردنی رسووماتی لەسەر كاڵاكانی ئەو وڵاتە كرد، لەم روەوە تێڕوانینی ئێوە چییە؟**

- لە ئێستادا مشتومڕێك هەیە، كە ئایا وڵاتی مەكسیك دەیتوانی زیاتر لەو كارە بكات كە ئێستا بە نیازە ئەنجامی بدات، هەرچۆنێك بێت، بە دید و تێڕوانینی من زیانە جددییەكە ئەوەیە كە ئەم كار و رێكار و سیاسەتانە دەبنەهۆی لاوازكردنی پێشنیار و بیرۆكەكانی ئەمریكا بۆ گەیشتن بە تێگەیشتن و رێككەوتن لەگەڵ وڵاتانی وەك مەكسیك و كەنەدا بۆ ئەوەی لە كۆتاییدا بگەنە رێككەوتنی بازرگانی، كە ئەمەش مومكین نابێت ئەگەر بێتو سەرۆكی ئەمریكا هەست بكات لە پەیوەندی بە سەپاندنی رسووماتەوە هیچ كۆت و بەندێكی لەسەر نییە كە دژ و پێچەوانە بێت لەگەڵ رێككەوتنەكانەدا، لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەمریكا دەیەوێت خۆی بسەپێنێت و خۆی زاڵ بكات، ئەمە هاوشێوەی ئەو حاڵەتەیە كە كاتێك كە منداڵ بووین و لە قوتابخانە بووین، هەندێ قوتابی هەبوون دەیانویست خۆیان بەسەر قوتابییەكاندا زاڵ بكەن، بە بۆچوونی من ئەگەر ئەمریكا لەسەر ئەم رەوتە بەردەوام بێت ئەوا لە مەودای دووردا زیان بە كاریگەری و دەستڕۆیشتوویی خۆی دەگەیەنێت، بۆ نموونە: ئێمە رسووماتمان بەسەر چیندا سەپاندووە، بەڵام لە هەمان كاتدا ئێمە رسوومات بەسەر ئۆتۆمۆبیلەكانی ئەوروپاشدا دەسەپێنین، لە كاتێكدا ئێمە بۆ ئەوەی لەگەڵ وڵاتی چیندا بگەینە رێككەوتن پێویستمان بە هاوكاریی وڵاتانی ئەوروپا دەبێت. خاڵێكی دیكە هەیە كە لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێبكەم كە ئەویش پرسی مسداقییەتە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بێت و لە سەردەمی سەرۆكایەتی دۆناڵد ترەمپ رێككەوتنێك لەگەڵ چیندا بكەین، ئەوا ناكرێت متمانە بە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بكرێت، چونكە هیچ زەمانەتێك نییە كە ئەمریكا بەم رێككەوتنەوە پابەند بێت. یەكێك لە حاڵەتە سەیرەكان ئەوەیە، هەروەك ئەوەی لە ماوەی چەند

**ئەمریكا توانی دۆخێك بخوڵقێنێت كە تێیدا وڵاتە هەژارەكان بتوانن پشت بە بازاڕی كراوە ببەستن، بۆ ئەوەی بتوانن گەشەكردنێكی ئابووری بەدەست بهێنن كە پتر پشت بە هەناردەكردن ببەستێت**

**ترەمپ هەمیشە خواست و ویستی بەكارهێنانی رسووماتی هەبووە و سیاسەتێكی پارێزگاریكردن پیادە دەكات، واتە باوەڕی وایە دەبێت ئەولەوییەت بدرێت بە بەرهەمهێنەرە ئەمریكییەكان لەسەر حیسابی بەرهەمهێنەرە بیانییەكان**

**سەپاندنی رسوومات زیان بە بەرهەمهێنەرە ئەمریكییەكان دەگەیەنێت كە پشت بە كاڵای هاوردەكراو دەبەستن، بەڵام سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پێی وایە بەم شێوەیە دەتوانێت هەلی كار بگەڕێنێتەوە بۆ نێو ئەمریكا**

**ئەمریکا دەیەوێت خۆی بسەپێنێت و خۆی زاڵ بکات، ئەمە هاوشێوەی ئەو حاڵەتەیە کە کاتێک کە منداڵ بووین و لە قوتابخانە بووین، هەندێ قوتابی هەبوون دەیانویست خۆیان بەسەر قوتابییەکاندا زاڵ بکەن**

**ئەگەر بێت و لە سەردەمی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ ڕێککەوتنێک لەگەڵ چیندا بکەین، ئەوا ناکرێت متمانە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکرێت، چونکە هیچ زەمانەتێک نییە کە ئەمریکا بەم ڕێککەوتنەوە پابەند بێت**

**ستراتیژیەتی سەرۆک باراک ئۆباما لە ڕێککەوتنی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا تەنیا بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەبوو، بەڵکو زیادکردنی دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا بوو بۆ فشارخستنەسەر چین، بۆ ئەوەی ناچاری بکات ڕەفتارەکانی بگۆڕێت بۆ ئەوەی لایەنەکانی دیکەش بتوانن بە یەکسانی دەستیان بە بازاڕەکانی ئەو وڵاتە بگات**

هەفتەی رابردودا لەگەڵ مەکسیکدا بینیمان، کە ئێمە ڕێککەوتنێکی نوێمان کرد لەبارەی ڕێککەوتنی نافتاوە، واتە ڕێککەوتن کرا بۆ هەڵگرتنی بەربەستە بازرگانییەکان لە نێوان هەردوو وڵاتەکەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هەستی کرد هیچ ڕێگرییەکی نییە بۆ ئەوەی رسوومات بەکار بهێنێت بۆ چارەسەرکردنی نیگەرانییەکانی پەیوەست بە کۆچبەرانی مەکسیکەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی ئەو ڕێککەوتنەیە، کەواتە ئایا لە واژوکردنی ڕێککەوتنی بازرگانی لەگەڵ ئەمریکادا چ دەستکەوتێك بەدەست دێت؟ کە ئەمەش پرسیارێکە و پێویستە سەرجەم وڵاتان لە خۆیانی بکەن. ئەگەر ئەمریکا پابەند نەبێت بە ڕێککەوتنەکانەوە، ئەوا سوودی ئەنجامدان و واژووکردنی ڕێککەوتنەکان چی دەبن؟ کەوابێت ئەم سەرۆکە ناوبانگی ئەمریکای وەك هاوبەشێکی متمانەپێکراو لەدەست داوە، و چیتر وڵاتان باوەڕیان بەو قسانە نییە کە ئەمریکا دەیانکات.

*** خاڵێکی دیکەی بەرچاو لە سیاسەتی دەرەوەی سەرۆك ترەمپ بریتییە لە خولیای ئەم ئیدارەیە بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنی دووقۆڵی و کشانەوە لە ڕێککەوتنە چەند لایەنەکان، بە تێڕوانینی ئێوە هۆکارەکان بۆ چ شتێك دەگەڕێنەوە ؟**

- من پێم وایە هۆکارەکە ئەوەیە کە کاربەدەستانی کۆشکی سپی پێیان وایە کە دەستکەوتێکی زیاتر بەدەست دەهێنن، چونکە لە ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکان ئەمریکا دەستڕۆیشتوویەکی زیاتری هەیە، بەڵام بۆچوونی من ئەوەیە کە کارێکی باش نییە کە ڕێککەوتنی جیاواز هەبێت لەگەڵ وڵاتە جیاوازەکاندا، چونکە ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە تۆ ناتوانیت هەرزانترین کاڵا بکڕیت، خاڵی دووەم ئەوەیە کاتێك تۆ ڕێککەوتنێکی چەند قۆڵی ئەنجام دەدەیت، ئەوا هەموو لایەنەکان سوودمەند دەبن، بۆ نموونە ئەگەر ڕێککەوتنێکی سێ لایەنە بکرێت، ئەوا من سوود و قازانجێك بەلایەنی سێیەم دەگەیەنم، لایەنی سێیەمیش قازانج بە تۆ دەگەیەنێت و تۆش سوود و قازانج بە من دەگەیەنیت. کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕێککەوتنە چەند لایەنەکان کە زۆرترین وڵات تێیدا بەشدار بن، دەرئەنجامی باشتریان لێبکەوێتەوە. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە سەرۆك باراك ئۆباما هەوڵی دەدا ڕێککەوتنی چەند لایەنی ئەنجام بدات وەك ڕێککەوتنی "Trans-Pacific Partnership" کە ١١ وڵاتی دیکەی لەخۆدەگرت و ئەمەش هەوڵێك بوو بۆ دروستکردنی فشاری زیاتر لەسەر وڵاتی چین، لەبەر ئەوەی چین هەستی دەکرد کە دوورخراوەتەوە لەم ڕێککەوتنە و بەم شێوەیە ئەمریکا کاریگەری و دەستڕۆیشتووییەکی زیاتری بەدەست هێنا لە کاتی گفتوگۆکاندا، واتە ئەگەر بهاتایە بە شێوەیەکی تاکلایەنانە گفتوگۆی لەگەڵ چیندا بکردایە، ئەمریکا ئەم کاریگەری و دەستڕۆیشتووییەی نەدەبوو. کەواتە کاربەدەستانی کۆشکی سپی هەڵەن، تەنانەت ئەگەر پێیان وابێت ئەم ڕێچکەیەی ئەوان هێز و دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا زیاتر دەکات. چونکە ئێمە بینیمان کە نەیانتوانی لە کۆتاییدا گفتوگۆ لەگەڵ مەکسیك بکەن و نەیانتوانی بە شێوەیەکی تاکلایەنانە گفتوگۆ لەگەڵ کەنەدا بکەن، بەڵام ئەوەی توانییان ئەنجامی بدەن دووبارە گفتوگۆ کردن بوو لەسەر ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد. واتە ئەوەی لێرەدا من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە ستراتیژیەتی سەرۆك باراك ئۆباما لە ڕێککەوتنی Trans-Pacific Partnership لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا تەنیا بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەبوو، بەڵکو زیادکردنی دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا بوو بۆ فشار خستنە سەر چین، بۆ ئەوەی ناچاری بکات رەفتارەکانی بگۆڕێت بۆ ئەوەی لایەنەکانی دیکەش بتوانن بە یەکسانی دەستیان بە بازاڕەکانی ئەو وڵاتە بگات. بەڵام سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پێی وایە لە ڕێی ڕێککەوتنی دوو قۆڵییەوە دەتوانێت دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا زیاتر بکات، ئەویش لەبەر ئەوەی لە ڕێککەوتنی دووقۆڵیدا ئەمریکا لە هەر وڵاتێکی دیکە هاوبەشێکی بازرگانیی گەورەترە. بەڵام ڕێککەوتنی دووقۆڵی کەمتر کارایە و مەودایەکی کەمتری هەیە بۆ دەستەبەرکردنی دەستکەوت و بەرژەوەندییەکان. کەواتە لایەنی باشی ڕێککەوتنە چەند قۆڵییەکان ئەوەیە کە ئەگەر هەلومەرجەکە بۆ هەموو هاوبەشە بازرگانییەکان وەك یەك بێت، ئەوا دەتوانین کاڵاکە لەو لایەنە بکڕین کە بە هەرزانترین نرخ دەیفرۆشێت، ئەمەش ڕێگایەکی کارایە بۆ ئەنجامدانی کاری بازرگانی. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر تۆ ڕێسایەکی جیاوازت هەبوو لە پەیوەندی بە هاوبەشە بازرگانییە جیاوازەکانەوە، ئەوا خۆت

لە دۆخێکدا دەبینیتەوە کە ناچار دەبێت کاڵا لەو هاوبەشە بکڕیت کە کاڵاکانی کوالێتییەکی باشیان نییە. لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکان دەبنەهۆی ئەوەی سیستەمەکە پتر ئاڵۆز بێت و پتر دابەشبوون و لێکجیابوونەوە باڵی بەسەردا بکێشێت، لەوە زیاتر بە شێوەیەکی گشتی ئاسانترە کە ڕەزامەندی کۆنگرێس بەدەست بهێنیت بۆ ڕێککەوتنە چەند قۆڵییەکان. واتە کاتێك تۆ گفتوگۆی پەیوەست بە ڕێککەوتنی دوو قۆڵیت دەبێت، ئەوا خەڵکی پتر تەرکیز لەسەر خەسڵەتەکانی وڵاتەکەی دیکە دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی تەنیا ئەم وڵاتە لە پرۆسەکەدا لەبەرامبەرتدا هەیە، بەڵام کاتێك تۆ مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا دەکەیت، کە لە کۆمەڵێك وڵات پێکهاتووە، لەم حاڵەتەدا لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا خەڵکی کەمتر تەرکیز لەسەر پرسە غەیرە بازرگانییەکان دەکەنەوە، کەواتە ئەگەر لە تۆماری کۆنگرێس بڕوانیت، ئەوا ئەو ڕاستیە دەبینیت کە ئاسانتر بووە ڕێککەوتنە چەند قۆڵییەکان تێپەڕێنرێت، چونکە ئەم ڕێککەوتنانە پتر پەیوەستن بە بواری بازرگانییەوە نەك بە خەسڵەتەکانی دیکەی وڵاتێکی دیاریکراوەوە. کەواتە جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە لە کاربەدەستانی ئەمریکا بکەین، ئایا ئەوان چییان کردووە و چ دەرئەنجامێکیان بەدەست هێناوە لە ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکان؟ چونکە ئەگەر ئێمە بە وردی لە ڕێککەوتنە نوێیەکان بڕوانین، ئەوا ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ کۆریای باشووردا واژوویان کردووە، زۆر هاوشێوەی ڕێککەوتنی پێشووە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا، هەروەها ئەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵ مەکسیك و کەنەدا واژوویان کردووە بە ڕاددەیەکی گەورە دووبارەکردنەوەی هەمان ڕێککەوتنەکانی پێشووە لەگەڵ ئەم دوو وڵاتەدا. کەواتە کارەکانی ئەوان دەبنەهۆی لاوازکردنی سیستمی بازرگانیی جیهانی و ئێستاش دەبینین لە دژی بەرهەمەکانی ئەمریکا لە چەند وڵاتی ئاسیادا جیاکاری دەکرێت.

*** ئێوە پێشتریش ئاماژەتان بە شکاندنی ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی کرد لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵام ئێمە دەبینین کە ئەمریکا ڕەخنەیەکی زۆری هەیە لەم ڕێکخراوە و داوا دەکات چاکسازی تێدا بکرێت، ئایا چۆن لە ڕۆڵ و ئایندەی ئەم ڕێکخراوە دەڕوانن؟**

- لە ئێستادا چەند نیگەرانییەکی ڕەوا هەن لەبارەی دەستەی تێهەڵچوونەوەی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و سیستم و میکانیزمی یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان لە چوارچێوەی ئەم ڕێکخراوەدا، بەڵام پێم وایە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی دامەزراوەیەکە کە خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کردووە و بە ڕاددەیەکی گەورەش براوەی زۆرێك لەو کەیسانە بووە کە لە نێو ئەم ڕێکخراوەدا بڕیاریان لەسەر داوە، لە هەمان کاتدا ئەوەمان بەدی کرد کە وڵاتانی دیکە بە ڕاددەیەکی گەورە پابەند بوون بەو بڕیارانەی لە بەرژەوەندی ئەمریکا دەرچوون. کەواتە من باوەڕم وایە کە هەڕەشە دروستکردن لەسەر ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی دەبێتە هۆی لاوازکردنی دەستکەوتێك کە ئەمریکا هەوڵ و کۆششی سەختی بۆ بنیاتنانی کردووە.

*** کەواتە لە ئێستادا دروستە بڵێین کە سەرۆك ترەمپ تەواوی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی گۆڕیوە بۆ سیاسەتێکی بزنسئاسا، بە واتایەکی دیکە وەك پرۆژەیەکی بازرگانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی هەڵدەسووڕێنێت؟**

- بەڵێ، من باوەڕم وایە کە خودی سەرۆك ترەمپ هێزی لۆژیکی گۆڕیوە بۆ لۆژیکی هێز، ئەو پێی وایە دەبێت ئەمریکا ئەو هێزە بەکار بهێنێت کە هەیەتی بۆ ناچارکردنی وڵاتانی دیکە، کە ئەگەر بێت و ئەم فشارکردنە نەبێت، ئەوا ئەو وڵاتانەش ئەم کارانە ئەنجام نادەن. بەڵام بۆچونی من ئەوەیە ئەمریکا بەم کار و سیاسەتانە وڵاتانی دیکە دەخاتە باری دژایەتی و دوژمنایەتییەوە، دواتر دەبێت ئێمە ئەوە بڵێین کە زۆرجار و بە تایبەتی لە بواری بازرگانیدا کە هەردوولا دەتوانن براوە بن، واتە کاری بازرگانی گەمەی سەت و سفر نییە، بەڵام سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بەم شێوەیە لە کاری بازرگانی دەڕوانێت، واتە سەرۆك ترامپ پێی وایە بازرگانیی نێودەوڵەتی گەمەی سەت و سفرە و ئەو هاوسەنگیی بازرگانی بە ململانێ و ڕکابەری دەزانێت، واتە ئەگەر هاتوو لەم هاوسەنگییە بازرگانییەدا ئەمریکا کورتهێنانی هەبوو، ئەوا ئەمریکا لایەنی دۆڕاوە، بەڵام ترەمپ لە ڕووی ئابوورییەوە کەسێکی نەخوێندەوارە، چونکە ئێمە دەتوانین هێندەی هەناردەکردن قازانج لە هاوردەکردن بکەین.

**سەرۆک دۆناڵد ترەمپ پێی وایە لە ڕێی ڕێککەوتنی دووقۆڵییەوە دەتوانێت دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا زیاتر بکات، ئەویش لەبەر ئەوەی لە ڕێککەوتنی دووقۆڵیدا ئەمریکا لە هەر وڵاتێکی دیکە هاوبەشێکی بازرگانیی گەورەترە**

**ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی دامەزراوەیەکە کە خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کردووە و بە ڕاددەیەکی گەورەش براوەی زۆرێک لەو کەیسانە بووە کە لە نێو ئەم ڕێکخراوەدا بڕیاریان لەسەر داوە**

**سەرۆک ترەمپ هێزی لۆژیکی گۆڕیوە بۆ لۆژیکی هێز، ئەو پێی وایە دەبێت ئەمریکا ئەو هێزە بەکار بهێنێت کە هەیەتی بۆ ناچارکردنی وڵاتانی دیکە، کە ئەگەر بێت و ئەم فشارکردنە نەبێت، ئەوا ئەو وڵاتانەش ئەم کارانە ئەنجام نادەن**